


گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم


# بونیادنانی ژێرخانی حوکمڕانیی باش

# لەناو گێژاوی هەڕەشە و ئالنگارییەکاندا

# لە بری سارێژکردنی زام و برینەکان هاتن نانی گەلی کوردستانیان بڕی

١١٨




لە مانگی شوباتی ٢٠١٤دا، بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە بڕدرا. دوای بڕینی بەشەبودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، شاندێکی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستن، نێچیرڤان بارزانی و عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکوەزیران و دکتۆر فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان، سەردانی ئانکارایان کرد بە مەبەستی تاوتوێکردن و گفتوگۆ لەسەر پرسی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا. بە سوپاسەوە ئەردۆگان حکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد بۆ ئاسانکاری و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لەپێناو هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستاندا. دوای بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە بوو کە هەرێمی کوردستان دەستی بە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتەکەی کرد، نەک بە لە بڕینی بودجە. هەر چەندە ماوەیەکی زۆر بوو هەموو ئاسانکارییەک هەبوو کە خۆمان نەوت هەناردە بکەین، بەڵام هەرێمی کوردستان چاوەڕێ بوو و هەوڵی دا لەگەڵ بەغدا بگەنە لێک تێگەیشتن و ڕێککەوتن، یان یاسای نەوت و غاز پەسەند بکرێت، بەڵام حوسێن شەهرستانی سەرکردایەتیی شیعەکانی هێنابووە سەر ئەو باوەڕە کە کورد توانا و دەسەڵاتی ئەوەیان نییە نەوت دەربێنن و هەناردەی بکەن.

لایەنە ئیسلامییەکانی شیعە، کارتی بودجەیان کردە شیرێکی ڕووسی بە دەستییانەوە و، ناو بە ناو لە کوردیان هەڵدەکێشا و هەموو بەڵێن و ڕێککەوتننامەکانیان بیر چووەوە. هەروەها هەموو سەرۆکوەزیرەکانی دوای مالیکییش هاتن لەسەر هەمان ڕێچکەی دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان بەردەوام بوون.

هەڵسوکەوت و قسە و بەیاننامەکانیان گەیشتنە ئاستی سووکایەتیکردن بە کورد. زۆر جار لەسەر شاشەی تیڤییەکان، یان لەناو هۆڵی پەرلەمان کەسێکیان دەردەکەوت و قسەی دەکرد و ڕایدەگەیاند کە کورد هەوڵ دەدەن مافی ئێمە بخۆن و مافی خۆیشیان بۆ خۆیان بێت. لەبری ئەوەی هەوڵ بدرێت زام و برینەکانی میللەتی کورد سارێژ بکەنەوە و گەلی کوردستان قەرەبوو بکەنەوە، هاتن نانی گەلی کوردستانیان بڕی.

# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤١٧)- (١٠)ی حوزەیرانی ٢٠٢٤



د. ئاگرین عەبدوڵڵا


بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن:


# لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ٤٤٠ پڕۆژە بە گوژمەی زیاتر لە ٩١٢ ملیار دینار جێبەجێ کراون



## لەم کابینەیەدا ٦٥ پڕۆژەی گەورە بە تێچووی ٨٨٣ ملیار دینار جێبەجێ کراون

## ڕێگەی سەرەکیی دەربەندیخان - کەلار و پردەکانی لە کۆتایی ئەمساڵدا تەواو دەبن




( ئامێدی -عەمادیە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ١٢٢٦- ١٣٣٨ کۆچی، ١٨١١ -١٩٢٠ زایینی ) بەرگی شازدە، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی د. نەوزاد یەحیا باجگر و وەرگێڕانی ئاشتی ڕەحمان چاپکراوە و کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە.

ئەم کتێبە یاس لە مێژووی دێرینی شاری ئامێدی دەکات، پێش هاتنی ئاینی ئیسلام کە ئەم شارە هەبووە و لەسەردەمی عوسمانییەکان پایتەختی میرنشینی بادینان بووە، ئەم شارە لە ڕووی سیاسییەوە جگە لە کێشەی نەستووری و ئیسلامەکان، زیاتر کێشەی عەشیرەتی تێدا زاڵ بووە بەسەر کێشەکانی دیکەدا، لە بەڵگەنامەکاندا باسکراوە کە چەندین عەشیرەتی تێدا بووە، کە بە گوتەی نووسەر زۆر کەڵلە ڕەق بوونە، واتە گوێڕایەڵی کەس نین، لەلای ئەوان قسەی دەوڵەت ناخوات، بەڵکو ملکەچی شێخ یان سەیدەکانن، ئەمەش کاریگەریی لەسەر سەقامگیریی سیاسی و ئاسایشی ناوچەکە کردووە.

لە کتێبەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە ڕووی کارگێڕییەوە ئەم شارە لە مێژووە جیاوازەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، هەندێك جار سنجەق و هەندێك جاریش بۆتە قەزا، هەر چەندە ئەم شارە کەوتۆتە باکووری کوردستانی عێراق، بەڵام لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە ڕووی جوگرافییەوە کەوتبووە نێوان ویلایەتەکانی وان و مووسڵ، هەندێك کات سەر بە وان بووە، هەندێك کاتیش سەر بە ویلایەتەکانی بەغداد و مووسڵ بووە.

زیاتر لە هەزار بەڵگە لەسەر ئامێدی(عەمادیە) هەیە، بەڵام زۆربەیان دووبارەن و هەمان بابەتن، ئەم شارە ئەوەندە لە ڕووی سیاسییەوە گرنگ و بە بایەخ بووە لە ڕووی بازرگانییەوە گرنگ نەبووە، چونکە نەکەوتبووە سەر ڕێگای بازرگانی، هەر وەك لە بەڵگەنامەکانیشدا باس کراوە، حکومەت زیاتر بایەخی بە لایەنی سیاسی داوە و ئاماژەی پێ کردووە لە ڕووی بازرگانییەوە گرنگ نییە.

ئەم کتێبە شازدەمین بەرگی زنجیرە کتێبەکانی تایبەت بە بەڵگەنامەکانی عوسمانییە زیاتر لە ٣٠٠ بەڵگەی وەرگێڕدراوە.. دەست خۆش بۆ ئامادەکار و پێشکەشکار د. نەوزاد یەحیا باجگر و وەرگێڕەکەی ئاشتی ڕەحمان.




(پەڕە پێچراوەکان) ناونیشانی کتێبێکی تازە چاپکراوە لە نووسینی نووسەر و ڕۆژنامەنووس (فەیسەڵ دەباغ)، ئەم کتێبە (٢١٥) لاپەڕەیە، (٥٠) بابەتی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت(ئایینی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، هونەری و ئەدەبی)، نووسەر لە پێشەکییەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە لەوانەیە هەندێك لەو بابەتانە لەم دۆخەی ئەمڕۆدا شیاوی بڵاوکردنەوە نەبن، هەتا کۆمەڵێك دۆست و برادەر ئامۆژگارییان کردووە کە بڵاویان نەکاتەوە، یان بۆ دەرفەتێکی دیکە هەڵیانبگرێت، بەڵام بە قسەی هیچ یەکێکیانی نەکردووە و بڕیاری بڵاوکردنەوەیانی داوە.

فەیسەڵ دەباغ لە نووسینی ئەم بابەتانەدا هەوڵی داوە زۆر بە وردی و وشیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و زانیاری و بۆچوونەکان بە زمانێکی ڕاستەوخۆ و ڕوون بگوازێتەوە. ئەمە سەرەڕای پابەندبوون بە گشت پرەنسیپە پیشەییەکان لە ڕاستگۆیی و بابەتیانە و بێ پەڵەییانە، هەروەها دەڵێت: ئێمە لە سەردەمی خواردنی خێرا و بیری کورتکراوەداین و لە سەردەمی هەلیت و پلیتداین کە هەندێ کەس بە (توویت) ناوی دەبەن. ئاماژە بەوەش دەکات کە بەر لە ئێمە بە چەند سەدەیەك ئەبو حەیان ئەلتەوحیدی و ئیخوان ئەلسەفا لە ئەدەبدا ئەم هەلیت و پلیتەیان هەبووە، بە واتای ڕستەی پڕ واتا و ئاراستەکراو و کورتکراو کە لە ئەدەبی جیهانیشدا هەبووە، لەم سەردەمەی ئێمەشدا ئەو دیاردەیە سەری هەڵداوەتەوە و پێی دەگوترێت کەلچەری گەیاندن، واتە ئەوەی دەتەوێت بیڵێی، بیڵێ بەڵام بەکورتی. بۆیە بابەتەکانی کتێبی (پەڕە پێچراوەکان) لە چوارچێوەی ئەم بیرۆکەیە دەخوولێنەوە.


دانەیەك لەم کتێبە گەیشتۆتە گۆڤاری گوڵان، وێڕای دەستخۆشیمان لە ڕۆژنامەنووس و نووسەر کاك فەیسەڵ دەباغ، هیوای بەردەوامی و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازین.

## سەربەست ئامێدی :



**لابردن و دەستکاریکردنی کۆتای پێکهاتەکان گەورەترین ئاستەنگی بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان درووست کردووە**

## میدیا سەلاح یابا :



**وەبەرهێنان و فرەچەشنکردنی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە کەرتێکی پێشکەوتووی بانکی هەیە**

## پ. ی. دکتۆر حەمید باقی:



**دڤیا کادر و ئەندامێن پارتێن ئیسلامیش چووبانە د سەنگەرێن شەری دا و بەرەڤانی ژ کوردستانێ و میللەتی کربا**

## پرۆفیسۆر ئولریک بروکنەر :



**سیستمی جیهانی ڕەنگدانەوەی هەلومەرجە نێودەوڵەتییەکە نییە**




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار رەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

زەینەب موراد فەیلی :



## پێویستە بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی جینۆسایدی کوردی فەیلی لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی بکرێت

ڕاوێژکاری یاسایی حاجی عیزەدین:



## یاسا بە تەنیا ناتوانێت کۆتایی بە توندوتیژی بهێنێت، بەڵکو گرنگە وشیاریی کۆمەڵگە بوونی هەبێت

## ماوسێک لە ژیریی دەستکرد سوود وەردەگرێت



## چۆن خۆت لە نەخۆشیی دڵ و خوێنبەرەکان دەپارێزیت؟



فاتیما ئەلجبیع :

## هیوادارم بتوانم فیلمێکی دیکیۆمێنتاری لەسەر کولتووری کوردی بەرهەم بهێنم



لونا مەریوان :

## کاتێ کە هاوکاری ناکرێم چۆن بتوانم تیپ دروست بکەم





# یاسای باری کەسی و مافی کریستیانەکان

## لە تێڕوانینی ئایینی ئیسلامدا





**د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئاییینی ئیسلامیی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕۆژی ٢٧ی٥ی٢٠٢٤ لە شاری هەولێر سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە میانی وتارێکیدا لە «کۆنگرەی یاسای باری کەسی بۆ کریستیانەکان لە عێراقدا» ڕووی لە یەکێتیی زانایانی ئاییینی ئیسلامیی کوردستان کرد و وتی: «داوا لە یەکێتیی زانایانی ئاییینی ئیسلامیی کوردستان و هەموو زانایان و پیاوانیی ئاییینیی بەڕێز لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی دەکەم، هاوکار بن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بەهۆی نادروستیی لێکدانەوە و جێبەجێکردنی یاساکان لە ڕوانگەی ئاییینی ئیسلامەوە، ڕووبەڕووی مەسیحییەکان دەبنەوە». وتیشی: «یەکێك لە بنەما دیارەکانی ئاییینی ئیسلام ئەوەیە، بە زۆر ئایین بە سەر کەسانی دیکە نەسەپێنرێت. دڵنیام ئێوە هاوکارێکی زۆر باش دەبن، چونکە ئێوەی پیاوانی بەڕێزی ئاییینی ئیسلام، هاوکارو پارێزەری بەهێزن بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە هەرێمی کوردستان و لە عێراق. لێرەدا دەمەوێ سوپاسی یەکێتیی زانایانی ئاییینی ئیسلامیی کوردستان بکەم کە لە هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی عێراق لە هەرێمی کوردستان و لە پرسی میراتدا هاوکار بوون».

لە ڕاستیدا ئەم پرسە لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە خستنەڕووی ڕوانگە و هەڵوێستی ئیسلام هەیە، بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە لە وڵاتێکی فرە ئایین و نەتەوە؛ چۆن یاساکان ڕێك دەخرێت و بە کام پێوەر بنەماکانی دادەڕێژرێن؟ ئەگەرچی زانایانی ئاییینی دریغیان نەکردووە و هەوڵی زۆریان داوە بۆ ئەوەی تێگەیشتنی دروستی ئاییینی لەمەڕ ماف و تایبەتمەندی پێکهاتەکان بۆ خەڵك شی بکەنەوە و قەناعەت بۆ ڕای گشتی دروست بکەن، بەوەی یەکێ لە مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلام پاراستنی زەرووریاتەکانی وەك ئایین و ژیان و وەچە و نامووس و عەقڵ و سامانە، کە دواجار سەلامەتیی ئەوانە فاکتەری دەستەبەری ماف و کەرامەتی هەر تاکێکە لەناو کۆمەڵگەدا.

باشترین سەرچاوەو بنەما بۆ تێگەیشتن لەم پرسە گەڕانەوەیە بۆ دەستووری مەدینە، کاتێك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دوای کۆچکردنی لە مەککەوە بەرەو مەدینە، یەکێ لەو هەنگاوە سەرەکی و گەورانەی کاری لەسەر

**زانایانی ئاییینی دریغیان نەکردووە و هەوڵی زۆریان داوە بۆ ئەوەی تێگەیشتنی دروستی ئاییینی لەمەڕ ماف و تایبەتمەندیی پێکهاتەکان بۆ خەڵک شی بکەنەوە و قەناعەت بۆ ڕای گشتی دروست بکەن**

**پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دوای کۆچکردنی لە مەککەوە بەرەو مەدینە، یەکێ لەو هەنگاوە سەرەکی و گەورانەی کاری لەسەر کرد، دانان و نووسینەوەی دەستوور بوو**

**وەسیقەی مەدینە بەپێی بۆچوونی شەرعزان و شارەزایانی مێژوو، یەکێکە لە شانازییە دیارەکانی شارستانیەتی ئیسلامی، کە ئامانجی سەرەکی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان تائیفە و پێکهاتەکانی مەدینە بوو**

**تایبەتمەندیی هەرە گرنگی دەستووری مەدینە لەوەدایە (هاووڵاتی) چەق و پێوەر و (پێکەوەژیان)یش ئامانجێکی ڕوونی دارشتن و ناوەرۆکەکەی بووە**

**لە ڕووی شەرعی و ئینسانی و لێکەوتەی دادپەروەری ئەرکە لە کاتی پێویست مرۆڤ بەهانای دۆست و دراوسێی بچێت، هەروەها کۆمەڵگەی موسڵمان لەسەری پێویستە لە کاتی تەنگانە بە هانای لێقەوماوان بچێت بێ جیاوازیی ئایین و نەتەوەو ڕەنگ و ڕەگەز**

**دینداری بە زۆر نابێت بکرێت و دین بە زۆر نادرێت بەسەر کەسدا- ئەمە ئاماژەیە بەوەی هەر کەس ئایینی خۆی پارێزراو بێت**

کرد، دانان و نووسینەوەی دەستوور بوو، بۆ ئەوەی ببێتە پەیماننامەیەك بۆ ڕێکخستنی کاروباری هاووڵاتیان و پاراستنی مافی پێکهاتەکان و سەقامگیری و ئاشتی لە کۆمەڵگە، لێرەوە تێدەگەین ئەم دەستوورە چۆن ڕەچاوی تایبەتمەندیی پێکهاتەکانی کردووە و مافی داوەتە هەموویان هاوشێوەی ئەو مافانەی موسڵمانان هەیانە، لە هەمان کات ئەو دەستوورە ئاماژەیە بەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگر نییە بۆ دانانی دەستوورو یاسا بۆ هەر وڵات و هەرێمێك، بەو پێیەی هاوکار و پاڵپشت دەبێت لە ڕێکخستنی کاروباری ژیان و شێوەی حوکم و مافی هاووڵاتی، کە ئەمە خواست و ئامانجی شەریعەتە لە پێناو خزمەتی شارستانیەت و مرۆڤایەتی.

وەسیقەی مەدینە بەپێی بۆچوونی شەرعزان و شارەزایانی مێژوو، یەکێکە لە شانازییە دیارەکانی شارستانیەتی ئیسلامی، کە ئامانجی سەرەکی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان تائیفە و پێکهاتەکانی مەدینە بوو، لەسەر بنەمای ئازادیی بیروباوەڕ و مومارەسەی دروشمی ئایینی و بەرجەستەکردنی یەکسانی و دادپەروەری و دیارکردنی ئەرك و مافی هاووڵاتی، کە دوای چواردە سەدە ئێستاشی لەگەڵ بێت، ئەم پەیماننامەیە بە زیندوویی ماوەتەوە و، بووەتە بنەما و سەرچاوەیەکی گەورەی نووسینەوەی ڕێککەوتن و دەستووری وڵاتان و بناغەی مافی هاووڵاتیبوون لە جیهای ئیسلامی، چونکە تایبەتمەندیی هەرە گرنگی دەستووری مەدینە لەوەدایە (هاووڵاتی) چەق و پێوەر و (پێکەوەژیان)یش ئامانجێکی ڕوونی دارشتن و ناوەرۆکەکەی بووە، واتە تەنیا بۆ لایەنێك یان فیئەیەکی دیاریکراو نەنووسراوەتەوە، بەڵکو لە پێناو هەموو دانیشتووان دارێژدراوە، بە جیاوازیی بیروباوەڕ و بۆچوون و تائیفە و ئایینەوە.

پاڵپشت بە بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە و ڕوانین لە واتای گشتی و فراوانی بنچینە شەرعییەکانی ئایینی ئیسلام، دەبینین لە سێ لاوە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی پەیوەندیی نێوان موسڵمان و ناموسڵمان خۆی لە چەند بنەمایەك دەبینێتەوە:

یەکەم: پەیڕەوکردنی بنەمای دادپەروەری و ڕەچاوکردنی مافی هاووڵاتیبوون و مرۆڤبوون. خوای گەورە دەفەرموێ: (لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ) الممتحنة:٨. بەپێی ئەم ئایەتە مامەڵە و پەیوەندیی نێوان موسڵمانان بە ناموسڵمانانەوە پەیوەستە بە بەجێبەجێکردنی بنەمای گرنگی «دادپەروەری»، واتە: پێدانی ماف بە هەموو خاوەن مافێك (إعطاء كل ذي حق حقه)، هەرچەندە کۆمەڵگە فرە پێکهاتە و ئایین بێت، پێویستە لەسەر موسڵمانان پەیوەندیی خۆیان لەسەر ئەم بنەمایە دابمەزرێنن، کەواتە مادام لە ڕووی شەرعی و ئینسانی و لێکەوتەی دادپەروەری ئەرکە لە کاتی پێویست مرۆڤ بەهانای دۆست و دراوسێی بچێت، هەروەها کۆمەڵگەی موسڵمان لەسەری پێویستە لە کاتی تەنگانە بە هانای لێقەوماوان بچێت بێ جیاوازیی ئایین و نەتەوەو ڕەنگ و ڕەگەز، بە هەمان شێوە ئەرکیشە بۆ چەسپاندنی دادپەروەری ماف بە ناموسڵمان بدات، یاسای خۆی هەبێت بۆ ڕاییکردن و مامەڵەی ڕێکخستنی کاروبارە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵگە، چونکە ئەمە هەنگاوێکە زەمینەی چاك ڕەفتاری -الإحسان- خۆش دەکات.

دووەم: ددانان بەوەی زۆرکردن لە ئایین نییە؛ ئەمەش بنەمایەکی گرنگە و قورئانی پیرۆز جەختی لێ کردووەتەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: (إعطاء كل ذي حق حقه) البقرة:٢٥٦. واتە: بە هیچ جۆریك زۆر کردن نییە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام - دینداری بە زۆر نابێت بکرێت و دین بە زۆر نادرێت بەسەر کەسدا- ئەمە ئاماژەیە بەوەی هەر کەس ئایینی خۆی پارێزراو بێت، کەس مافی بە زۆر سەپاندنی ئایین بەسەر کەسێك و دارنینی ئایین لە سەر کەسێکی دیکەی نییە. ئیمامی تەبەری دەڵێت: ئەم ئایەتە لەبارەی ئەوانەوە هاتووەتە خوارەوە کە دەیانویست بە زۆر ئایینی ئیسلام بەسەر منداڵی جوو بسەپێنن. کەواتە ئایینی ئیسلام کە ڕێگە نادات بە زۆر ئایین وەك بیر و باوەڕ بەسەر ناموسڵمانان بسەپێت، ئەی چۆن دەکرێ یاسای باری کەسیی موسڵمانان بە زۆر فەرز بکات بە سەر کەسانی ناموسڵمان، یان چۆن ڕێگە دەگرێت لەوەی پەیڕەوی ئایینە

ئاسمانییەکانی دیکە یاسای تایبەت بە خۆیان هەبێت لە ڕێکخستنەوەی بواری کەسی و کاروبارە خێزانییەکانەوە، بە واتایەکی دی لەبەر ئەوەی ئایینی ئیسلام بە زۆر سەپاندنی لە ڕووی دینیەوە قەبووڵ نییە، بە دڵنیاییەوە هەموو جۆرە بە زۆر سەپاندنێکی کاروبارەکانی کۆمەڵایەتییش ڕەت دەکاتەوە.

سێیەم: هەمووان لە ئەرك و ماف یەکسانن- (لهم ما لنا وعليهم ما علينا)؛ یەکێ لەو ڕێسا و چوارچێوە گرنگانەی لە فەرموودە و فیقهی ئیسلامی و پەیمانی مەدینە زۆر جەختی لێ کراوەتەوە، ئەو یاسا گرنگە بەرکارە ئایینییەیە، کە بە درێژایی مێژووی موسڵمانان ددان بە بوونی یەکسانی لە نێوان هەموو پێکهاتەکان دادەنێت، واتە لە ڕووی ماف و تایبەتمەندیی و ئەرك و ئازادییەوە هەر چییەك بۆ موسڵمانان پێویست بێت، بە هەمان شێوە بۆ ئەهلی کیتاب ئەرك و مافە و پێویستە هەیان بێت. ئەمە ئاماژەیە بەوەی موسڵمان و ناموسڵمان لە هەموو ماف و ئیمتیازێك یەکسانن، جگە لەو ئەرك و مافانەی پەیوەستن بە خودی دینەوە، ئەمەش وەك ئایین و بیر و باوەڕ شتێکی ئاساییە، چونکە ناکرێ تۆ شتێك لەسەر کەسێك فەرز بکەیت، کە کاتێکدا بڕوای پێ نەبێت، بەڵام ڕێزگرتن لە عەقیدە و بۆچوونی بەرانبەر هەرچەند پەسەندیش نەبێت، یان جیاواز بێت، خواستێکی ئایینییە، چونکە قەبووڵکردنی بەرانبەر و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بنەمایەکی گرنگی قورئانییە و پێویستە بەر لە هەر کەس موسڵمان پێی پابەند بێت.

سەرەڕای لێبوردەیی و میانڕەوی و ڕێنماییەکانی ئیسلام لە بایەخ پێدانی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە، بەدەر لە جیاوازیی ئایین هەمووان لە مرۆڤبووندا برای یەکترین، هەر هەنگاوێکیش بێتە هۆی پاراستنی ئەو برایەتی و تەباییە، ئیسلام پێشوازی لێ دەکات و بگرە بە کارێکی مرۆیی گەورەشی دەزانێت، ئەمە لە چەند وێستگەیەکی ژیانی موسڵمانانیش بە کردەیی پەیڕەو کراوە، وەك لە سەرچاوە مێژووییەکان هاتووە، کاتێ خۆی سەلاحەددینی ئەیوبی فەتحی قودسی کرد و بنکەی دەسەڵات و ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی خەڵکی دامەزراند، وەك یەکێ لە فاکتەرکانی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی ڕەچاوی تایبەتمەندیی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەکەی کرد، چونکە ئەو کات تەنیا موسڵمان لە قودس نەبوون، بەڵکو مەسیحی و جووشی تێدا دەژیان، بۆیە قازی و دادوەری تایبەتی بۆ دەستنیشان کردن، بۆ ئەوەی بتوانن بە پێی ڕێنمایی خۆیان کارەکانیان ڕاپەڕێنن.

فیقهی ئیسلامی وەك تێگەیشتنی گەورە زانایان و هەڵکردن لەگەڵ پێشهات و بابەتە هاوچەرخەکان بە دیوێکی فراوان لە قەزیەکە دەڕوانێت. فوقەهای ئیسلام تەنیا لە گۆشە نیگای یەکسانی لە بەرانبەر ماف و هەندێ ئەرکدا سەیری بابەتەکە ناکەن، بەڵکو سەرەڕای بابەتی «یەکسانی» مافی ڕاستەوخۆی بەکارهێنانی هەندێ شت کە قەدەغەیە لە ئیسلامدا، داوەتە ناموسڵمانان بۆ خۆیان بەکاری بێنن، چونکە ئایینی ئەوان ڕێی پێداون، ئەم کارە بکەن، بۆ نموونە: خواردنەوەی ئارەق و بەخێوکردن و ڕاگرتن و بەکارهێنانی بەراز لە شەریعەتی ئیسلام ڕێگەپێدراو نییە، بەڵام بۆ ناموسڵمانان بەپێی ئایینی خۆیان ڕێگەیان پێ دراوە، ئیدی ئەگەر کەسێك بەراز، یان ئارەقی کەسێکی غەیرە موسڵمانی زایەع کرد و زیانی پێگەیاندن، ئەوە دەبێ بە پێی خەمڵاندنی زیانەکە غەرامە بکرێت، وەك لە سەرچاوەکان هاتووە: «ويضمن المسلم قيمة خمره وخنزيره إذ أتلفه».

لەم سۆنگەوە تێدەگەین، کە شەریعەتی ئیسلام ستراتیژ و بنەما و وێنایەکی نموونەیی لە پەیوەندیی نێوان موسڵمان و ناموسڵمان دیاری کردووە، کە دەستەبەری تەواوی مافەکانی خەڵکی ناموسڵمانان دەکات و ئاستی پەیوەندیی نێوانیان لە ڕووی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون و پێکەوەژیان لەبەر چاو دەگرێت، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە بنەما و ڕێسا فیقهییەکان هیچ ڕێگرییەکیان نییە لەوەی کریستیانەکان بەپێی ڕێنمایی ئایینی خۆیان بۆ ڕێکخستن و ڕاییکردنی کاروباری کەسی، یاسای تایبەت بە خۆیان هەبێت، چونکە ئەگەر قەناعەت بە فرەیی و ئازادی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان بەشێکی ئایینی ئیسلام بێت، ناکرێ ڕێگە بەوە نەدرێت، پەیڕەوانی ئاینێکی دیکە یاسای تایبەت بە خۆیان نەبێت.

**ڕێزگرتن لە عەقیدە و بۆچوونی بەرانبەر هەرچەند پەسەندیش نەبێت، یان جیاواز بێت، خواستێکی ئایینییە، چونکە قەبووڵکردنی بەرانبەر و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بنەمایەکی گرنگی قورئانییە و پێویستە بەر لە هەر کەس موسڵمان پێی پابەند بێت**

**شەریعەتی ئیسلام ستراتیژ و بنەما و وێنایەکی نموونەیی لە پەیوەندیی نێوان موسڵمان و ناموسڵمان دیاری کردووە، کە دەستەبەری تەواوی مافەکانی خەڵکی ناموسڵمانان دەکات**

**بنەما و ڕێسا فیقهییەکان هیچ ڕێگرییەکیان نییە لەوەی کریستیانەکان بەپێی ڕێنمایی ئایینی خۆیان بۆ ڕێکخستن و ڕاییکردنی کاروباری کەسی، یاسای تایبەت بە خۆیان هەبێت**

# بونیادنانی ژێرخانی حوکمڕانیی باش

# لەناو گێژاوی هەڕەشە و ئالنگارییەکاندا



لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ ئۆرگانێکی سەربەخۆ بە ناوی «بازنەی گفتوگۆ» لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەست بەکاربوو، بۆ ئەوەی هەموو مانگێک لەگەڵ کۆمەڵێک دەستەبژێری نیشتمانپەروەری پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان و دەستەبژێری پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە هەردوو پێکهاتەی (عەرەبی شیعە و سوننە)، گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەسەر «کێشەکانی خەڵک، پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، سەروەریی یاسا، ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، کێشەکانی گەنجان و پشتگوێخستنی توانا و لێهاتوویی ئافرەتان لە کایەی سیاسی و حوکمڕانی و...هتد»، ئەنجام بدەین. لە ماوەی ئەم ساڵ و نیوەدا، ئەم بازنەیە ١٧ گفتوگۆی جددی و کراوەی ئەنجام داوە. پوختەی ئەم گفتوگۆیانە هەر هەموویان مانگانە لە گۆڤاری گوڵان بڵاو کراونەتەوە و پاشانیش هەر شەش مانگ جارێک ئەم گفتوگۆیانە بە دوو کتێب بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی، لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا پێشکەش کراون. هەتا ئێستا دوو کتێب بە ناونیشانەکانی «گفتوگۆ لەگەڵ ناڕەزایی خەڵک» و «ئالنگارییەکانی بەردەم ئاسایشی نیشتمانی» کەوتوونەتە بەردەستی خوێنەران و کتێبی سێیەمیش لە داهاتوودا دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

لەم ١٧ گفتوگۆیە کە زیاتر لە ٢٠٠ دەستەبژێری عێراقی و کوردستانی و بە هەزاران پسپۆڕ و هاووڵاتی بە ڕێگەی ڕاپرسی و ڕاپۆرتە مەیدانییەکان بەشدارییان تێدا کردووە، هەڕەشە و ئالنگارییەکانی بەردەم کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دەستنیشان کردووە، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین. «حزبە سیاسییەکانی کوردستان هەماهەنگ و هاریکار نین لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، شەڕێکی ئابووریی سەخت لەلایەن حکومەتی بەغداوە دژی هەرێم دەکرێت، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بە شێوەیەکی سیاسییانە بەئامانجگرتنی ژێرخانی ئابووریی کوردستانە، لەلایەن دەوڵەتانی ئیقلیمی و هێزە لە یاسا دەرچووەکان بوونی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە ئامانج گیراوە، دەستوور بە شێوازێکی جیاواز تەفسیر دەکرێت و مامەڵەی هەرێمێکی فیدراڵی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناکرێت، وێڕای پێکهێنانی حکومەتێکی تازە لە بەغدا و پەسەندکردنی پرۆگرامی وەزاری لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، بەڵام هێشتا کێشە بۆ پشکی کوردستان و مووچەخۆرانی دروست دەکرێت و.. هتد». وێڕای ئەم هەموو کێشە و ئالنگارییانە و پێشتریش بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت بۆ خوار سفر، بەڵام وەک دەبینین کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گوتی «کابینەیەکی خۆڕاگرە»، ئەمەش نەک هەر توانیویەتی لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ، بەڵکو ژێرخانی ئابووری و سێکتەرە جیاوازەکانی خزمەتگوزاری بردووەتە قۆناغێکی جیاواز و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش پرۆژەی گەورەی ستراتیژی دەکاتەوە و بەردی بناخەش بۆ چەندی دیکە دادەنێت».

بازنەی گفتوگۆ

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پ.د.ک

## ■ حوکمڕانیی باش
## ڕاستگۆیی و گوێگرتن لە خواستەکانی خەڵك

لی کوان یو، سەرۆکی کۆچکردووی سەنگافورا لە کتێبی «چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورا لە جیهانی سێیەمەوە بۆ جیهانی یەکەم»، ئاماژە بەوە دەکات، کە پێش هەموو شت ئەم سەرۆکە بیری لەوە کردووەتەوە «کام سیستمی حوکمڕانی» پیادە بکات، بۆ ئەوەی گەلەکەی ئاسوودە بکات و بتوانێت خزمەتگوزاریی شایستەی پێشکەش بکات. لەمبارەیەوە دەڵێت: «ویستم لاسایی سیستمی حوکمڕانیی هۆنگ کۆنك بکەمەوە، وەك نموونەیەکی سیستمی سەرمایەداری و دیموکراتی، بەڵام بۆم دەرکەوت گەلەکەم دەبێت باجێکی زۆر بدات و بەرگەی ناگرن، بۆیە هەوڵم دا لاسایی نموونەی سیستەمەکانی باکووری ئەورووپای ئەسکەندەناڤی بکەمەوە و پەیڕەوی سیستمی پێدانی «سۆشیال» بکەم، دیسان بۆم دەرکەوت، پێدانی «سۆشیال» گەلەکەم تەمەڵ دەکات، بۆیە بڕیارم دا، خۆم کتێبی ئاوەدانکردنەوەی سەنگافورا و سیستەمە سیاسی و حوکمڕانییە تایبەت»ەکەی بنووسمەوە.

لی کوان یو، لەم قسانەیدا باسی ساڵی ١٩٦٥ دەکات، کە پەرلەمانی مالیزیا بە فەرمی سەنگافورای لە خۆی دابڕاند. ئەوکات سەنگافورا وەك هەرێمێکی دەوڵەتی فیدراڵیی مالیزیا هیچ ژێرخانێکی نەبوو. گەلێکی پەرتەوازەی هەبوو. دوژمنانی ناوخۆ لە دوژمنانی دەرەکی بەرانبەر بە ئایندەی دەوڵەتەکەی خۆیان زاڵمتر بوون، بۆیە لەناو ئەو شەوە زەنگەی نەتەوەدا «لی کوان یو» توانی پەنجەرەی ئومێد بۆ نەتەوەکەی بکاتەوە، بە شێوازێك کە هلمۆت کۆل «بسمارکی دووەم» ئەندازیاری یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا بڵێت: «لی کوان یو هونەرێکی تازەی دەوڵەتمەداری فێر کردین».

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر ڕووەوە لە سەرەتای دەستپێکی دووبارە بونیادنانەوەی سەنگافورا دەچێت. لەبەر ئەوەی ئەم کابینەیە بەرهەمی یەکەم هەڵبژاردنی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧یە کە لەلایەن دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقەوە هەوڵ درا، دووبارە بە هێزی سەربازی هەرێمی کوردستان داگیر بکرێتەوە.

لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، دیمەنە دیارەکانی ژینگەی سیاسی و پرۆسەی حوکمڕانی گەیشتبووە ئەم ئاستە:

■ بە ڕێژەی ٥١٪ی خاکی کوردستان لەلایەن هێزە سەربازییەکانی عێراق داگیر کرایەوە.

■ پەرلەمانی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق بە چەندین بڕیاری فەرمی سزای هەرێمی کوردستانی دا، لەوانە «دانانی گەمارۆیەکی توندی ئابووری، داخستنی ئاسمان بە ڕووی فڕۆکەخانەکانمان، کەمکردنەوەی پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق لە ١٧٪ بۆ ١٢,٦٪، سەرباری ئەمانەش بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەران و چەندین گەمارۆی دیکە».

■ پەرتەوازەیی لەناو حزبە سیاسیەکانی کوردستان گەیشتبووە ئەو ئاستەی داوای هەڵوەشانەوەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، لەمەش زیاتر داوای دامەزراندنی حکومەتی «ئینقازی نیشتمانی»یان دەکرد.

■ گوتاری حزبە سیاسییەکانی کوردستان کە بە ئاشکرا و بە بێشەرمی بانگەشەیان لە دژی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرد و تەنانەت گەیشتبووە ئاستێك کە زۆر لە دژایەتیکردنی نەیار و دوژمنەکانمان زاڵمانەتر بوو.

لەناو ئەم شەوە زەنگەدا سەرۆك مسعود بارزانی بڕیاری دا، دەبێت جارێکی دیکە بۆ کۆتاییهێنان بەم پاشاگەردانی و پەرتەوازەییە بگەڕێینەوە بۆ بڕیاری گەلی کوردستان و هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی زەمینەسازی کرد و لە ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام درا کە سەرۆك بارزانی دروشمی «کوردستانێکی بەهێزی» بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دیاری کردبوو.

ئاکامی هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨، ڕاستییەکی گەورەی ئاشکرا کرد، کە ئەویش ئەوەیە گەلی کوردستان تەنیا متمانەی بەو ڕابەرە هەیە کە سەرپەرشتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی ئەیلوولی ٢٠١٧ی کرد و، بەرنامەی «کوردستانێکی بەهێز» جێبەجێ دەکات.

■ **کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گوتی «کابینەیەکی خۆڕاگرە»**

■ **کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر ڕووەوە لە سەرەتای دەستپێکی دووبارە بونیادنانەوەی سەنگافورا دەچێت**

■ **ئاکامی هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨، ڕاستییەکی گەورەی ئاشکرا کرد، کە ئەویش ئەوەیە گەلی کوردستان تەنیا متمانەی بەو ڕابەرە هەیە کە سەرپەرشتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی ئەیلوولی ٢٠١٧ی کرد و، بەرنامەی «کوردستانێکی بەهێز» جێبەجێ دەکات**

**کابینەی نۆیەم سیاسەتی «سفر کێشە» لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی پیادە دەکات، ئەمەش بەو مانایەی ئامادەباشی هەیە بۆ ئەوەی هەموو کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکرێت**

**بە ئەنقەست و بە مەبەستی سیاسی کەوتنە بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر لە کوردستاندا، ئەم شەڕەیان گەیشتە ئەو ئاستەی ناچار بین زەنگی مەترسی لێ بدەین**

**تێکەڵکردنی ئیرادە و توانای خەڵک لەگەڵ کارنامەی حکومەت، یەکێکە لەو ئاکامە ئەرێنییانەی ئێستا خەڵکی کوردستان دەبینین**

■ **پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم و دەستبەکاربوون و دەرکەوتنی ئالنگارییەکان**

بەپێی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ٢٠١٨ کە خەڵکی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان کردە خاوەنی ٤٥ کورسی لە کۆی ١٠٠ کورسیی پەرلەمان، بێجگە لە کۆتای پێکهاتەکان، دەبوو دوای کۆبوونەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان، لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا کابینەی نۆیەم پێکبهێنرایە، بەڵام لەبەر ئەوەی حزبەکانی کوردستان نەیاندەویست لەبەر ڕۆشنایی دەنگ و ئیرادەی خەڵکی کوردستان ئەو حکومەتە پێکبهێنرێت، سەرەنجام دوای زیاتر لە نۆ مانگ لە ١٠ی تەممووزی ٢٠١٩ کابینەی نۆیەم پێکهات و لە پێشەکی کارنامەکەیدا هاتووە «ئەم بەرنامەیە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە سیاسییەکان و پوختەی بەرنامەی گشت لایەنە بەشداربووەکانی ناو کابینەی نۆیەم ڕێك خراوە و بۆچوون و پلانی تێکڕای بەشداربووانی ئەم کابینەیە لەخۆ دەگرێت. جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەش بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشی سەرجەم لایەنە بەشداربووەکانی ناو ئەم کابینەیە دەبێت» و، خاڵی یەکەمی ئەم بەرنامەیەش بە چاکسازی دەست پێ دەکات، کە ١٣ بواری جۆری بنبڕکردنی گەندەڵی و پیادەکردنی شەفافییەتی لەخۆی گرتبوو.

کابینەی نویەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەمجۆرە ئاراستەی خۆی دیاری کردبوو:

■ لەسەر ئاستی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان:

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك یەك تیم کار دەکات و بڕیارەکان لە ئەنجومەنی وەزیران دەردەچن و هەموو لایەنە بەشداربووەکانی حکومەت دەبێت پێوەی پابەند بن و وەك خۆی جێبەجێی بکەن.

■ لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی:

کابینەی نۆیەم سیاسەتی «سفر کێشە» لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی پیادە دەکات، ئەمەش بەو مانایەی ئامادەباشی هەیە بۆ ئەوەی هەموو کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکرێت و، دوای یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی نۆیەم و شەش ڕۆژ دوای دەستبەکاربوونی کابینەکە، مەسرور بارزانی بە سەرۆکایەتیی شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد، بۆ ئەوەی کێشە هەڵواسراوەکان چارەسەر بکرێت.

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونییەوە «بەخت یاوەری نەبوو»، کۆمەڵێك پێشهات و ڕووداو هاتنە پێشەوە کە پێشتر مەزندەیان بۆ نەکرابوو، وەك:

■ لە یەکی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ خۆپیشاندانەکان لە بەغدا دەستیان پێکرد و دواتر پارێزگاکانی دیکەی عێراقیشی گرتەوە، ئەم خۆپیشاندانانە کە چوارچێوەیەکی توندوتیژی وەرگرت و بە سەدان کەسی تێدا کوژران و بە هەزاران کەسیشی تێدا بریندا بوون، بووە هۆکاری ئەوەی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا پەکی بکەوێت و سەرۆك وەزیران «د.عادل عەبدولمەهدی» دەست لەکار بکێشێتەوە و، حکومەتی عێراق بووە حکومەتی کاربەڕێکەر، بۆیە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەك هەر بە هەڵواسراوی مانەوە، بەڵکو لەناو ئەم پاشاگەردانییەدا، دژایەتیی هەرێمی کوردستان لەناو پەرلەمانی عێراقدا بووە بانگەشەی هەڵبژاردنی هەموو لایەنە سیاسییە عەرەبییەکان بە سوننە و شیعەوە.

■ لە شوباتی ساڵی ٢٠٢٠ بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای «کۆرۆنا»، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بوو باری نائاسایی «کەرەنتینە» بۆ پاراستنی تەندروستیی هاوڵاتیان ڕابگەیەنێت، بەمەش جیا لەوەی داهاتی ناوخۆی کوردستان زۆر کەمی کرد، لە هەمان کاتدا نرخی نەوتیش دابەزی بۆ خوار سفر، کە بووە هۆکاری ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانی نەبێت، لە بەرانبەریشدا حکومەتی فیدراڵی پەنایان بۆ قەرزکردن برد، بۆ ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی پارێزگاکانی خۆیان دابین بکەن، لەو قەرزەش هەرێمی کوردستانیان بێبەش کرد.

لە ماوەی «کەرەنتینە» کابینەی نۆیەم



کارەکانی خۆی هەڵنەسپارد، بەڵکو شێوازێکی نوێ بۆ درێژەپێدان بە کاروبارەکانی هەرێم دانرا، بەتایبەتی بۆ خوێندن، ئەویش شێوازی ئەلکترۆنی و ئۆنلاین بوو، هەروەها حکومەت و دامودەزگاکانیش بە ڕێگەی ئۆنلاین درێژەیان بە کارەکانی خۆیان دا، زەمینەیەکیان دروست کرد، کە دوای کۆتاییهاتنی قۆناغی کەرەنتینە هەنگاوەکان بۆ دانانی پڕۆژەی ستراتیژی و چاکسازی لە سێکتەرەکانی حکومەت بچنە قۆناغی کردارییەوە، بەمەش هەر لەگەڵ کۆتاییهاتنی کەرەنتینە، حکومەت دەستی کرد بە دانانی بەردی بناغەی چەندین پڕۆژەی گەورەی ستراتیژی، لەوانە «دانانی بەردی بناغەی چەندین سایلۆ و کارگەی گەورەی دروستکردنی خواردەمەنی لە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان، پێداچوونەوەی بە هەیکەلی کۆی سێکتەرە جیاوازەکانی حکومەت بەگشتی و سێکتەری نەوت و گاز بەتایبەتی.

وەك دەرکەوتنی بەشێك لە ئاکامەکانی کارنامەی چاکسازیی کابینەی نۆیەم، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ بە خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند «حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای ئەوەی هەیە بە داهاتی خۆی ڕێژەی ٨٠٪ی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان دابین بکات و، پاش چەند مانگێك و، بەرەو پێشەوەچوونی زیاتری کارنامەی چاکسازییەکە توانرا بە ڕێژەی ١٠٠٪ مووچەی فەرمانبەران دابین بکرێت». لەمەش زیاتر وەك سەرۆکی حکومەت بە هەموو لایەکی ڕاگەیاند «کاری حکومەت تەنیا دابینکردنی مووچە نییە و دەبێت پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانیش بەردەوام بن»، بۆیە هاوکات لەگەڵ ئەو بارە قورسە و ناسەقامگیریی ئابووری، کارە خزمەتگوزارییەکان درێژەیان هەبوو.

**خۆڕاگری و مانەوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان پشتیوانی حکومەتی خۆیەتی و لەهەموو بارودۆخێکدا بەرگری لێدەکات**

لە ساڵی ٢٠٢٢ تا سەرەتای ٢٠٢٤، هەوڵێکی زۆر ئاشکرا لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ئیقلیمی و بەشێك لە هێزە سیاسییەکانی عەرەبی شیعەی عێراق دەستی پێکرد، بۆ بەئامانجگرتنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەسەر چەندین ئاست، لەوانە:

١- لەسەر ئاستی لێدانی سەربازی، هێزە لە یاسا دەرچووەکان بەردەوام بە درۆنی خۆکوژ و کاتیوشا و هاوەن هەرێمی کوردستانیان بە ئامانج گرتبوو، لەسەر دەوڵەتانی ئیقلیمیش چەند جار بە ڕۆکێتی بالیستی هەولێر و هەرێمی کوردستان بە ئامانج گیران.




٢- لەسەر ئاستی ئابووری بە چەند شێوەیەك شەڕێکی ئابووری هەمەلایەنە لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنرا وەك:

- لەسەر ئاستی بودجە و مووچە، پشکی هەرێمی کوردستان بڕا و مووچەی فەرمانبەریان نەنارد.

- لەسەر سێکتەری نەوت و گاز، دادگای فیدراڵی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی بە پێچەوانەی دەستووری عێراق لە قەڵەم دا.

- لەسەر ئاستی بازرگانی و وەبەرهێنان، کەوتنە گێچەڵکردن بە کۆمپانیا و وەبەرهێنەرەکانی کوردستان.

٣- لەسەر ئاستی لێدانی ژێرخانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی، بە ئەنقەست و بە مەبەستی سیاسی کەوتنە بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر لە کوردستاندا، ئەم شەڕەیان گەیشتە ئەو ئاستەی ناچار بین زەنگی مەترسی لێ بدەین و جیا لەوەی چەندین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی و ناوخۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە ڕێکخران، حکومەتی هەرێمی کوردستان لێژنەیەکی باڵای لەسەر ئاستی حکومەت بۆ «بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر» پێکهێنا و ناچار بوو، چەندین سەنتەری شیاندنەوەی ئالوودەبووان دروست بکات، بۆ ئەوەی ئالوودەبووان وەك نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، نەك وەك تاوانبار و، سزای زۆر قورسیشی بۆ قاچاخچییەکانی ماددەی هۆشبەر دیاری کرد.

وێڕای ئەم هەموو ئاستەنگانە بەڵام کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خۆڕاگری مایەوە و ئێستا کاتێك ئاماری کارە خزمەتگوزارییەکان ئاماژەیان پێ دەکرێت، نەك خۆمان وەك خەڵکی کوردستان، بەڵکو تەواوی جیهان لە خۆڕاگریی ئەم کابینەیە سەری سوڕ دەمێنێت.

## ■ کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژە ستراتیژییەکان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان

تێکەڵکردنی ئیرادە و توانای خەڵك لەگەڵ کارنامەی حکومەت، یەکێکە لەو ئاکامە ئەرێنییانەی ئێستا خەڵکی کوردستان دەبینین. ئەم تێکەڵاوکردنە کە خەڵك و حکومەت پێکەوە وەك تۆڕێك کۆدەکاتەوە، لەلایەك جووڵەی حکومەت دەبێتە بەرهەمی ئیرادە و خواستی خەڵکەکەی

**لە بەشێکی زۆری بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و پەلەوەر و هێلکە، بەرهەمیان ئاستی ناوخۆی تێپەڕاندووە و بەشێکی دەنێردرێت بۆ پارێزگاکانی عێراق و بەشێکیشی هەناردەی دەرەوە دەکرێت**



خۆی و لە هەمان کاتدا، وەڵامدانەوەی خەڵکیش بۆ ئەو جووڵانەی حکومەت دەبێتە پشت و پەنا بۆ حکومەتەکەی خۆی.

ئەمە پێمان دەڵێت، خۆڕاگری و مانەوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان پشتیوانی حکومەتی خۆیەتی و لەهەموو بارودۆخێکدا بەرگری لێدەکات، لە بەرانبەریشدا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە، ئیرادە و خواستی خەڵك بۆ خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و ڕێکخستنەوەی ژێرخانە جیاوازەکانی کوردستان هەڵبسووڕێنێت و، سێکتەرە جیاوازەکان بگەنە ئەو ئاستەی کۆی توانا و ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە خۆیان بگرن و، کۆی سێکتەرەکان ببنە سێکتەری بەرهەمهێنان و خەڵکی کوردستان توانا و ئیرادەی خۆی لە هەڵسووڕانی ئەو سێکتەرانە ببینێتەوە.

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆی سێکتەرەکانی «کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی» کردووەتە بەشێك لە کارنامەی چاکسازییەکەی، ئەمەش بەو مانایەی حوکمڕانی بریتییە لە هەر دوو «کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت» و ئەگەر هەردووکیان پێکەوە چاکسازییان تێدا نەکرێت، ئەوا کاروبارەکانی کۆمەڵگە و حوکمڕانی ناچنەوە سەر سکەی خۆیان و ڕاست ناکرێنەوە، هەر بۆیە هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بوون، کە هەیکەلەی کەرتی گشتی (حکومەت) سنووردا بکرێت و هەیکەلەی کەرتی تایبەت (کۆمپانیاکان و وەبەرهێنان) زۆر فراوانتر بکرێت، لەمەشدا کارنامەی کابینەی نۆیەم بەو جۆرە بووە، ئەم ئاراستەیە هەموو سێکتەرە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بگرێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج لە کۆی سێکتەرە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگە بدەین، دەبینین لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردووی تەمەنی کابینەی نۆیەمدا، هەموو سێکتەرەکان گۆڕانکاریی ڕیشەییان بە خۆیانەوە بینیوە، هەر بۆ نموونە ئاماژە بە یەك دوو سێکتەر دەکەین، وەك :

**■ سێکتەری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

لەم سێکتەرە گرنگەدا بە چەندین شێواز هەوڵ دراوە پێش بخرێت، لەوانە:

- هاندانی جووتیاران بۆ بەرهەمهێنانی زیاتری بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان و دۆزینەوەی بازاڕ

**پلانی پێکەوە گرێدانەوەی تەواوی هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی دووسایدی ستاندەر لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە و کاری تێدا دەکرێت**

**دروستکردنی چەندین بەنداوی گرنگ تەواو بوون و بەشێك لە بەنداوەکان گەورەن کە بۆ دروستکردنی وزەی کارەبا بەکار هاتوون**

**ئێستا لە هەرێمی کوردستان چەندین کارگەی پاڵاوتنی نەوت هەیە، کە چەندین بەرهەمی جیاوازی لێ بەرهەم دەهێنرێت**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆری بە ڕێگاوبانەکان داوە، ئەمە فاکتەرێکی گرنگە بۆ گەشەی گەشتیاری، یان حکومەت شوێنەوارەکان نۆژەن دەکاتەوە، بەمەش لقێکی دیکە بۆ گەشتیاری زیاد دەبێت**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بواری داوە، بەشێك لە شیعەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستانەوە سەردانی نەجەف و کەربەلا بکەن، ئەمەشیان گەشتیاری ئایینی زیاد دەکات**

لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەو بەرهەمانە لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش.

- کڕینەوەی گەنمی جووتیاران و ئەمبارکردنی لە سایلۆکانی کوردستان و بەپیشەسازیکردنی ئەم بەرهەمە لە چەندین کارگەی دروستکردنی خواردەمەنیدا.

- زەمینە ڕەخساندن و ئاسانکاری بۆ وەگەڕخستنی سەرمایە و وەبەرهێنانێکی گەورەی کەرتی تایبەت لە کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵی و پەلەوەردا، هەر بۆیە ئێستا دەبینین لە بەشێکی زۆری بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و پەلەوەر و هێلکە، بەرهەمیان ئاستی ناوخۆی تێپەڕاندووە و بەشێکی دەنێردرێت بۆ پارێزگاکانی عێراق و بەشێکیشی هەناردەی دەرەوە دەکرێت.

- بەپیشەسازیکردنی کشتوکاڵ و ڕێکخستنی بازاڕی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بە ڕێگەی کۆگای ساردکەرەوە و، زەمینە ڕەخساندن و ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنان لە پڕۆژەی سامانی ماسیدا.

- لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و سوودوەرگرتن لە ئاوی باراناو دروستکردنی چەندین بەنداوی گرنگ تەواو بوون و بەشێك لە بەنداوەکان گەورەن کە بۆ دروستکردنی وزەی کارەبا بەکار هاتوون و بەشێکی دیکەیان مامناوەندی و بچووکن، ئەم بەنداوانە جیا لەوەی سەرچاوەیەکن بۆ ڕێگرتن لە گۆڕینی کەشوهەوا، لە هەمان کاتدا چەندین ناوچەی فراوانی هەرێمی کوردستانیان گۆڕیوە بۆ ناوچەی گەشتیاری و سەرچاوەی داهات بۆ خەڵکی کوردستان.

■ **سێکتەری ڕێگاوبان (ڕێگاوبانی ناو پارێزگاکان و ڕێگاوبانی نێوان پارێزگاکان)**

لە هەردوو سێکتەری «ڕێگاوبانی ناو پارێزگاکان و ڕێگاوبانی نێوان پارێزگاکان»، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ڕۆڵێکی گەورە لە هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگێڕن و، ئەم ڕۆڵەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە متمانەیەکی گەورە لە نێوان حکومەت و کۆمپانیاکان دروست بووە.

لە ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمدا، بەوجۆرە سەیری سێکتەری ڕێگاوبان دەکرێت، کە بایەخدان بە ڕێگاوبانی باش فاکتەرێکی هەرە سەرەکییە بۆ پێکەوە بەستنەوەی هەموو نیشتمان پێکەوە و فاکتەرێکە بۆ بونیادنانی ژێرخانێکی ئابووریی یەکگرتوو لە وڵاتدا و، هەروەها فاکتەرێکی گرنگە بۆ بووژانەوە و پەرەپێدانی پیشەسازیی گەشتیاری بە هەموو جۆرەکانی گەشتیاری وەك «هاوینەهەوارەکان، شوێنەوارەکان، گەشتیاریی ئایینی و پزیشکی و.. هتد»، کە ئەم پیشەسازییە دەبێتە سەرچاوەی داهاتێکی گرنگ بۆ کۆمەڵێك چین و توێژی جیاوازی کۆمەڵگە.

لە ئێستادا لەگەڵ ئەوەی پڕۆژەی ڕێگەوبانی دووسایدی نێوان پارێزگاکانی کوردستان هەموویان تەواو نەبوون، بەڵام پلانی پێکەوە گرێدانەوەی تەواوی هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی دووسایدی ستاندەر لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە و کاری تێدا دەکرێت، هەر لە زاخۆ تا هەڵەبجە و هەر لە سۆران تا ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان.

■ **سێکتەری پیشەسازی بە پیشەسازیی نەوت و گازیشەوە**

لەم سێکتەرەدا بایەخێکی گرنگ بە پیشەسازیی «گەورە و مامناوەند، بچووك» دراوە و چەندین کارگەی گەورە وەك کارگەی ئاسن و چیمەنتۆ دامەزراون، هەروەها هەوڵ دراوە لە هەر پارێزگایەك شاری پیشەسازی بۆ پیشەسازیی مامناوەند و بچووك دابمەزرێت.

لەسەر ئاستی پیشەسازیی نەوت و گاز، لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا نەوت هەناردەی دەرەوە ناکرێت و ڕاوەستاوە، بەڵام لە هەردوو کەرتەکەدا چەندین جۆر پیشەسازی پەرەی پێدراوە، لەسەر ئاستی پیشەسازیی گاز، ئێستا ئەم گازە بەکاردەهێنرێت وەك سووتەمەنی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و هەروەها هەوڵێك هەیە کە ئەم بەرهەمە لە کێڵگە نەوتییەکان دووبارە دروست بکرێتەوە، هەروەها ئێستا لە هەرێمی کوردستان چەندین کارگەی پاڵاوتنی نەوت هەیە، کە چەندین بەرهەمی جیاوازی لێ بەرهەم دەهێنرێت.

■ **سێکتەری پیشەسازیی گەشتیاری**

فراوانبوون و بایەخدانی زیاتر بە سێکتەری گەشتیاری و کردنی بە سێکتەرێك کە وەك پیشەسازی وەبەرهێنانی گەورەی تێدا بکرێت، پەیوەندی بەو هاوکێشە تەواوکارییەی متمانەی نێوان سەرمایەدار و وەبەرهێنەرانە کە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیانە، لەلایەکی



دیکە پەیوەندی بەو هاوکێشە تەواوکارییە هەیە، کە کاری حکومەت لە سێکتەرە جیاوازەکانی دیکە دەبنە فاکتەرێك بۆ گەشەکردنی سێکتەری گەشتیاری، هەر بۆ نموونە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆری بە ڕێگاوبانەکان داوە، ئەمە فاکتەرێکی گرنگە بۆ گەشەی گەشتیاری، یان حکومەت شوێنەوارەکان نۆژەن دەکاتەوە، بەمەش لقێکی دیکە بۆ گەشتیاری زیاد دەبێت، یان حکومەت کارئاسانی دەکات بۆ وەبەرهێنان لەکەرتی تەندروستی و دروستکردنی نەخۆشخانەی ئەهلی، ئەمەش زەمینە خۆش دەکات، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی عێراق بۆ چارەسەری تەندروستی سەردانی کوردستان بکەن، ئەمە بێجگە لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بواری داوە، بەشێك لە شیعەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستانەوە سەردانی نەجەف و کەربەلا بکەن، ئەمەشیان گەشتیاری ئایینی زیاد دەکات.

کەواتە وەگەڕخستنی سەرمایەی گەورە بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاری لە کابینەی نۆیەمدا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بە چەندین ملیار دۆلار لەو سێکتەرانە وەبەرهێنان بکرێت، کە پێکەوە لەناو سێکتەری گەشتیاری کۆدەبنەوە.

ئەم چەند سێکتەری ئاماژەمان پێکردن، وەك وەرچەرخانی گەورەی بەرچاو کە هەموو کەسێك دێتە کوردستان ڕاشکاوانە دەیانبینێت، لە بەرانبەردا سێکتەرەکانی دیکەش وەرچەرخانی گەورەیان بەخۆیان بینیوە، سێکتەریشمان هەیە وەك سێکتەری «سیستمی بانکی و حکومەتی دیجیتاڵی» کە وەرچەرخانی زۆر گەورەن، بەڵام هێشتا ئاکامەکەیان بە تەواوەتی دەرنەکەوتوون.

لە دوماهیدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکرێت، کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێداگری و سووربوونی لەسەر ئەوەی سازش لەسەر جێبەجێکردنی کارنامەکەی ناکات، ئەوجا باجەکەی هەر چییەك بێت، ئەوەی بۆ سەلماندین، هەڕەشە و ئالنگارییەکان چەند زۆر و سەخت بن، بەڵام بە پشتیوانیی خوا و پشتیوانیی ئیرادەی گەلی کوردستان ئەو هەڕەشە و ئالنگارییانە تێدەپەڕێندرێن و کوردستان لە کوردستانێکی بەهێزەوە بۆ کوردستانێکی بەهێزتر هەنگاو هەڵدەگرێت.

**هەڕەشە و ئالنگارییەکان چەند زۆر و سەخت بن، بەڵام بە پشتیوانیی خوا و پشتیوانیی ئیرادەی گەلی کوردستان ئەو هەڕەشە و ئالنگارییانە تێدەپەڕێندرێن و کوردستان لە کوردستانێکی بەهێزەوە بۆ کوردستانێکی بەهێزتر هەنگاو هەڵدەگرێت**

د. ئاگرین عەبدوڵڵا
بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٤٤٠ پڕۆژە بە تێچووی زیاتر لە ٩١٢ ملیار دینار جێبەجێ کراون

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٦٥ پڕۆژەی گەورە بە تێچووی ٨٨٣ ملیار دینار لەسەر بودجەی وەبەرهێنان و ١٨٤ پڕۆژەی مامناوەند و بچووک لەسەر بودجەی ئاسایی و ١٩١ پڕۆژەی مامناوەند و بچووکی ڕێگەوبان لەسەر بودجەی داهات جێبەجێ کراون

پردی دەربەندی ڕانیە لەسەر داواکاریی خەڵک و ئیدارەی ڕاپەڕین جێبەجێ کرا و خزمەتێکی زۆری ناوچەکە و کەرتی گەشتیاری و کشتوکاڵ دەکات.

پردی سەر زێی گەورە کە درێژییەکەی ١٠٠٠ مەترە و بە ٥٩ ملیار دینار دروست کراوە بۆ هاتوچۆکردنی نێوان (هەولێر،دهۆک، زاخۆ، تورکیا) گرنگییەکی یەکجار گەورەی هەیە



**بەوپێیەی ڕێگەوبانەکان بە شادەماری گەشەکردنی ئابووری دادەنرێت و لە هەرێمی کوردستان بەهۆی قەیرانی داراییەوە پلان و پڕۆژەی زۆری ڕێگەوبانەکان، بەتایبەتی ڕێگە ستراتیژییەکان جێبەجێ نەکراون، بەڵام لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەپێی توانا و بودجەی بەردەستی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن پڕۆژەی گەورە جێبەجێ کراون. لەم دیدارەی گۆڤاری گوڵاندا ئاگرین عەبدوڵڵا بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەختی لەسەر ئەو پڕۆژانەی ڕێگەوبان کردەوە کە لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ کراون و، چەند پڕۆژەی دیکەی وەزارەتیشی خستەڕوو کە لە پلان و بەرنامەی وەزارەتدایە بۆ جێبەجێکردن. بەمجۆرەش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** پێش ئەوەی پرسیارەکانمان دەست پێبکەین، بەپێویستی دەزانین باسێکی پڕۆژەی پردی دەربەندی ڕانیەمان بۆ بکەیت، کە لەم ماوەیەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردیەوە و، بە پرۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی بۆ تەواوی دەڤەری ڕاپەڕین دادەنرێت؟**

- هەڵبەتە یەکێك لە داواکارییە سەرەکییەکانی خەڵك و ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین دروستکردنی پردێکی نوێ بوو لە دەربەندی ڕانیە، لەبری پردە کۆنەکە، کە لە ڕووی سەلامەتی و تواناییەوە کەڵکی نەبوو، مەترسیی زۆریشی لەسەر بوو، تەنانەت ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان بە ناچاری بەسەریدا تێپەڕ دەبوون، بۆ ئەم مەبەستە ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەنگ داواکاریی خەڵکی دەڤەرەکەوە هات و سێ ساڵ لەمەوبەر بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەردی بناغەی پڕۆژەکەی دانا، وێڕای پەتای کۆڕۆنا و قەیرانی دارایی ئەم پردە ستراتیژییەی دەربەندی ڕانیە بە بودجەی زیاتر لە (١٢ ملیار و ٤١٦ ملیۆن دینار) لە ماوە و کاتی خۆیدا و بە باشترین دیزاین و کوالێتی جێبەجێ کرا، کە بەرگەی زیاتر لە ٥٠ ساڵ دەگرێت، پردەکە درێژییەکەی ٤٢٠ مەترە و ٢١ مەتر بەرزە و پانییەکەی ١٥ مەترە، ناوچەیەکی فراوان پێکەوە دەبەستێتەوە، بۆ نموونە: دەڤەری بیتوێن و بەری مەرگە پێکەوە دەبەستێتەوە، ڕێگەیەکیشە بۆ گەیشتنی ڕانیە بە سلێمانی، ئەمەش خزمەتێکی زۆر بە بواری هاتوچۆ و هاووڵاتییانی سنووری دەڤەری ڕاپەڕین و گەشتیاران و جووتیاران دەگەیەنێت. تەنیا لە ناحیەی بنگرد و ٢٥ گوندی دەوروبەری، کە زۆرینەی خەڵکەکە کاری کشتوکاڵی و جووتیاری دەکەن، کە لە وەرزی هاویناندا بەروبوومەکانیان پێدەگەیشت، نەیاندەتوانی بە بارهەڵگری گەورە بەروبوومەکانیان بپەڕێننەوە.

*** لەم کابینەیەدا گرنگییەکی باش درا بە دروستکردنی پردەکان، بەتایبەتی تەواوکردنی گەورەترین پردی کوردستان کە پردی سەر زێی گەورەی نێوان هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بوو، ئایا لە دەڤەرەکانی دیکەشدا پردی دیکە هەیە لە پلانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردندا بێت؟**

- بەشێکی سەرەکیی ڕێگەوبانەکان پردەکانن، زۆربەی ڕێگەوبانەکان پردی لەخۆ گرتووە. پردی سەر زێی گەورە کە بە پردی گۆباڵ ناو دەبرێت و هەردوو پارێزگای هەولێر و

دهۆك بە یەكەوە دەبەستێتەوە و ١٠٠٠ مەتر درێژە و ٥٩ ملیار دیناری تێچووە، پردەكە بۆ هاتوچۆی نێوان هەولێر و دهۆك و زاخۆ و وڵاتی توركیا گرنگییەكی گەورەی هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی ژمارەیەك پردی دیكەمان لە ناو پرۆژەی ڕێگەی دەربەندیخان- كەلار هەیە، كە لەم كابینەیەدا ڕێژەی ئەنجامدانێكی زۆری جێبەجێ كراوە و ٧٣٪ی تەواو بووە كە بۆ هاتووچۆكردنی نێوان دەربەندیخان و كەلار و گەرمیان زۆر گرنگە، پێكهاتەی ناوچەكەش وا دەخوازێت زۆر پردی لێ دروست بكرێت، كە ئێستا بەشی هەرە زۆری ئەم پردانە تەواو بوون، ئومێدیش زۆرە ئەگەر پێشینەكانی بۆ خەرج بكرێت، بۆ كۆتایی ئەمساڵ ئەم پرۆژە ستراتیژییەی بە دووسایدكردنی ڕێگەی دەربەندیخان — كەلار و سەرجەم پردەكانی دیكە تەواو ببن.

*** هەرچەندە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەكی زۆری ڕێگەوبان بە دووساید كران و نۆژەن كرانەوە، بەڵام بەو پێیەی تادێت ژمارەی ئۆتۆمبێلەكان و بارهەڵگر و تانكەرەكان ڕووی لە زیادبوون كردووە، ئایا وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردن تا چ ڕاددەیەك توانیویەتی لە بواری ڕێگەوبانەكاندا پلانەكانی خۆی جێبەجێ بكات؟**

- لە چوار ساڵی تەمەنی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردن لەسەر سێ جۆر بودجە پرۆژەی ڕێگەوبانی جێبەجێ كردووە، ئەویش بودجەی (وەبەرهێنان، ئاسایی، داهاتی وێستگەكانی كێش) كە تەنیا لەسەر بودجەی وەبەرهێنان ٦٥ پرۆژەی گەورەی ڕێگەوبان بە درێژایی ١٢٩٥ كیلۆمەتر بە تێچووی ٨٨٣ ملیار دینار جێبەجێ كراوە، بۆ نموونە ڕێگەی دووسایدی نێوان هەولێر بەرەو دهۆك كە جگە لە ماوەیەكی زۆر كەم نەبێت، هەموو ڕێگەی نێوان ئەم دوو پارێزگایە بووە دووساید، هاوكات چەندین تونێلی گەورەی لەخۆ گرتووە وەكو تونێلی پیرمام و بە ڕێگە بەستنەوەكانیشیەوە، ئەمە وێڕای بە دەیان پرۆژەی بچووك و مامناوەندی دیكەی ڕێگەوبان كە لە تەمەنی ئەم كابینەیەدا جێبەجێ كراون، كە خۆی لە ١٨٤ پرۆژە دەدات، بە تێچوونی ١٧ ملیار و ١٥٠ ملیۆن دینار، هاوكات لەسەر بودجەی وێستگەكانی كێش ١٩١ پرۆژە بە تێچوونی ١١ ملیار و ٩٨٠ ملیۆن دینار جێبەجێ كراون، بەشێوەیەكی گشتی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردن لە تەمەنی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان ٤٤٠ پرۆژەی جێبەجێ كردووە، بە تێچوونی ٩١٢ ملیار و ١٣٢ ملیۆن دینار، هاوكات كاتێك سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان سەردانی پارێزگەی هەڵەبجەی كرد، لە ڕێورەسمێكی تایبەتدا بەردی بناغەی ڕێگەی هەڵەبجە - تووەقوت - قلیجە و پردی تووەقوتی دانا.

بەشێك لەم ڕێگە گەورە و ستراتیژییانەی كە تەواو كراون، یان ڕێژەی ئەنجامدانیان بەرز بووە، بریتییە لە ڕێگەكانی (هەولێر- زێی گەورە، تونێل و هەردوو دیوی تونێلی پیرمام، زاخۆ- باتلیش، كەلار — كفری، هەڵەبجە — سەیدسادق، پێنجوین- باشماخ و چەندین ڕێگەوبانی دیكەی مامناوەند و بچووك.

ئێستا ١٣٢ پرۆژەی دیكە لە بواری جێبەجێكردندان و كاریان تێدا بەردەوامە و، ئەگەر ئەو ١٣٢ پرۆژەیە تەواو بكرێن، ئەوە كاریگەرییەكی زۆر گەورەیان لەسەر كەرتی هاتوچۆ و ڕێگەوبان دەبێت، چونكە ٣٧٠ كیلۆمەتر ڕێگەی دووساید تەواو دەبێت لەگەڵ ١٠ كیلۆمەتری یەكساید و ٧١١ كیلۆمەتری ڕێگەی گوندەكان نۆژەن دەكرێنەوە.

*** هەڵبەتە ڕێگەوبانەكان بەهۆی بارانبارین و زۆر بەكارهێنان و تەمەنی ڕێگەوبانەكانیشەوە ڕووبەڕووی كێشەی چاككردنەوە و سیانە و تەنانەت پاراستنی لە سەرپێچی هاتوون، دەكرێت لەم ڕووەوە بزانین سیانە و پاراستنی ڕێگەوبانەكان چۆن بەڕێوە دەچێت؟**

- پاراستنی ڕێگەوبانەكان لە ئەستۆی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردنە. هاوكات ئێمە ١١ بەڕێوەبەرایەتیی چاككردنەوەی ڕێگەوبانەكانمان هەیە، كە بەردەوام سیانەی ڕێگەوبانەكان دەكەن و زۆربەی زۆری ئەو زیانانەی لافاویان چاك كردووەتەوە، بەڵام قەیرانی دارایی و سەرف نەكردنی سلفە كاریگەریی نەرێنی هەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا

**ڕێگەی سەرەكیی دەربەندیخان — كەلار و پردەكانی لە كۆتایی ئەمساڵدا تەواو دەبێت**

**تونێلەكانی (مەتین ٤،٧ كیلۆمەتر، پێنچوێن ٥ كیلۆمەتر، دەربەندیخان ٣ كیلۆمەتر) لە پلانی وەزارەتدایە جێبەجێیان بكات**

**وێڕای پەتای كۆڕۆنا و قەیرانی دارایی ئەم پردە ستراتیژییەی دەربەندی ڕانیە بە بودجەی زیاتر لە (١٢ ملیار و ٤١٦ ملیۆن دینار) لە ماوە و كاتی خۆیدا و بە باشترین دیزاین و كوالێتی جێبەجێ كرا**

**ئەگەر پێشینەكانی بۆ خەرج بكرێت، بۆ كۆتایی ئەمساڵ ئەم پرۆژە ستراتیژییەی بە دووسایدكردنی ڕێگەی دەربەندیخان — كەلار و سەرجەم پردەكانی دیكە تەواو ببن**




**کاتێک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی پارێزگەی هەڵەبجەی کرد، لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا بەردی بناغەی ڕێگەی هەڵەبجە - تووەقوت - قلیجە و پردی تووەقوتی دانا**

بەردەوامین و کاری باش ئەنجام دراوە. لەلایەکی دیکەوە دوای جێبەجێکردنی بەنداوی گۆمەسپان لە ئەنجومەنی وەزیران داوامان لێ کراوە لە تەنیشت هەر دوو دیوی بەنداوەکە ڕێگەوبان دروست بکەین، بۆ هاتوچۆکردن و گرنگیدان بە گەشتیاری. سەبارەت بە سەرپێچییەکانیش لەپێناو پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان، ئەنجومەنی وەزیران هەموو دەسەڵاتێکی بە وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگا و یەکە ئیدارییەکان داوە، کە هاوکار بن لە لابردنی هەموو ئەم زیادەڕۆیی و سەرپێچییانە، ئێمەش وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، ئامارێکی وردمان ئامادە کردووە و بەرزمان کردووەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەرچەندە تاکو ئێستا لە ڕووی پراکتیکییەوە دەست بە ئەنجامدانی هەڵمەتی لابردنی زێدەڕۆییەکان و سەرپێچییەکان نەکراوە، بەڵام لە ئێستادا چاوەڕوانی جێبەجێکردنی هەڵمەتەکەین.

*** باسی تونێلەکانت کرد، کە بە یەکێك لە پرۆژە گەورەکان و دەستکەوتەکان دادەنرێت بۆ باشکردنی ڕێگەوبانەکان و کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان. ئایا پرۆژەی نوێی تونێل لە پلان و بەرنامەی وەزارەتداندا هەیە کە لەم قۆناغەدا دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت؟**

- لە هەرێمی کوردستان خاوەنی چوار تونێلی گەورەی (زاخۆ، پیرمام، ئەزمەڕ و دەربەندیخان)ین، ئەوەی لەم کابینەیەدا جێبەجێ کرا، تونێلی پیرمام بوو کە بە خۆی و پێداویستی و بەستەرەکانیەوە، نزیکەی ١٨٠ ملیار دینار تێچووی بوو. تونێلەکانی (مەتین ٤،٧ کیلۆمەتر، پێنچوێن ٥ کیلۆمەتر، دەربەندیخان ٣ کیلۆمەتر) لە پلانی وەزارەتدایە جێبەجێیان بکات. هاوکات تیمی تایبەت و

بودجەی تایبەت هەیە کە بەردەوام سەرقاڵی ئیدارەدان و نۆژەنکردنەوە و سیانە و چاودێریی تونێلەکان دەکەن. هەر لەم کابینەیەدا تونێلی دەربەندیخان کە ٨٠٠ مەتری یەك سایدە و لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ بەنداوەکە دروست کراوە، نۆژەنمان کردەوە. وەکو ئاماژەم پێ کرد، لە پلاندایە تونێلێکی دوو چاوە بە کوالێتی و دیزاینی بەرز لە بری ئەم تونێلە دروست بکرێت و وارماوە بە دەربەندیخان ببەستێتەوە، کە بودجەی ٣٧٠ ملیار دیناری پێویستە.

*** زۆر باسی خراپیی ڕێگەوبانەکانی نێوان هەولێر – سلێمانی دەکرێت. ئایا ئەو پرۆژەی بە دووسایدکردنەی بە کوێ گەیشتووە و بۆچی جێبەجێ نەکراوە؟**

- بە دوو سایدکردنی ڕێگەوبانی هەولێر- سلێمانی بە دیوی کۆیە بە تێچووی ٣٦٠ ملیار دینارە و بە پێنج قۆناغ جێبەجێ دەکرێت. لەبەر گەورەیی بودجەکە چاوەڕوانین لە عێراقەوە بەپێی شایستەی بەشە بودجەی هەرێم پارەمان بۆ بێت و ئەم شادەمارە سەرەکییەی ڕێگەوبان بە هەر پێچ قۆناغەکەیەوە دەست بەجێبەجێکردنی بکرێت.

*** دوا پرسیارمان سەبارەت بە ڕێگەی گەشەپێدانە لە عێراقدا، کە بەداخەوە بەپێی دیزاینی پرۆژەکە بێت، هیچ شار و شارۆچکە و ناوچەیەکی کوردستان لێی سوودمەند نابێت. ئایا ئەمە مەبەستێکی سیاسی لە پێشتەوە نییە؟ ئێوە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن تا چ ڕادەیەك ئاگاداری ئەو پرۆژە گەورە و ستراتیژییەن؟**

- هەرچەندە ئێمە وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان بانگهێشت نەکراوین و گفتوگۆ لەگەڵ ئێمەدا نەکراوە، بەڵام جێگەی داخە کە هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدایە، کەچی بە دیزاینە کۆنەکەی هەرێمی کوردستان لەم ڕێگە شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێلە کە بەندەری فاو دەبەستێتەوە بە وڵاتی تورکیا و هەرێمی کوردستان لێی سوودمەند نەدەبوو، تەنانەت شاری کەرکووکیش وەکو شارێکی کوردستانی لەم پرۆژەیە مەبەستیان بووە دووری بخەنەوە، ئێمە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دیراسەی ئەم ڕێگەی گەشەپێدانەمان کرد و پێشنیاریشمان هەیە، بەوەی زۆر ئاساییە هێڵەکە بگوازرێتەوە ڕۆژهەڵاتی دیجلە، یان هاوکات هێڵێکی دیکە بە ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا بە کەرکووك و هەولێر و دهۆك و زاخۆدا ڕابکێشرێت و، لەوێشەوە ببرێتە برایم خەلیل نەوەکو بۆ مەرامی سیاسی هەرێمی کوردستان لێی بێبەش بکرێت، ئەمە دژایەتیکردنی پێکهاتەی کوردە لە عێراقدا کە لە دەستووردا هاتووە ئەم وڵاتە لە سێ پێکهاتەی سەرەکی پێك هاتووە. لە هەموو حاڵەتێکدا ڕێگەی گەشەپێدان هەر بە هەرێمی کوردستاندا دەبێت تێپەڕ بێت، بەڵام ئێمە دەمانەوێت بە زۆرترین شار و شارۆچکەی هەرێمی کوردستاندا تێپەڕ بێت و لێی سوودمەند بن. هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگەی ئۆتۆمبێل نابێت ببێتە هۆی بچڕانی هەرێمی کوردستان بە دیوی ڕۆژئاوای کوردستانەوە، واتا ببێتە پڕۆژەیەکی سیاسی و سەربازی و مەرامی خراپی دژ بە کوردی تێدا بێت. بە خۆشحاڵییەوە ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت دوای گفتوگۆ و هەوڵەکانی گەیشتوونەتە دەرئەنجامێکی نوێ بەوەی دیزاینە کۆنەکە ڕەت کراوەتەوە و دیزاینی نوێ دانراوە کە بە خاڵی سەرەکیی برایم خەلیلدا هێڵەکە تێپەڕ دەبێت، لە لایەکی دیکەوە پێشنیارێکی دیکە هەیە بەوەی بە هاوشانی ئەو هێڵە سەرەکییەی هێڵی گەشەپێدان، هێڵێکی دیکەی لاوەکی هەبێت، کە شارەکانی کوردستانیش لێی سوودمەند بن، ئەگەر ئەو هێڵە بە شاری کەرکووکدا بێت و، دواتر بۆ هەولێر و دهۆك و زاخۆ و برایم خەلیل، ئەو کاتە هەر لە شاری سلێمانییەوە تاوەکو هەولێر و دهۆکیش لێی سوودمەند دەبن بۆ گواستنەوەی کاڵا و کەلوپەل و گەشتیاران. بە شێوەیەکی گشتی نابێت ڕێگەوبانەکان بۆ مەرامی سیاسی و بەرژەوەندیی تەسك و دژایەتیکردنی پێکهاتەی کورد بەکار بهێنرێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر پرۆژەی ئابووری بۆ مەرامی سیاسی بەکارهێنرا، ڕێژەی سەرکەوتنی زۆر دادەبەزێت و زیان بە گەلی کورد و ئابووریی عێراقیش دەگەیەنێت.

**ئێمە ١١ بەڕێوەبەرایەتیی چاککردنەوەی ڕێگەوبانەکانمان هەیە، کە بەردەوام سیانەی ڕێگەوبانەکان دەکەن و زۆربەی زۆری ئەو زیانانەی لافاویان چاك کردووەتەوە**

**دوای جێبەجێکردنی بەنداوی گۆمەسپان لە ئەنجومەنی وەزیران داوامان لێ کراوە لە تەنیشت هەر دوو دیوی بەنداوەکە ڕێگەوبان دروست بکەین، بۆ هاتوچۆکردن و گرنگیدان بە گەشتیاری**

**ئەگەر پرۆژەی ئابووری بۆ مەرامی سیاسی بەکارهێنرا، ڕێژەی سەرکەوتنی زۆر دادەبەزێت و زیان بە گەلی کورد و ئابووریی عێراقیش دەگەیەنێت**


**میدیا سەڵاح یابا**

مامۆستا لە بەشی دارایی و بانک لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:

# وەبەرهێنان و فرەچەشنکردنی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە کەرتێکی پێشکەوتووی بانکی هەیە

**هەژماری من و بەکارهێنانی کارتی بانکی و کۆتاییهاتن بە مامەڵەی کاش زەرووەرەتێکی سەردەمەکەیە**

**هوشیاریی تاک و متمانەکردن بە بانک خاڵی بنەڕەتیی پەرەپێدانی سیستەمی بانکییە**



**گۆڕانکارییەکانی بواری دارایی و بانکی شێوازێکی زۆر خێرا و بەردەوامی هەیە. لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان سیستەمی دیجیتاڵی و بەئەلەکترۆنیکردنی کاروباری بانك و مامەڵەکردن بە کارتی بانکی جێگای شێوازی کلاسیکی مامەڵەی کاش و بانکی گرتووەتەوە، لە هەرێمی کوردستانیشدا ماوەیەکە دەست بە هەژماری مێن و کارتی بانکی و هاتنی بانکە وەبەرهێنەکان و دانانی ئامێرەکانی ATM کراوە. لەسەر ئەم پرسە و ئالنگارییەکانی بەردەم پەرەپێدانی کەرتی بانکی، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ میدیا سەڵاح یابا، مامۆستا لە بەشی دارایی و بانك لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەڵاحەدین سازدا.**

*** بەو پێیەی لەبەشی دارایی و بانك وانەبێژیت و شارەزاییت لە سیاسەتی نەختی و بانکی هەیە. دەکرێت بپرسین، ئایا چ ڕێگایەك هەیە، بۆ ئەوەی هەوڵەکانی بەدیجیتاڵکردن و بەئەلەکترۆنیکردنی کەرتی بانکی و مامەڵەی نەختینەیی خێراتر بکەین؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵەی دوایی خواستی هەیە شێوازی کلاسیکی و کۆنی مامەڵەکردنی بانك بگۆڕێت و بەکارهێنانی کارتی بانکی بۆ پێدانی مووچەکان و مامەڵەکان فراوان بکات و ئامێرەکانی ATM لە شوێنە گشتییەکان دابنێت. ئەگەرچی لە قۆناغی سەرەتادایە و بەراورد نەك بە وڵاتانی جیهانی پێشکەوتوو ئەم هەنگاوە لە دواوەین، بەڵکو بەراورد بە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەپێی پێویست و قۆناغەکە نەچووینەتە پێشەوە. بۆ نموونە ئەگەر وڵاتێکی وەکو تورکیا وەربگرین، دەبینین هەنگاوەکانی بەئەلەکترۆنیکردنی سیستەمی بانکی لەو وڵاتە زۆر پێشکەوتووترە و جیاوازە لەو سیستەمە کلاسیکییەی کە لە وڵاتی ئێمەدا هەیە. لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش کەرتی بانکی بەراورد بە پێشکەوتنەکانی دیکە پەرەی پێ نەدراوە، بۆیە لاوازیی کەرتی بانکی و مانەوەی مامەڵەی کلاسیکی کاش لەم وڵاتەدا بووەتە خاڵێکی لاوازی گەشەکردنی ئابووری و وەبەرهێنان و پەرەپێدانی سێکتەرەکان. ئەم حاڵەتە بە ڕوونی دیارە، کاتێك سەردانی وڵاتانی دەرەوە دەکەیت، یان کاتێك کۆمپانیایەکی پێشکەوتوو ڕوو لەم هەرێمە دەکات، دەبینێت کەرتی بانکی و سیاسەتی دارایی و نەختینەیی و ناسەقامگیری بەهای ئاڵوێری دراو بووەتە لەمپەڕ لەبەردەم کارەکانیدا. لە وڵاتانی پێشکەوتوو کەرتی بانکی زۆر لەو ئەرك و کارانەی ئێستا کە بانکەکانی ئێمە ئەنجامی دەدەن، پێشکەوتووترن و ڕۆڵ و پێگەیان لە سەقامگیریی ئابووریی وڵات و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زۆری وەکو قەرزی بانکی و بەڕێوەبردنی مامەڵەکانی ڕۆژانەی ڕسومات و باج و پێداویستییەکانی دیکەی هاووڵاتییانیان هەیە. لەوێ مامەڵەکردن بە کاش نزیك بووتەوە لە کۆتاییهاتن. ئێمە تاکو ئێستا لە هەرێم و عێراقیشدا مامەڵەکان زۆربەی هەرە زۆری بە کاش دەکرێت و بانکەکان لە کایەی وەبەرهێناندا خزمەت پێشکەش ناکەن. لە وڵاتان بانکەکان لەڕێگای بانکی ناوەندییەوە متمانەیان بۆ دروست بووە و خەڵکی بڕوا و متمانەیان بە بانکەکان هەیە، چونکە ئەو بانکانە وەدائیعیان هەیە و بڕێك پارەیان وەکو یەدەك لەلای بانکی ناوەندی دادەنێن، تاوەکو لە کاتی قەیرانی دارایی و هەر ئەگەرێکی نەخوازراو مامەڵەکارانی بانکەکە زیانیان بەرنەکەوێت، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ هوشیاریی هاووڵاتییان لە بواری ئابووری و دارایی و بانکی.

*** ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە کەمێك ڕاوەستین، بۆچی تاکو ئێستا وێڕای هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی کەرتی بانکی کاروبارەکانی ڕێك بخرێت و بەئەلەکترۆنی بکرێت و هاووڵاتییان مامەڵەی زیاتری لەگەڵ بکەن و ڕوو لە بەکارهێنانی کارتی بانکی بکەن، کەچی بە بەراورد بە پێشکەوتنەکانی سەردەم و بارودۆخی ئابووریی جیهانی لە ئاست خواست و ویستدا نییە؟**

- سەرەتا گۆڕانکاری و پێشکەوتن لە کەرتی بانکی و بەئەلەکترۆنیکردنی کاروباری بانکەکان پەیوەندی بە بانکی ناوەندیی عێراقەوە هەیە،

**لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش کەرتی بانکی بەراورد بە پێشکەوتنەکانی دیکە پەرەی پێ نەدراوە**

**کاتێک کۆمپانیایەکی پێشکەوتوو ڕوو لەم هەرێمە دەکات، دەبینێت کەرتی بانکی و سیاسەتی دارایی و نەختینەیی و ناسەقامگیری بەهای ئاڵووێری دراو بووەتە لەمپەڕ لەبەردەم کارەکانیدا**

**تاکو ئێستا لە هەرێم و عێراقیشدا مامەڵەکان زۆربەی هەرە زۆری بە کاش دەکرێت و بانکەکان لە کایەی وەبەرهێناندا خزمەت پێشکەش ناکەن**

**ئەركی حكومەتی هەرێمی كوردستانە رێگاچارەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی متمانە بە سیستەمە بانكییەكە بكرێت**

**دراوەكان لە رووی تەندروستیشەوە هۆكارێكن بۆ گواستنەوەی پەتا و ڤایرۆسی جۆراوجۆر**

**پێویست بوو لە پەرلەمان كار بۆ هەمواركردنەوە، یان دەرچوونی یاسایەكی نوێی وەبەرهێنان بكرێت، كە لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی سەردەم و پێداویستییەكانماندا بگونجێت**

چونكە ئێمە هەرێمێكی فیدراڵین لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، كە یەك دەسەڵاتی بانكی ناوەندی بەسەر هەموو ئەو بانكانەدا هەیە، كە لە سنووری ئەو دەوڵەتە كار دەكەن، بە هەرێمی كوردستانیشەوە، دواتر دێتە سەر پێگەیاندنی دەستی كارا و شارەزای بانكی و دارایی.

خاڵی گەوهەری متمانەیە كە بەداخەوە لە هەرێمی كوردستان بە هۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی سیولەی نەختینەیی لە بانكەكان ئەو متمانەیە ونە، ئەمەش هاوكات لەگەڵ پەرەپێدانێكی بەردەوامی هوشیاریی تاك لەدایك دەبێت، بەوەی تۆ چۆن خەڵكەكە ڕادەهێنیت، بەوەی متمانەی هەبێت بە دامەزراوەكانی حكومەت. ئەركی حكومەتی هەرێمی كوردستانە رێگاچارەیەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی متمانە بە سیستەمە بانكییەكە بكرێت، كە لە چەند رێگایەكەوە دێتەدی، لەوانە رێژەی یەدەكی دراوی بیانی و نیشتمانی لەناو بانك هەبێت، یان لە رێگەی ئەو گەرەنتیانەی بانكەكان پێشكەشی مامەڵەكارانیان دەكەن، بەوەی تا چەند زانیارییەكانی خۆی خستووەتە خزمەتی هاووڵاتی و بەدەستهێنانی متمانەوە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر بوونی رێژەی یەدەكی دراوی بیانییە لە بانكەكان، هەرچی بانكە وەبەرهێنەكان، یان بانكە بازرگانی و ئەهلییەكانیش هەیە، كە داوای كاركردن دەكەن لە عێراق و بە هەرێمی كوردستانیشەوە، پێویستە پێشتر مۆڵەتی بانكی ناوەندییان وەرگرتبێت، كە دوای وەرگرتنی مۆڵەتەكەیان لە دەستەی وەبەرهێنان دواتر دەچنە ژێر هەموو ئەو رێنمایی و ڕاسپاردانەی كە لە بانكی ناوەندیی عێراقی دەرچووە. دواتر رۆڵی ڕاگەیاندن و خول و هوشیاری دێت كە لە رێگەی بانكەكانەوە، یان لە رێگەی كارمەندانی وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە، یان لە رێگەی رێكخراوە پەیوەندیدارەكانەوە دێت، كە تاكی كورد و كوردستانی هوشیار دەكەن، لەسەر زەروورەتی بەكارهێنانی كارتی بانكی و وەرگرتنی مووچە بە كارتی بانكی و مامەڵەكردنی ئەلەكترۆنی و كۆتاییهاتن بە مامەڵەی كاش و مەترسییەكانی چ لە رووی ساختەكاری دراوەوە بێت، یان لە رووی ونبوون و دزین و دڕانی دراوە كاغەزییەكانەوە بێت، ئەمە جگە لەوەی دراوەكان لە رووی تەندروستیشەوە هۆكارێكن بۆ گواستنەوەی پەتا و ڤایرۆسی جۆراوجۆر.

بەمشێوەیە دوو هۆكاری سەرەكی لە گەڕانەوەی متمانە بە بانكەكان و بە دۆخی دارایی وڵات هەیە، یەكەمین دەسەڵاتی دارایی و نەختینەیی وڵات (حكومەت و وەزارەتە پەیوەندیدارەكان و بانكەكان) تا چەند هاووڵاتیان هان دەدەن بۆ ئەوەی ڕوو لە مامەڵەی ئەلەكترۆنی و كەرتی بانكی بكەن. دووەمیش تا چەند خەڵكەكە هاندەرە بۆ ئەو گۆڕانكارییە.

لە ئابووریی گشتیدا بابەتێك هەیە بەوەی مرۆڤ تا چەند متمانەی لا دروست دەبێت. ئایا تاكەكان تا چەند خوێندەواریی داراییان هەیە، بۆ نموونە ئەگەر كەسێك ئاستی خوێندەوارییە داراییەكەی نزم بێت، یان لە هەندێك حاڵەتدا خوێندەواریی نییە، یان تەمەنێكی زۆری هەیە و فێری ئەم تەكنەلۆژیا و مامەڵە ئەلەكترۆنی و بانكییانە نییە، بۆ نموونە لە هەژماری من، لە زۆر وڵاتانی دیكەی جیهانیشدا كەسە بەتەمەنەكان بە قورسی دێنە پێشەوە بۆ گۆڕینی مامەڵەكردن لە كاشەوە بۆ كارتی بانكی و زۆرجار لە وڵاتانی پێشكەوتووش دەكەونە بەر فرتوفێڵ و كاری ساختەكارییەوە.

*** خاڵێكی دیكە كە ئاماژەت پێدا، گرفتی كارمەندی لێهاتوو و بەتوانای بانكی بوو. بەداخەوە ئێمە لەم بوارەدا زۆر لە دواوەین. پرسیارەكە ئەوەیە چی بكرێت بۆ ئەوەی هەنگاوەكانی پێگەیاندنی كادیری دارایی و بانكی دەست پێبكەین؟**

- بەدیجیتاڵكردنی حكومەت و بەئەلكترۆنیكردنی كەرتی بانكی و وازهێنان لە مامەڵەی كاش پێویستی بە كادیری پێشكەوتوو هەیە. كەرتی بانكی لەم سەردەمەدا بزوێنەری پێشكەوتنەكان و پەرەپێدانی ئابووری و ڕاگرتنی سەقامگیریی دارایی و ئابوورییە، تەنانەت لە دۆخی قەیرانەكان و كێشە گەورەكاندا فاكتەرێكی سەرەكییە بۆ چارەسەرەكان، بۆیە دەبێت لایەنی مرۆیی و توانای بەشەریی لەئاست ئەم گۆڕانكارییە گەورە و خێرایانەدا بێت و، شارەزایی باش لە بەكارهێنانی تەكنەلۆژیا و هۆكارەكانی پەیوەندی و دیجیتاڵی هەبێت. دەبێت لە رووی شارەزایی دارایی و نەختینەیی و مامەڵكردن لەگەڵ مامەڵەكارانی بانكدا هوشیاری و بەهرەداریش بێت، كاتێك

بانکەکان ئەم جۆرە شارەزاییە مرۆییانەیان هەبێت، خەڵکەکانیش متمانە بەو بانکە دەکەن، چونکە بە ئاسانی ناتوانرێت زیان بە سیستەمە بانکییەکەی بگەیەنرێت.

ئێمە لە بەشی دارایی و بانك لە هەوڵی ئەوەداین پرۆگرامەکانی خوێندن شێوازێکی پراکتیکی بدەینێ، بەوەی توانا و لێهاتوویی قوتابییەکەمان بەرز بکەینەوە و لەگەڵ بازاڕی کاردا بگونجێت. وەکو مامۆستاکانیش شارەزایی باشیان لەگەڵ بانکی ئەلەکترۆنی و پێشکەوتنەکانی سەردەم هەیە. خاڵێکی دیکەی گرنگ کردنەوەی خولەکانی ڕاهێنان و پەرەپێدانە لە ناو فەرمانبەرانی بانکدا، هەر گۆڕانکاری و پێشکەوتنێك دێتە پێشەوە پێویستە بانکەکانی (چ حکوومی و چ ئەهلی و وەبەرهێنان) کاتێکی باشی خۆیان بۆ ئەو گۆڕانکارییانە تەرخان بکەن. لە کۆتاییشدا جێگرتنەوەی سیستەم و وەرچەرخان لە شێوازێکی کلاسیکییەوە بۆ سیستەمێکی پێشکەوتووی دارایی و نەختینەیی و بانکی چەند ساڵێکی دەوێت. بۆیە بواری باش هەیە لە ڕێگەی خولە خێراکانەوە ئاستی شارەزایی بانکی و دارایی و نەختینەیی پێش بخرێت. بۆ نموونە لە عێراقدا تەوتینی مووچە چەندین ساڵی ویستووە، بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتوو بووە. بۆیە هەنگاوەکانی هەژماری منیش کارێکی باشە، چونکە دواجار نەك تەنیا مووچەخۆر، بەڵکو دەبێت کارتی بانکی بۆ چین و توێژەکانی دیکەش هەبێت و لە بازاڕەکانیشدا سۆپەرمارکێت و کاسبکارەکان ئامێری بەکارهێنانی کارتی بانکییان هەبێت.

*** بەو پێیەی بەشێك لە شارەزاییت لە بواری وەبەرهێنانە و ئەم سێکتەرە گرنگەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە وەبەرهێنانەوە هەیە و هاوکات بانکە وەبەرهێنەکانیش ڕوویان لە زیادبوون کردووە، ئایا خوێندنەوەت بۆ یاسای وەبەرهێنان و دامەزراوەکانی ئەم بوارە و پەیوەندییان بە کەرتی بانکییەوە چییە؟**

- یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٦ دەرچوو و هەموار کرایەوە، بەڵام لە ئێستادا وەبەرهێنان چووەتە ئاستێکی دیکە و گۆڕانکاریی زۆری بە سەردا هاتووە. بۆیە پێویست بوو لە پەرلەمان کار بۆ هەموارکردنەوە، یان دەرچوونی یاسایەکی نوێی وەبەرهێنان بکریت، کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم و پێداویستییەکانماندا بگونجێت. کۆمەڵێك ئاسانکاریی زۆر بۆ وەبەرهێنەران لە عێراق و وڵاتانی دەوروبەر هەیە. کارێکی باشە ئاراستەی وەبەرهێنان بەرەو فرەچەشنکردنی ئابووری برا، کە ئەمەش پێویستی بە بانکی وەبەرهێنان هەیە و دەکرێت ئەم سێکتەرە زۆر ئاسانکاریی بۆ بکرێت، بەڵام لەسەر حسابی متمانە و گەرەنتی نا. ئێمە دەبێت زۆر وریا بین لە مەترسییەکانی سپیکردنەوەی پارە و قۆرخکاری و گەندەڵی کە زیانی گەورە بە ئابووری و دارایی و پرۆسەی متمانە دەگەیەنێت. کاتێك ئابووری هەمەچەشن دەبێت، کۆمەڵێك کێشە و قەیران لە کۆڵی حکومەت دەکاتەوە و تەنانەت خەرجییەکانمان کەم دەبێتەوە و بە پێچەوانەوە داهاتەکانمان زیاد دەبێت. ئەم فرەچەشنکردنە لە مەترسیی قەیران و کەمیی سیولەش ڕزگارمان دەکات، بە پێچەوانەشەوە کاتێك وڵات پشت بە ئابوورییەکی ڕەیعی ببەستێت و واتە تەنیا پشت بە یەك کەرتی نەوتی ببەستین، ئەوا لەگەڵ داشکانی بەهای نرخەکاندا ڕووبەڕووی دارمان دەبینەوە. ڕاستە بەهای بەرمیلێك نەوت لە سەرووی ٨٤ دۆلارە و کورتهێنانی بودجەی عێراق کەم بووەتەوە، بەڵام ئەگەر ئابووریی عێراق ڕوو لە کەرتەکانی دیکەی بەرهەمهێنان نەکات، ئەوا لە دوارۆژدا ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی دەبێتەوە و ئێمەش لە گەڵیدا زیانمەند دەبین، چونکە خەرجی و بودجەی بەکارخستن و بەکاربردنی ئەوەندە قەبە و گەورەیە تەحەمولی هیچ قەیرانێکی داشکانی بەهای نەوت ناکات.

ئەگەر نزیکبوونەوەی زیاتری حکومەت لەگەڵ خەڵك و خواستەکانیدا بێت و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ عێراقدا کارێکی باشە و ئومێدبەخشە، بەڵام لەمە گرنگتر بەدامەزراویکردنی دەزگاکانی کوردستان و گرنگیدانە بە فرەچەشکردنی ئابووری، لەم کاتەدا تا ڕاددەیەك کێشەکانمان لە بواری مووچە و پێداویستییەکان چارەسەر بووە، بەڵام پێویستە پشت بە خۆشمان ببەستین و نێوماڵی کورد یەك بخەین و دەستبەرداری دوو ئیدارەیی و بەرژەوەندیی حزبی بین و لێبگەڕێین حکومەت چاکسازی و گۆڕانکاریی ڕاستەقینە ئەنجام بدات.

**کاتێك ئابووری هەمەچەشن دەبێت، کۆمەڵێك کێشە و قەیران لە کۆڵی حکومەت دەکاتەوە و تەنانەت خەرجییەکانمان کەم دەبێتەوە و بە پێچەوانەوە داهاتەکانمان زیاد دەبێت**

**ڕاستە بەهای بەرمیلێك نەوت لە سەرووی ٨٤ دۆلارە و کورتهێنانی بودجەی عێراق کەم بووەتەوە، بەڵام ئەگەر ئابووریی عێراق ڕوو لە کەرتەکانی دیکەی بەرهەمهێنان نەکات، ئەوا لە دوارۆژدا ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی دەبێتەوە**

**پێویستە پشت بە خۆشمان ببەستین و نێوماڵی کورد یەك بخەین و دەستبەرداری دوو ئیدارەیی و بەرژەوەندیی حزبی بین**



سەربەست ئامێدی

سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ گوڵان:

# لابردن و دەستکاریکردنی کۆتای پێکهاتەکان گەورەترین ئاستەنگی بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان درووست کردووە

# گرنگە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان هەموو لایەنە سیاسییەکان رازی بکات بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکە بەشداری بکەن

**بۆ ئەوەی بزانین دەستتێوەردانی دەرەکی و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی عێراق تا چەند کاریگەرییان لەسەر دواکەوتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەبووە، هەروەها ئایا دەستی دەرەکی لە ناو کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراق هەیە و گەڕانەوەی پێنج کورسی کۆتاکان بەپێی پێویست و دادپەروەریی دابەش کراوە و، تا چەند گرنگە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات گفتوگۆ و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکات، بۆ دانانی وادەی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی پرۆسەکە. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ سەربەست ئامێدی سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراق و سەرۆکی رێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن و سەرۆکی تۆڕی چاف بۆ چاودێریی دیموکراسی و مافی مرۆڤ ئەنجام دا.**

*** وەکو سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئایا تا چەند پێت وایە ئەم دەستتێوەردان و بڕیارانەی دادگای فیدراڵیی عێراق زیانی بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان گەیاندووە و بووەتە هۆی دواکەوتنی وادەی هەڵبژاردنەکان؟**

- بەڕاستی ئەو تانەیەی لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان درا، ئەوە زۆر دواکەوت تا دادگای فیدراڵیی بڕیاری لێدا، ئەمەش وای کرد، هەڵبژاردنی پەرلەمان تا وادەیەکی زۆر دوا بکەوێت. جۆری بڕیارەکەش بە شێوەیەك بوو کە ئێستاکەش کێشەی بەدواوەیە، چونکە ئەو یانزە کورسییەی کۆتاکان کە لایان دا، لە هەقیقەتدا کێشەی دروست کردووە. ئەگەرچی دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن، پێنج کورسی گەڕاندووەتەوە، ئەمەش لەلایەکی دیکەوە کێشمەکێش و گرفتی دروست کردووە، لەسەر ئەو دابەشکردنە جوگرافیایەی کە کراوە لە سێ پارێزگای (هەولێر و سلێمانی و دهۆك)، ئایا ئەمە لەسەر بنەمای نەتەوەییە، یان دینییە؟ دیسان ئەمە بابەتێکە بەو شێوەیە نادادپەروەریی تێدایە، چونکە چ تورکمان و چ کریستیانەکان ژمارەیان دیارە لە چ شار و ناوچەیەك زۆرترن، بۆ نموونە کریستیانێکی زۆر لە دهۆك هەن، کەچی یەك کورسییان بۆ دانراوە، بەڵام بەگشتی ئەو بڕیارەی دەستەی دادوەری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عێراق بڕیارێکی باشە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت.

**ئەو بڕیارەی دەستەی دادوەری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عێراق بڕیارێکی باشە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت**

بەگشتی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی وای کرد، هەڵبژاردن بۆ ماوەی ساڵێك دوا بکەوێت، ئەمە وێڕای ئەوەی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی لەگەڵ زۆر خاڵی دەستووری عێراق ناگونجێت، چونکە وەکو دەوڵەتێکی فیدراڵی پێویستە هەموو بڕیار و کارەکان بەپێی دەستوور بێت، ئەمەش بە ئاشکرا لە ماددەی (٩٣)دا دەستنیشان کراوە .

*** ئایا تا چەند فشاری سیاسی و دەستتێوەردانی دەرەکی لەم بڕیارانەی دادگا و تەنانەت لەناو خودی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق هەیە؟**

- بە بۆچوونی من، دەبێت دەستەی کۆمیسیۆن

**بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی وای کرد، هەڵبژاردن بۆ ماوەی ساڵێک دوا بکەوێت**

**بە هیچ جۆرێک کاری دادگای فیدراڵی، یان هەر دادگا و داوەرێک ئەوە نییە لە بری پەرلەمانی کوردستان بڕیار بدەن**

**دیارە دەستتێوەردانی دەرەکی لە کاروباری کۆمیسیۆن نییە، بەڵام بۆی هەیە، کاریگەری لابەلا و سیاسی لەسەر دادگای فیدراڵی هەبێت**

**ئەگەر حکومەت بودجە بۆ هەڵبژاردنێک تەرخان نەکات، واتە ئەو هەڵبژاردنە ناکرێت**

بە هیچ شێوەیەک بە ئاراستەی سیاسیی هیچ لایەن و کەسێك پابەند نەبێت. هەر کارێکی سیاسی، کاریگەریی لەسەر تایبەتمەندی و کارەکانی کۆمیسیۆن دروست دەکات و خراپە، لەلایەکی دیکە بە هیچ جۆرێك کاری دادگای فیدراڵی، یان هەر دادگا و دادوەرێك ئەوە نییە لە بری پەرلەمانی کوردستان بڕیار بدەن. دیارە دەستتێوەردانی دەرەکی لە کاروباری کۆمیسیۆن نییە، بەڵام بۆی هەیە، کاریگەریی لابەلا و سیاسی لەسەر دادگای فیدراڵی هەبێت، یان بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و دەستەی دادوەریی کۆمیسیۆن باش و بەپێی پێویست نەبن، چونکە کاری کۆمیسیۆن جێبەجێکردنی هەر بڕیار و ڕێنماییەکە لەهەر شوێنێکی پەیوەندیدار لە دەستەی دادوەریی کۆمیسیۆن، یان دادگایەکی دیکە دەربچێت، کە پەیوەندی بە هەڵبژاردن و کۆمیسیۆن هەبێت، کاری کۆمیسیۆنیش تەنیا جێبەجێکردنە. هەروەها باوەڕ ناکەم کاریگەریی دەرەکی، یان ناوخۆیی لەسەر کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەبێت. هەروەها من گلەییم لەوەدایە کە بۆچی کۆمیسیۆن بۆ هەموو میدیا و ڕاگەیاندنەکان ڕوونی ناکاتەوە و بە ئاشکرا بڵێت، ئەو بڕیارە یان ئەو یاسایەی لە فلان شوێن دەرچووە، گونجاو و باش نییە و کاری ئێمەش تەنیا جێبەجێکردنەوە و بەس، تاوەکو هەموو خەڵك بزانێت هەڵە و کەموکورییەکان لە کوێوەیە و کۆمیسیۆن پەیوەندی بەو بڕیار و کارانەوە نییە.

*** گرنگترینی ئەو ئالنگاری و کێشانە چین کەوا کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕووبەڕووی دەبێتەوە؟**

- هەندێك جار ئەو کێشە و ئالنگارییانەی کە دێتە پێشی کۆمیسیۆن، لە ئەنجامی یاسا و بڕیارەکانە، بۆیە پێویستە ئەو ماددە و دەق و یاسایانەی دەردەچن، گفتوگۆ و هاریکاری و دانیشتن دەربارەیان لەگەڵ کۆمیسیۆن بکرێت، چونکە کۆمیسیۆن تایبەتمەندە بە هەڵبژاردن و کارەکانی چ تەکنیکی بێت، چ یاسایی و ئەنجامدانی بێت، لەلایەکی دیکەوە ئالنگاریی دارایی هەیە، ئەگەر حکومەت بودجە بۆ هەڵبژاردنێك تەرخان نەکات، واتە ئەو هەڵبژاردنە ناکرێت، هەروەها خاڵێکی دیکەش کێشە و گرفت دروست دەکات بۆ کۆمیسیۆن، ئەویش ئەوەیە کە ماوەی کارکردنی کۆمیسیۆن لە یاساکە کرا بە چوار ساڵ، ئەگەرچی باشترە شەش ساڵ بێت، یان ماوەی کۆمیسیۆن لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، چونکە لە کاتێك کۆمیسیۆن ماوەی پێنج ساڵ بووایە، پێویستی بەوە نەدەکرد، یاسای کۆمیسیۆن هەموار بکەنەوە. ئالنگارییەکی دیکە میدیایە، چونکە زۆربەی میدیا و کەناڵەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق حزبین ئەو میدیا و ڕاگەیاندکارانەش لەڕووی حزبییەوە سەیری کارەکانی کۆمیسیۆن دەکەن، کە زۆر جار هەواڵی ناڕاست و دوور لە واقیعەکە بە خەڵك دەگەیەنن، ئەمەش کاریگەریی زۆر نەرێنی و خراپ دروست دەکات، هەر ئەم هۆکارەشە وای کردووە، ساڵ لە دوای ساڵ و هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن ڕێژەی بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردنەکان کەمتر ببێتەوە، چونکە خەڵك باوەڕی بە حزب و لایەنە سیاسییەکان نەماوە، یان کەمی کردووە.

*** پێکهاتەکانی کوردستان نارازین و نیگەرانن لەسەر دوا بڕیاری (ژمارە و دابەشکردنی کورسیی پێکهاتەکان) و پەرشوبڵاوکردنەوەی دەنگەکانیان بە سەر سێ بازنەی هەڵبژاردندا و تێبینی و سەرنجی خۆیان هەیە. ئایا ئەمە تاچەند کێشە دروست دەکات، بەتایبەتی کە پێکهاتەکان بەشێکی ڕەسەنن لە گەلی کوردستان؟**

- بێگومان ئەو بڕیارەی گەڕانەوەی پێنج کورسییەکەی کۆتاکان کێشە و بێنەوبەردەیەکی زۆری دروست کردووە، بەتایبەتی لە ڕووی دابەشکردنەکەیدا کە دادپەروەری تێدا نییە، بەڵام ئەوەی لێرە گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە هەڵبژاردنەی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان زۆر دوا کەوتووە، بۆیە پێویستە و نابێت جارێکی دیکە دوا بکەوێت، لەبەر ئەوەی کاریگەریی زۆر خراپ و مەترسیدار لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات، هەر چەندە ئەو گەڕانەوەی پێنج کورسیی کۆتایە کێشە و گرفتی زۆری هەیە، بەڵام پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆك بن و لەگەڵ ئەوە بن کە هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت، سەرەڕای ئەمەش پێکهاتەکان بۆیان هەیە و دەتوانن تانە لەو بڕیارەی دەستەی دادوەریی کۆمیسیۆن بدەن. لەلایەکی دیکەوە بە بۆچوونی من دەبێت و

پێویستە پێکهاتەکان لە هەڵبژارنەکەدا بە یەك بازنە بەشداری بکەن، بۆ ئەوەی دەنگیان بزر و پەرشوبڵاو نەبێت، وەکو ئەوەی لە عێراق پەیڕەو دەکرێت. لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە کە پێویستە لەو کاتەی ئەمجارە کە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دیاری دەکرێت کە ٩/٥ یان کۆتای مانگی (٩)ی ئەمساڵ هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت، بۆ هەرێمی کوردستان دەرئەنجامەکەی زۆر باش دەبێت.

*** کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە توانایدا هەیە لەو وادەیەی ئەمساڵ بۆ هەڵبژارنەکان خۆی ئامادە بکات، بەتایبەتی کە خەرجی و خۆئامادەکردنی پێویستە، بەتایبەتی کە خۆت لە ساڵی ٢٠٢٣ پێشبینیی ئەوەت کرد کە لەو ساڵەدا هەڵبژاردن ناکرێت؟**

- ئەو کات ساڵی ٢٠٢٣ زۆر ئاشکرا بوو کە کێشەکان بە جۆرێك بوون کە نەدەتوانرا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، هەر دەرئەنجامەکەش ئەوە بوو کە هەڵبژاردنەکە نەکرا، بەڵام ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرێت و لایەنەکانیش دەبێت هەموو هەوڵ و کارەکانیان بۆ ئەوە بێت، ئەو وادەی دیاری دەکرێت لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە، ئەمجارە پرۆسەی هەڵبژارنەکەی تێدا ئەنجام بدەن و، هەرێمی کوردستان پەرلەمانەکەی دەست بە کارەکانی خۆی بکاتەوە، بەتایبەتی لە ڕووی دانانی چەندین یاسای پێویست کە تاوەکو ئێستا وەکو پرۆژە ماون و پێویستن بۆ ئیدارەدانی کوردستان. لەلایەکی دیکەوە کۆمیسیۆن لە ماوەی ڕابردوو کارێکی زۆر و خۆئامادەکردنێکی باشی ئەنجام داوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەش بودجە تەرخان کراوە و ئەو ماوەیەی کە ماویشە و نزیکەی چوار مانگە بۆ کارەکانی کۆمیسیۆن بۆ هەڵبژاردنەکە بەڕای من بەسە و دەتوانێت هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدات.

*** تا چەند هەوڵەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ یەکخستنی لایەنە سیاسییەکان و کەمکردنەوەی گرژییەکان گرنگن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن؟ ئایا هەماهەنگیی نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق تا چەند گرنگە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن؟**

- هەوڵەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم لەم بوارەدا زۆر پێویست و گرنگن و هەوڵیشیان داوە، ئەگەرچی لە پێش ساڵی ٢٠٢٤ دیار بوو کە لایەنێکی کوردستانی نەیدەوێست هەڵبژاردن بکرێت، لە پاشان کە بڕیاری دادگای فیدراڵی لەسەر لابردنی کورسیی کۆتاکان درا، پارتی دیموکراتی کوردستان نەیدەویست لە هەڵبژاردن بەشداری بکات. هەر کاتێکیش لایەنێکی وەکو یەکێتی، یان پارتی کە دوو لایەنی دیار و کاریگەرن، لە هەڵبژاردن بەشداری نەکەن، هەڵبژاردنەکە لە ڕووی پراکتیکییەوە ناکرێت. بێگومان بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێت لەگەڵ لایەنەکان بە گشتی گفتوگۆ بکات، بۆ ئەوەی بتوانن هەموو لایەنەکان لە هەڵبژاردن بەشدار بن و کات و وادەیەك دیاری بکات بۆ هەڵبژاردانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان. بە بۆچوونی من هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یان زۆربەیان کۆکن بۆ ئەوەی لە ئەمساڵدا هەڵبژاردنەکە بکرێت.

*** وەکو کەسێکی شارەزا لە پرۆسەی هەڵبژارندا، ئایا پێتوایە تا چەند پرۆسەی هەڵبژاردن کێشەکان چارەسەر دەکات، بەتایبەتی ئەگەر ململانێکانی ناو حزبەکانی کوردستان بەم ئاقارە ناسرووشتییەدا بڕوات؟**

- بێگومان لە هەر وڵاتێك کێشەی سیاسی هەبێت، ئەوە هەڵبژاردن دەکرێت و هەندێکجار پێویست دەکات هەڵبژاردنی پێشوەختەش ئەنجام بدرێت. بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان هیچ هەڵبژاردنێك لە کاتی خۆی نەکراوە، چونکە هەڵبژاردن و سندوقی دەنگدانە وادەکات دەستاودەستکردن لە دەسەڵات و گۆڕانکاری لە دەسەڵات بکرێت، تا ئێستاش لە ژیانی مرۆڤایەتییەوە ڕێگایەك نەدۆزراوەتەوە جگە لە هەڵبژاردن بۆ ئەو کارە، بەڵام ڕێگای دیکەش هەیە، وەك دەسەڵات سەپاندن و دیکتاتۆریەت، ئەمانەش بەڕاستی باش نین و قبوولکراو نین. هەر بۆیە تاکە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکانی هەر کۆمەڵگە و وڵاتێك هەڵبژاردنە و بۆ هەرێمی کوردستانیش بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی و ئەوانەی لەگەڵ بەغداش هەیە، هەر هەڵبژاردنە و تاکە ڕێگاشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی ناوخۆ و ئەوانەی عێراقیش.

**زۆربەی میدیا و کەناڵەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق حزبین ئەو میدیا و ڕاگەیاندکارانەش لەڕووی حزبییەوە سەیری کارەکانی کۆمیسیۆن دەکەن**

**زۆر جار هەواڵی ناڕاست و دوور لە واقیعەکە بە خەڵک دەگەیەنن، ئەمەش کاریگەریی زۆر نەرێنی و خراپ دروست دەکات، هەر ئەم هۆکارەشە وای کردووە، ساڵ لە دوای ساڵ و هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان کەمتر ببێتەوە**

**هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یان زۆربەیان کۆکن بۆ ئەوەی لە ئەمساڵدا هەڵبژاردنەکە بکرێت**

**بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان هیچ هەڵبژاردنێک لە کاتی خۆی نەکراوە تاکە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکانی هەر کۆمەڵگە و وڵاتێک هەڵبژاردنە**



**پڕۆڤیسۆرێ یاریدەدەر دکتۆر حەمید باقی**

**بسپۆڕ و شارەزا ل دیروکا ئیسلامی بو گولان:**

# دڤیا کادر و ئەندامێن پارتێن ئیسلامیش چووبانە د سەنگەرێن شەری دا و بەرەڤانی ژ کوردستانێ و مللەتی کربا

**د. حەمید باقی پروفیسوریٚ هاریکار ماموستا ل سالێن (١٩٧٨-١٩٨٢) کولیژا شەریعەتی ل زانکویا بەغدا خواندیە وخلاسکریە و بەکالوریوس ب (شەریعەتی) وەرگرتیە، ل سالێن (١٩٨٣-١٩٨٥) هاتە وەرگرتن ل خواندنا بلند ل پشکا ئایینی/ کولیژا شەریعەتی/ زانکویا بەغدا و خواندیە وباوەرناما ماجستێری وەرگرتیە ب ناما خوە (تدوین الکتب المقدسة: التوراة، الإنجیل، القرآن)- ڤەکولینەکا هەڤبەرکری، چەند ڤەکولین وبابەتێن ئایینی ودیروکی نڤێسینە و هندەک بەلاڤەکرینە، لەوما گوڤارا گولان بفەرزانی هەڤدیتنەکێ دگەل بکەن دەربارەی چەند پرسێت گرێدایی ب لایەنێ نەتەوەیی و ئایینیڤە .**

* پشتی رووخانا خەلافەتا ئیسلامی ل ئەستەنبولْ، رێکخراوا ئیخوان موسلمین لە میسر هاتە دامەزراندن بو دووبارە زڤراندنا خەلافەتا ئیسلامی، پشتی هنگی فیکرا ئیخوان بوویە فیکرەکا جیهانی، ئەڤەش بوو ئەگەرێ دابەشبوونا ئیسلامێ بو سیاسیی و عیبادەت، ئەڤ دابەش بوونا ئیسلامێ بو ئیسلاما سیاسیی چەند خزمەت ب ئیسلامێ کرییە؟

- دولەتا عوسمانی (یا تورکی) پتر ژ (٦٠٠) سالان - ژ سالا ١٢٩٩ هەتا ١٩٢٣- حوکمڕانی یا ل بیاڤەکێ بەرفرەهـ کری ل چەندین وەلاتێن دەڤەرا ناڤەڕاست هەروەسا ل چەند وەلاتێن ئەورووپا ژی، و دەستهەلاتەکا خورت هەبوو بتایبەتی ل قوناغێن دەستپێکێ، پاشی پیچ پیچە لاواز بوو ب ئەگەرێ گەندەلییا کارگێری و دارایی و رەوشتی ..هەد، چونکو ب سەرڤە کراسێ (ئیسلامێ) کر بوویە بەرخوە، و خوە دهینا دەرێ کە یا شەریعەتێ ئیسلامێ ب جە دینیت، بەلێ ژ بنڤە (دەستهەلاتەکا تورکی بوو) و سولتانا بخوە خوینا ئێک و دوو ڤەدخوار سەرا دەستهەلاتێ و کورسیکێ و پارا وخوشیێن دونیایێ !، لەوما ژی سەنگ وبهایێ وێ کێم بوو د ناڤ جیهانا ئیسلامی دا و ئەو پیروزییا خوە نەما وەک (خیلافەتا ئیسلامی)، ومللەتێن دی ژی رابوونە سەر خوە وئەوان ژی داخوازا مافێن خوە یێن نەتەوی کرن مینا (دەولەتا عوسمانییان) وشورەشێن جودا جودا ل چەندین جهـ و دەڤەران سەرهلدان.

ڤێجا (وەلاتێ مصرێ)- ئەو دەولەتا مەزن وخودانا زانینگەها ئەزهەری وپارت و گروپێن سیاسی و سەنتەرێن زانستی وهزرا هشیاربوونا نەتەوی- بزاڤ کر کە رولەکێ مینا رولێ (دەولەتا عوسمانیێن تورک) بگێریت، ئینا پارتا (الإخوان المسلمون) هاتە دامەزراندن- وەک بزاڤەکا ئایینی و جڤاکی و چاکسازی- (ل ٢٢ ئادارا سالا ١٩٢٨ێ) ل باژێرێ ئیسماعیلییە ل مصرێ ب سەرکێشیا خودێ ژێ رازی : حسن البنا (١٩٠٦- ١٩٤٩ )، و پشتەڤانیا چەندین زانا و رەوشەنبیران و ماموستاییێن زانکویان، کە چوونە د ناڤ کولان وجادە وچایخانان دا، و هاریکارییا دەستکورت و هەژاران کر وجەماوەرەکێ زور ل دورا کومبوو ب هیڤییا هندێ کە ڕەوشا وان و جڤاکی ب گشتی بگهوڕن بەرەف باشتر وخوشتر، بەلێ مخابن دەمێ سەرکردایەتییا (ئیخوانا) ئەو هێزا جەماوەری یا مەزن ل دورێن خوە دیتی رەنگەکێ (غرور)ێ ل دەف پەیدا بوو و دلێ وان ژی (تەماعییا) دەستهەلاتێ و کورسیکێ کر و چاڤێن وان ژی چوونە پارا و دونیایێ، ئینا تێکەلی سیاسەتێ بوون و دیار کر بو رایا گشتی کە (سیاسەت و دین) ژێک ناهێنە دابڕین و ژمارەکا زانایان و گروپان ژی ل جیهانا ئیسلامی پشتگیرییا ڤێ دیتنێ کر

**دەمێ سەرکردایەتییا (ئیخوانا) ئەو هێزا جەماوەری یا مەزن ل دورێن خوە دیتی رەنگەکێ (غرور)ێ ل دەف پەیدا بوو و دلێ وان ژی (تەماعییا) دەستهەلاتێ و کورسیکێ کر و چاڤێن وان ژی چوونە پارا و دونیایێ، ئینا تێکەلی سیاسەتێ بوون و دیار کر بو رایا گشتی کە (سیاسەت و دین) ژێک ناهێنە دابڕین**

> **ژ بو ب دەستڤەئینا دەستهەلاتێ گروپێن توندوتیژ دەرکەفتن وکوشتن هاتە کرن دژی هندەک کەسان و بەرژەوەندییێن دەستهەلاتا دەولەتێ، و هندەک کەس ودەستهەلاتا ب (گاوریێ/ کوفرێ) هاتنە (وەصف) کرن**

> **ئیخوانا بزاڤ دکر ئایینی ئیسلامێ یێ پیروز وەک ئەمرازەک بو گەهشتنا مەرەمێن خوە یێن سیاسی و دونیایی بکاربینن (چ د ڕەوا بن یان نە دڕەوا بن!**

> **بێگومان ئەڤ ژێکڤەبوون و پارچەبوونە خزمەتا جڤاکێ ئیماندار ناکەت ، بەلکو زیانێ دگەهینیتە ئایینێ ئیسلامێ، و بانگخوازێن موسلمان لاواز دکەن بەرامبەری ئالییێن دی**

و دکەن هەتا نوکە ودبێژن: دین چارەسەرییە ژ بو هەمی کاروبارێن مروڤی و جڤاکی یێن ئایینی، رەوشەنبیری، رەوشتی، زانستی و جڤاکی، سیاسی، کارگێری و ئابوری. لەوما ژی ژ بو ب دەستڤەئینا دەستهەلاتێ گروپێن توندوتیژ دەرکەفتن وکوشتن هاتە کرن دژی هندەک کەسان و بەرژەوەندییێن دەستهەلاتا دەولەتێ، و هندەک کەس ودەستهەلاتا ب (گاوریێ/ کوفرێ) هاتنە (وەصف) کرن، ڤێجا سەرەرای بەلاڤبوونا بیر و هزرێن پارتا (ئیخوانا) ل ڕانیا وەلاتێن جیهانا ئیسلامێ بەلێ ژ بەر چوونا وان بو ناڤ سیاسەتێ و پاراستنا بەرژەوەندیێن دونیایی ئەو ژی پارچە پارچە بوون وبوونە چەندین گروپ، ڕێکخراو و پارتێن ئایینی- سیاسی ... چونکو هندەک شەنگستە و بنەماییێن سەرەکی د ناڤ (ئیخوانا) دا پەیدا بوون- ب دلێ هەمییان نەبوون- مینا:

أ- دەرکەفتن وکارکرن دژی حاکمێ دەولەتێ (چ کافر بیت یان نە)، چونکو ئەو نە (ولی أمر المسلمین)ە ل دەف وان، بەلکو دڤێت گوهدارییا (خلیفة المسلمین) بهێتە کرن وفەرمانا وی بهێتە بجهئینان ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ النساء: ٥٩، و نابیت بێ ئەمرییا خودێ بهێتە کرن ژ بەر کەسەکی (لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق) هەروەسا (عن عبد الله بن عمر رضي الله عنه أن النبي صلى الله عليه وسلم قال: (على المرءِ المسلم السمْع والطاعة فيما أحبّ وكَرِه إلا أن يُؤْمَر بمعصية، فإن أُمِرَ بمعصية فلا سَمْع ولا طاعة) رواه مسلم.

ب- دڤێت ژدل بەیعەتا (سەرکێشێ گشتی/ المرشد العام) بهێتە کرن بێ دوودلێ، ونابیت کەس ژ فەرمانا وی دەرکەڤیت، و بەرژەوەندییا پارتا (ئیخوانا) ئەرکە وفەرە بهێتە پاراستن (کە وەکی روکنەکێ ئایینی یێ سەرەکی لێکر)، کە دڤێت مینا صوفییەکی بیت ژ فەرمانا شێخێ خوە دەرنەکەڤیت، و مینا سەربازەکێ لەشکەری بیت ژ فەرمانا فەرماندێ خوە دەرنەکەڤیت ویێ بێگومان و دوودلی بیت.

و هوسا (بەرژەوەندی) وەکی شەنگستەیەکێ لێهات، و تشتەکێ دیارە ژی هەر ئێکی (بەرژەوەندی) ژی وەکی زانینا خوە ددیت وشروڤە دکر.

ت- بکارئینانا ئایینی ئیسلامێ یێ پیروز وەک ئەمرازەک بو گەهشتنا مەرەمێن خوە یێن سیاسی و دونیایی (چ د ڕەوا بن یان نە دڕەوا بن!)، چونکو دڤێت موسلمان ب ئاشکەرایی وب نەپەنی ونهێنی وەکی ئێک بیت، نابیت تشتەکی نیشا خەلکی بدەت و بزاڤێ و کاری بو مەرەم وتشتەکێ دی بکەت .

ث- دانانا دروستییێ و ڕاستگوویی بو خوە ب تنێ دویر ژ کوما جڤاکێ موسلمان و ئیماندار، هەتا وی ڕادەی دگوتن: جڤاک یێ نەزانە و(جاهلە)، بێگومان ئەڤ (ئیحتیکارە) کارەکێ گەلەک خرابە و ژێکڤەکرنەکە د ناڤ جڤاکێ ئیسلامێ دا.

ج- نەپێگیریکرن ب ڤیانا وەلاتێ وبەرڤانی ژێ کرنێ و پاراستنا بەرژەوەندییێن مللەتی یێن گشتی و ڕێزگرتن ل پێکڤەژیانا جڤاکی د ناڤبەرا هەمی تەخ و چینێن ئایینی و مەزهەبی و هزری ونەتەوی کە ڕانیا جڤاکێن دەڤەری د تێکەلن ژ گەلەک نەتەوە و ئایین و مەزهەبان پێکدهێن.

ئەڤ ئەگەرێن لسەری و چەندەکێن دی بوونە ئەگەرێ ژێکڤەبوونا وان ژ ئێک و دوو، زێدەباری هەبوونا پوست و پارە و بەرژەوەندییێن دونیایێ یێن جودا جودا .

بێگومان ئەڤ ژێکڤەبوون و پارچەبوونە خزمەتا جڤاکێ ئیماندار ناکەت ، بەلکو زیانێ دگەهینیتە ئایینێ ئیسلامێ، و بانگخوازێن موسلمان لاواز دکەن بەرامبەری ئالییێن دی دەمێ د بێژنێ: ئەگەر مەرەما هەوە ئایین وخودێ و پێغەمبەر بیت (ﷺ) بوچی هووین بخوە ئێک ودوو ناگرن و نابنە ئێک؟ و بوچی هوین تێکەلی سیاسەتێ دبن؟ بوچی هووین ئایینی بکاردئینن ژ بو گەهشتنا بەرژەوەندیێن سیاسی؟ .

ب دیتنا من: یا باش ئەو بوو خویشک وبراییێن پارتیا (ئیخوانا) داکوکی ل پەروەردێ کربایە و بەرەبابەکێ پێگیر ب ئایین و رەوشت و ڕاستگوییێ ئاڤاکربایە شوینا وەرگرتنا چەند

کورسیک و پوستەکێن سیاسی، زێدەباری دڤیا ڤیانا وەلاتی د دلێ مللەتێ مە دا چاند بایە دا ئێدی کەس ژ جیرانێن مە (عەرەب وتورک وفارس) نە شیابایە زولم و زوردارییێ ل مللەتێ مە بکەن و جینوساید وقرکرن و ئەنفالان ب سەری بینن!.

*** ل گورەی ڤێ دیروکا ئێخوان موسلمین، زەلال بویە کو فیکرا ئیسلاما سیاسیی گرنگی ب پرسا وڵات و نەتەوەی نادەت، پیرۆزێیت نەتەوەی بێ بەها دکەن، ل کوردستانێش دبینین کە ل ڤان مەدرەسا حزبێن ئیسلامی سەرپەرشتێی لێدکەن، پرۆگرامێن نەهێلانا هزرا نەتەوەی و نیشتمانییە، هەروەسا دبینین سەرکردێت حزبێت ئیسلامی رێز ل سروودا ئەی رەقیب ناگرن، ئایا رەشڤەکرنا ئینتیما و پیرۆزێین نیشتمانی چ کارەساتەک دێ لێ چێ بیت؟**

- ب دیتنا من کەسێ موسلمان ومروڤێ ئولدار گەلەک گرنگییێ ب (ئاخ و وەلات)ێ خوە وب (جڤاک و مللەتێ) خوە ددەت و بەرەڤانییێ ژێ دکەت، بەلکو ئەرکە و فەرە لسەر هەر موسلمانەکێ خوە و ئایین و مال و مولک و ناموسا خوە بپارێزیت و ب دەست کەسێ ڤە بەرنە ددەت، خوە کێ بیت و ب چ ناڤ هێرشێ بکەتە سەر وەلات ومللەتێ مروڤی !!؟، هەروەکی د گوتنەکا پێغەمبەری دا (ﷺ) هاتی: (مـَنْ قُتِل دُونَ مالِه فهُو شَهِيدٌ، ومـَنْ قُتـلَ دُونَ دمه فهُو شَهِيدٌ، وَمَنْ قُتِلَ دُونَ دِينه فَهو شَهِيدٌ، ومـَنْ قُتِل دُونَ أَهْلِه فهُو شَهِيدٌ) رواه أَبو داود، والترمذي وَقالَ: حديثٌ حسنٌ صحيحٌ.

هەروەسا د حەدیسەکا دی دا هاتیە (عَنْ أَبي هُريرة (رض)، قالَ: جاء رجُلٌ إِلَى رَسُول اللَّه (ﷺ) فَقَال: يَا رسولَ اللَّه أَرأَيت إِنْ جاءَ رَجُلٌ يُرِيدُ أَخذَ مَالي؟ قَالَ: (فَلا تُعْطه مالَكَ) قَالَ: أَرأَيْتَ إِنْ قَاتلني؟ قَالَ: (قَاتلْهُ). قَالَ: أَرأَيت إِنْ قَتَلَني؟ قَالَ: (فَأَنْت شَهيدٌ) قَالَ: أَرأَيْتَ إِنْ قَتَلْتُهُ؟ قَالَ: (هُوَ فِي النَّار) رواهُ مسلمٌ.

لەوما ئەز د بێژم: ئاشکرایە مروڤێ ئولدار حەز ژ وەلات و مللەتێ خوە دکەت و بەرەڤانییێ ژێ دکەت وجانێ خوە گوری دکەت وخوە بو پاراستنا سەروەرییا وەلاتی و بەرژەوەندییا گشتی یا مللەتی د دەتە شەهید کرن، بەلێ ئەوا هاتیە کرن کە هندەک پارتێن ئیسلامی گرنگییێ ب وەلاتی نادەن و بەرەڤانییێ ژێ ناکەن ئەو مەرەمێن سیاسی یێن ل پشت رەفتار وکارێ وان هەی!، مخابن دڤیا کادر و ئەندامێن پارتێن ئایینی مینا پارتێن نەتەوی وجەماوەری و مەدەنی چووبانە د سەنگەرێن شەری دا و بەرەڤانی ژ وەلاتێ کوردستانێ و ژ مللەتی کربایە ! چونکو (وەلات) یێ هەمیانە، دڤیا پارتێن ئیسلامی هەڤسەنگیەکێ رابگرن د ناڤبەرا دوزێن نیشتیمانپەروەری وئایینی دا و رێزێ ل ئازادیێ و پێکڤەژیانا جڤاکی وئایینی و مەزهەبی بگرن، زێدەباری هێمایێن لێبورینێ و ئێکگرتنێ ومللەتینێ، هەروەسا دڤێت رێز ل پیروزیێن وەلاتی ومللەتی (ئەوێن رێکەفتنا گشتی و جەماوەری لسەر هاتیە کرن) بهێتە گرتن ب فەرمی، چونکو هەر پارتەکا وە نە کەت دێ یا نامو بیت د ناڤ جڤاکێ کوردستانێ دا و ب سەرناکەڤیت و نەشێت خزمەتا مللەتی بکەت ب هەمی تەخ و چینا ڤە.

*** ئەم وەك گەلەکێ موسڵمان « گەلێ کورد» ، خودان دیروکەکا پاکژا موسڵمانیەتی و کوردایەتێی ینە و چەند زانایێن مەزنێت ئیسلامی مە یێت هەین هەر لە ئەحمەدی خانی هەتا دگەتە مەولەوی و نالی، بوچی ئیسلاما سیاسیی ڤێ دیروکێ پشتگوە دخەت و دڤێت دیروکەکا دی ل کوردستانێ بەڵاڤ بکەت کو ئەویش دیروکا عەرەبییە؟**

- خەلەتی وشاشیەکا هەرە مەزنە کە پارتەکا ئیسلامی هەبیت و دیروکا (گەلێ کوردستانێ) و خزمەتێن وی ئەوێن پێشکێشی جیهانا ئیسلامی و مروڤایەتیێ کرین پاشگوهڤە پاڤێت و پویتە پێ نەکەت، قەت نابیت دیروکا نەتەوێ عەرەب وتورک وفارس ب هێجەتا ئایینێ ئیسلامی زال بکەن لسەر دیروکا (مللەتێ کورد)، بەلکو دڤێت ئەو زولم و ستەما عەرەب وتورک و فارسا ل کوردا ول جڤاکێ کوردستانێ کری بهێتە بەرچاڤ کرن و کار ل سەر بهێتە کرن دا دووبارە نە بنەڤە جارەکا دی، و ئەڤ چەندە ئەرکێ زانایێن ئایینی و مەلایێن کورد و پارتێن سیاسییە ل پێشیا هەمیان ژی پارتێن ئیسلامی، کو دڤێت کارەکێی وەسا بکەن کو وەلات ژ داگیرکرنێ رزگار ببیت ومللەت ژ بندەستێی ئازاد وقورتال ببیت.

**کەسێ موسلمان ومروڤێ ئولدار گەلەک گرنگیێ ب (ئاخ و وەلات)ێ خوە وب (جڤاک و مللەتێ) خوە ددەت و بەرەڤانییێ ژێ دکەت**

**هندەک پارتێن ئیسلامی گرنگیێ ب وەلاتی نادەن و بەرەڤانیێ ژێ ناکەن ئەو مەرەمێن سیاسی یێن ل پشت رەفتار وکارێ وان هەی!**

**قەت نابیت دیروکا نەتەوێ عەرەب وتورک وفارس ب هێجەتا ئایینێ ئیسلامی زال بکەن لسەر دیروکا (مللەتێ کورد)، بەلکو دڤێت ئەو زولم و ستەما عەرەب وتورک و فارسا ل کوردا ول جڤاکێ کوردستانێ کری بهێتە بەرچاڤ کرن**



**زەینەب موراد فەیلی**

ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە بەلجیکا بۆ گوڵان:

# پێویستە بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی جینۆسایدی کوردی فەیلی لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی بکرێت

# نهێنییەک لە پشت شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی کوردی فەیلی هەیە، تاکو ئێستاش لە عێراقدا چەندین لایەنی ئەم تاوانە بە نهێنی ماوەتەوە

## لەناو زیندانەکانیشدا پیاوانی ڕژێمی بەعس وەحشییانە دەستدرێژی و ئەشکەنجەی ئافرەتانی فەیلیان داوە

**کورد بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە ناو دەوڵەتی عێراقدا هەر لە پادشایەتییەوە تاوەکو کۆماری ڕووبەڕووی سڕینەوەی ناسنامەی بووەتەوە و بەردەوام پەراوێز خراوە و کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی دەرهەق ئەنجام دراوە. کارەساتی جینۆسایدی کوردی فەیلییش وەکو پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کورد هەر لەم چوارچێوەیەدا هاتووە، بۆ داگیرکردنی زەوی و خاکی کوردان و کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە بەغدا، ڕەگەزنامەیان لێ سەندراوەتەوە و زۆربەیان بە زۆرەملێ ڕاپێچی وڵاتی ئێرانیان کردوون. گۆڤاری گوڵان لە زنجیرە دیدارەکانیدا بۆ هەڵدانەوەی ئەم جینۆسایدە، چەند پرسیاری ئاراستەی زەینەب موراد فەیلی، کەسایەتیی ناسراوی ناو کوردی فەیلی و ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە بەلجیکا کرد و، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بەو پێیەی لە نەوەدەکانەوە کار لەسەر کەیسی جینۆسایدی کوردی فەیلی دەکەیت، دەکرێت سەرەتای پرسیارەکەمان بەوە دەست پێ بکەین، بۆچی کوردی فەیلی لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا کەوتوونەتە بەر ئەم شاڵاوەی جینۆساید؟**

- کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی دژ بە کوردە فەیلییەکان جینۆسایدێکی مرۆیی و نەتەوەییە و دەچێتە قالبی جینۆسایدی نێودەوڵەتییەوە، چونکە ئامانج لێی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و کەلتووری نەتەوەیەکە، بێ گوێدانە یاسا و عورفی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا، هەر لەبەر ئەوەی کورد لە ڕووی نەتەوەیی و مەزهەبییەوە جیا بوون، بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێرانیان کردن و ماڵ و سامانیان تاڵان کران و گەنجەکانیان ڕاپێچی زیندانەکان کران، لەوێشەوە گەنجە زیندانیکراوەکان ژمارەیەکی زۆریان بێسەروشوێن کران و کوژران. تاوانەکە ئەوەندە قێزەوەن بووە، دەچێتە چوارچێوەی ڕەشبگیری و لەناوبردنی بەکۆمەڵەوە. ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەتایبەتی بەعسییەکان نەك تەنیا وەکو هاووڵاتی پلە دوو سەیری کوردی فەیلییان دەکرد، بەڵکو وەکو هاووڵاتییەکی پاشکەوتەی ئێران مامەڵەیان لەگەڵ کردوون، لەکاتێکدا لە ئێرانیش کوردە فەیلییەکان وەکو ئێرانی مامەڵەیان لەگەڵ نەدەکردن، لە ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەریشدا ژمارەیەکی زۆریان بە هۆی خراپیی باری تەندروستی و خراپیی بژێوی ژیانیان کۆچیان کرد. من باوکم ماوەیەکی زۆر لە کوردستان خۆی حەشار دابوو، بەڵام کەسوکار و خزمەکانمان و گەنجەکانیان خستە ناو زیندانەکانەوە. من بە منداڵی لەگەڵ دایکم دەچووم بۆ ئەبوغرێب بۆ سەردانی زیندانەکان، تا ئەو کاتەی گەنجە کوردە فەیلییە زیندانیکراوەکانیان ناردە زیندانی نوگرەسەلمان، لەوێوە زیاتر لە حەوت کاتژمێر

**کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی دژ بە کوردی فەیلی جینۆسایدێکی مرۆیی و نەتەوەییە و دەچێتە قالبی جینۆسایدی نێودەوڵەتییەوە**

**هەر لەبەر ئەوەی کورد لە ڕووی نەتەوەیی و مەزهەبییەوە جیا بوون، بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێرانیان کردن و ماڵ و سامانیان تاڵان کران**

**بەعسییەکان نەک تەنیا وەکو هاووڵاتی پلە دوو سەیری کوردی فەیلییان دەکرد، بەڵکو وەکو هاووڵاتییەکی پاشکەوتەی ئێران مامەڵەیان لەگەڵ کردوون**

**حزبی بەعسی عێراق تەنانەت دەستی بۆ پیرۆزییەکانی خێزانیش برد، کاتێک بە بڕیارێکی مەجلس قیادەی سەورە ئەوەی ئافرەتێکی کوردی فەیلی هێنابوو، لە مێردەکەی جیایان کردەوە**

**تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆری کوردی فەیلی لەناو کەمپەکانی ئێران ژیان بەڕێ دەکەن**

ڕێگامان دەکرد بۆ سەردانیکردنیان، بەداخەوە لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی و سۆراخیان بچڕا.

*** جگە لە ناو جەرگەی بەغدا، کوردی فەیلی لە ڕۆژهەڵاتی دیجلەش بە درێژایی سنوورێکی فراوان خاوەنی باخ و بێستان و گوندی خۆیان بوون، لەوێش پێش جەنگی ئێران و عێراق و لەکاتی جەنگەکەشدا کەوتنە بەر شاڵاوی دەرکردن و ڕاگواستنەوە. ئایا ئەم واقیعە تاڵە تا چەند زیانی لە گۆڕینی تۆپۆگرافیای ناوچەکە داوە؟**

- کوردی فەیلی لە بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە خاوەن پێگەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەهێز بوون و بەشدارییەکی کارایان لە زۆربەی جووڵانەوە ئازادیخوازەکان هەبووە، بەتایبەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و لەناو حزبە عێراقییەکان و کوردستانییەکانیش ڕۆڵ و پێگەیان لەبەرچاو بووە، ئەمەش هاوکات بووە لەگەڵ ژمارەی زۆری کوردی فەیلی لەسەر خاکی ڕەسەنی باوك و باپیرانیان، ئەوان تەنیا لەبەر پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکەیان کەوتنە بەر ئەم شاڵاوە ڕەگەزپەرستییە و تاکو ئەمڕۆ تۆپۆگرافیای ئەم ناوچانە گۆڕدراون و زۆربەی باغخ و بێستان و گوندەکانیان تەعریب کراون.

*** وەکو ئافرەتێکی کوردی فەیلی کە خێزانەکەتان ڕووبەڕووی ئەو کارەساتە گەورەیە بوونەوە، بەتایبەتی بۆ ئێوەی ئافرەتان تا چەند بارگرانی و ئازارەکانی جینۆساید و کوشتنی گەنجەکان و زیندانیکردنی پیاوەکان و داگیرکردنی ماڵ و حاڵتان تراژیدیایەکی ئەستەم بوو؟**

- تاوانی جینۆسایدەکە تەنیا کوشتنی گەنجەکانمان و بزرکردنیان و زیندانیکردن و داگیرکردنی ماڵ و حاڵ نەبوو، بگرە لەناوبردن و قڕکردنی خێزانە کوردە فەیلییەکان بوو. ژیانی ئاوارەبوون و بەخێوکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی خێزانەکانیان دوور لە پیاوەکانیان، بۆ ئافرەتانی فەیلی ئازارێکی دیکەی جەرگبڕ بوو. ژنانی کوردی فەیلی لە دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقاندنێکی گەورەدا درێژەیان بە ژیان دا. حزبی بەعسی عێراق تەنانەت دەستی بۆ پیرۆزییەکانی خێزانیش برد، کاتێك بە بڕیارێکی مەجلس قیادەی سەورە ئەوەی ئافرەتێکی کوردی فەیلی هێنابوو، لە مێردەکەی جیایان کردەوە، ئەوەشی ڕازی نەبووایە، ڕەگەزنامەیان لەویش وەردەگرتەوە و دەربەدەر دەکرا. لە ناو زیندانەکانیشدا پیاوانی ڕژێمی بەعس وەحشییانە دەستدرێژی و ئەشکەنجەی ئافرەتانی کوردی فەیلییان داوە، ژمارەیەکیشیان لە سێدارە دراون، وەکو لەیلا قاسم و چەندین ئافرەتی دیکەی کوردی فەیلی، هەندێك بنەماڵەی کوردی فەیلی بە تەواوەتی لەناو براون و تاکو ئێستا سۆراغیان نییە.

*** تاوانێکی وا قێزەون و دڕندانە کە دەرهەق بە کوردی فەیلی لە عێراقدا ئەنجام دراوە، بۆچی نەکرا بە تاوانێکی جینۆسایدی نێودەوڵەتی، تاوەکو جگە لەوەی قەرەبووی ماددەی و مەعنەوی بکرێنەوە، هاوکات جارێکی دیکە پێگە و ماف بۆ خانەوادەی قوربانییەکانیش بگەڕێتەوە؟**

- ئەمە تاوانی نێودەوڵەتییە و نەهامەتییەکی گەورەی بەسەر کوردە فەیلییەکان هێناوە و شوێنەوارەکانی تاوەکو ئەمڕۆش لە ڕووی نەتەوەیی و مەزهەبی و کەلتوورییەوە دیار و لەبەر چاوە. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق و پەرلەمانی عێراق و حکومەتیش دادنیان بەم تاوانەدا ناوە، وەکو کەسایەتی و ڕێکخراوەکانیش کارمان لەسەر ناساندنی ئەم تاوانە و قوربانییەکانی کردووە، بەتایبەتی لەناو پەرلەمانی ئەورووپا و پەرلەمانەکانی وڵاتانی سوید و ئەڵمانیا و بەلجیکا و وڵاتانی دیکە. کارکردن بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی جینۆسایدی کوردی فەیلی شانبەشانی جینۆسایدەکانی دیکەی سەرانسەری گەلەکەمان لە هەر چوارپارچەی کوردستان ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە. کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال و جینۆسایدی کوردی ئێزدی و دەیان ڕەشەکوژی و کۆمەڵکوژیی دیکەی گەلەکەمان دەکەوێتە ناو چوارچێوەی هەوڵەکانی قڕکردنی گەلەکەمانەوە. بەداخەوە ئەم هەموو جینۆساید و کۆمەڵکوژییە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە ئەندازەی ئەو زوڵم و جینۆسایدە دانی پێدا نەنراوە. ڕاستە لێرە و لەوێ بە شێوەی کەسی و گرووپی جیاجیا و حزب کار

لەسەر ناساندنی ئەم تاوانە نێودەوڵەتییانە کراوە، بەڵام بە هاوشێوەی کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان و جووەکان دانی پێدا نەنراوە. ئەگەرچی چەندین جار لە ناو پەرلەمانی ئەورووپا کۆنفرانسمان ئەنجام داوە، بۆ چارەسەرکردن و راگرتنی نەهامەتییەکانی کوردی فەیلی لەناوخۆی عێراقدا کە ئێستا تا رادەیەك گۆڕانکاریی گەورە ڕوویان داوە، کەچی تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆری کوردی فەیلی لەناو کەمپەکانی ئێران ژیان بەڕێ دەکەن. ڕوفاتی زۆری کوردی فەیلی نەدۆزراونەتەوە، لەمەش مەترسیدارتر ئەو نەهامەتی و کۆمەڵکوژی و جینۆسایدەی دەرهەق بە کوردی فەیلی ئەنجام درا، وردەکارییەکانی ئاشکرا و بڵاو نەکراونەتەوە و تۆمەتبارەکانیش هەموویان بە سزا نەگەیەندراون. واتە ناڕوونی و ناشەفافییەت و شاردنەوەیەك لە جینۆسایدەکە هەیە. بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکان بە شاردراوەیی ماونەتەوە. ئێمەی کوردی فەیلی بۆ ناساندنی جینۆسایدی کوردی فەیلی و بەنێودەوڵەتیکردنی کەیسەکەمان پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان لە ژێر چاودێریی نێودەوڵەتیدا هەیە.

*** باسی دادگاکان و پەرلەمان و حکومەتی عێراقت کرد، کە دانیان بەو تاوانەی جینۆسایدی کوردی فەیلیدا ناوە. لە دوای ڕووخانی حزبی بەعس و لە عێراقی نوێدا تا چ ڕادەیەك توانراوە قەرەبووی کوردی فەیلی بکرێتەوە؟**

- ئێمە وامان دەزانی کەوا دداننان بە تاوانەکە دەمانخاتە قۆناغێکی نوێی گەڕانەوەی ڕوفاتی قوربانییەکان و گەڕانەوەی ماڵ و موڵك و پێگەی کوردی فەیلی، چ لە ڕووی مەعنەوییەوە بێت، یان ماددی، بەڵام بەداخەوە زۆر لە کەیسەکان ئاراستەی دادگاکانی «نزاع ملکیة» کراون، ئەم دادگایەش پێویستی بە بەڵگەنامە و دیکۆمێنت هەیە، لە کاتێکدا هاوکات لەگەڵ بەزۆر ڕاپێچکردنی خێزانە کوردە فەیلییەکان، ناسنامە و بەڵگەنامەکانیان لێ سەندبوونەوە، یان قەرەبووکردنەوە بە قیست بووە و ماوەیەکی زۆری دەویست. زۆر لەو قوربانییانەش تەمەنیان گەورە بووە و لە چاوەڕوانیدا کۆچیان کرد. هەر خۆی لە خۆیدا جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە لە عێراقدا لە ڕووی یاسایی و پراکتیکییەوە زۆر زەحمەتە و گونجاو نییە. لەلایەکی دیکەوە ڕەوشی عێراق لە ڕووی یاسایی و سیاسی و ئارامییەوە لەبار نەبوو، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش واتا بەردەوام لەم عێراقەدا کوردی فەیلی لە بەردەم ئیرهابێکی فیکری و هەڕەشەیەکی بەردەوامدا بوون، لە نێوخۆی کوردستانیشدا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش گرنگیی گەورەیان بە کوردە فەیلییەکان نەداوە، بە پێچەوانەوە حزبە مەزهەبییەکان بۆ مەرام و بەرژەوەندیی خۆیان و دوورخستنەوەی کوردی فەیلی لە لایەنی نەتەوەیی، گرنگیی زیاتریان بە کوردی فەیلی داوە، لەگەڵ ئەمەشدا کوردی فەیلی لەناو هەر حزب و لایەنێکی سیاسی بێت، هەرگیز ئینتمای نەتەوەیی خۆی لەبیر نەکردووە.

**حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش گرنگیی گەورەیان بە کوردە فەیلییەکان نەداوە**

**حزبە مەزهەبییەکان بۆ مەرام و بەرژەوەندیی خۆیان و دوورخستنەوەی کوردی فەیلی لە لایەنی نەتەوەیی، گرنگیی زیاتریان بە کوردی فەیلی داوە**

**کوردی فەیلی لەناو هەر حزب و لایەنێکی سیاسی بێت، هەرگیز ئینتمای نەتەوەیی خۆی لەبیر نەکردووە**

*** بۆچی لە دوای پرۆسەی ڕیفراندۆم هێرشێکی شۆڤێنی کرایە سەر زۆر خێزان و گەنجی کوردی فەیلی لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عێراق؟**

- لە دوای ڕیفراندۆمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کوردی فەیلی لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی عێراقدا کەوتنە بەر شاڵاوی شۆڤێنی و دووبارە بە زۆر ڕاپێچکردنەوەیان ئەمجارە بەرەو هەرێمی کوردستان. ئێمە وەکو ڕێکخراوێکی تایبەت بە کوردی فەیلی لە بەلجیکا، بە ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی ئەم شاڵاوە شۆڤێنییەمان کرد. تاکو ئێستا لەعێراقدا ئەو متمانەیە نییە و خەڵکەکەمان نیگەرانە، ڕاستە هەندێك کەس لە ناو سەرۆکایەتیی پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکان و حزب بوونیان هەیە، بەڵام وەکو کەسایەتی، نە وەکو نوێنەرایەتیی کوردی فەیلی، ئێمەش وەکو هەموو پێکهاتەکانی دیکە پەرش و بڵاوییەکمان تێدایە، پێویستە لە کەیسی جینۆساید و کۆمەڵکوژی بە هەموان مۆرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی پێ بدەین و ڕێگا نەدەین ئەم کەیسانە پەرش و بڵاو بکرێن و مۆرکێکی حزبی و مەزهەبی جیا لە مۆرکی نەتەوەیی پێ بدرێت.

**لە دوای ڕیفراندۆمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کوردی فەیلی لە بەغدا و ناوچەکانی دیکەی عێراقدا کەوتنە بەر شاڵاوی شۆڤێنی و دووبارە بە زۆر ڕاپێچکردنەوەیان ئەمجارە بەرەو هەرێمی کوردستان**

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر ئولریک بروکنەر بۆ گوڵان:

# سیستمی جیهانی ڕەنگدانەوەی هەلومەرجە نێودەوڵەتییەکە نییە

**ئولریك بروکنەر، پرۆفیسۆری دیراساتی ئەوروپییە لە زانکۆی ستانفۆرد لە بەرلین، پێشتر مامۆستا بووە لە بەشی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی بەرلینی ئازاد و وانەبێژ بووە لە زانکۆی فودان لە شانگهای، زانکۆی سابانجی لە ئەستەنبووڵ و زانکۆی لیوبلیانا لە سلۆڤینیا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە کاریگەری و دەرئەنجامەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەسەر یەکێتیی ئەوروپا و ئەگەری ئەوەی وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا ڕۆڵی پێشەنگ و سەرکردایەتی لە نێو ئەم یەکێتییەدا ببینێت و، چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** سەرەتا دەمانەوێت لەوەوە دەست پێ بکەین، کە تا چەند پەلاماردان و داگیرکردنی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە مایەی بەخۆداچوونەوە و ڕاچڵەکاندن بوو بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و، تا چ ڕادەیەك ئەم شەڕە گۆڕانکاری لە حیساباتی ستراتیژی و سەربازی و ئەمنیی ئەوروپادا دروست دەکات؟ ئایا وڵاتی ئەڵمانیا لە داهاتوودا ڕۆڵی پێشەنگ و سەرکردەی وڵاتە ئەوروپییەکان دەبێنێت، بەتایبەتی کە ڕاوێژکاری ئەم وڵاتە وتارێکی بە ناوی خاڵی وەرچەرخان بڵاو کردەوە و ئاماژەیەکی لەم چەشنەی لەخۆ گرت؟**

- بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم شەڕ و داگیرکارییە مایەی بێداربوونەوە و ڕاچڵەکاندن بوون بۆ هەندێ لە وڵاتان، بەڵام ئەگەر بڵێین سەرجەم وڵاتان گەیشتنە هەمان دەرئەنجام، ئەوا ئەمە پرس و پرسیارێکی دیکەیە، هەروەها هەر لە پەیوەندی بە پرسیارەکەوە، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە زۆر کەس لە نێو ئەڵمانیا و لە نێو ئەوروپادا بەگشتی خەیاڵپڵاوییەکیان هەبوو، بەوەی کە هەروەك چۆن یەکێتیی سۆڤییەت دەستەبەرکارێکی متمانەپێکراوی وزە بوو بۆ ئەوروپا، ئەوا بە هەمان شێوە ڕووسیاش دابینکارێکی باوەڕپێکراوی وزەیە و هەمیشە بەم شێوەیە دەمێنێتەوە. خەیاڵپڵاویی دووەم ئەوە بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستەبەرکارێکی متمانەپێکراوی ئەمن و ئاسایشە و، باوەڕەکەش ئەوە بوو کە پێویست ناکات وەبەرهێنان لە بواری سەربازی و بەرگریدا بکرێت، چونکە هەر پەرەسەندن و پێشهاتێك بێتەئاراوە و هەر هەڕەشەیەك ڕوو لە ئەوروپا بکات، ئەوا دەکرێت هانا بەرێتە بەر

**زۆر کەس لە نێو ئەڵمانیا و لە نێو ئەوروپادا بەگشتی خەیاڵپڵاوییەکیان هەبوو، بەوەی کە هەروەک چۆن یەکێتیی سۆڤییەت دەستەبەرکارێکی متمانەپێکراوی وزە بوو بۆ ئەوروپا، ئەوا بە هەمان شێوە ڕووسیاش دابینکارێکی باوەڕپێکراوی وزەیە و هەمیشە بەم شێوەیە دەمێنێتەوە**

**ئەگەر حکومەتێک لە ڕێی هەڵبژاردنەوە هاتبێتە دەسەڵات و بەڵێنی جێبەجێکردنی کارنامەیەکی ئاڵوگۆڕئامێزی دابێت، ئەوا دەبێت زۆر شت بگۆڕێت، بۆ ئەوەی وڵاتەکە بەرەو ئایندەیەکی پرشنگدار ببات**

**هیچ حکومەتێک هێندەی حکومەتی ئێستای ئەڵمانیا ئاستی پشتیوانیی جەماوەری کز نەبووە، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی تێکڕای سیاسەت و هەڵوێستەکانی هەڵەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە ژێر گوشارێکی زۆری ناوخۆییدایە**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، ئەوانیش سوارچاکەکانی خۆیان دەنێرن و ڕزگارمان دەکەن. هەڵەی سێیەم ئەوە بوو کە ئێمە دەستمان هەڵگرت لە بەرهەمهێنانی بەرهەمە گرانبەهاکان و لەبری ئەوە، ئەم بەرهەمانەمان لە چینەوە و لە ڕێی هاوردەکردنەوە بەدەست دەهێنا، ئەمەش لەسەر ئەو گریمانەیە بنیاد نرابوو، کە ڕەوتی بە جیهانیبوون بەردەوام دەبێت و، هەر بەرهەمێکیش ببێتە هۆی پیسکردنی ژینگە، ئەوا دەتوانین لە وڵاتانی دیکەوە هاوردەیان بکەین (وەك وڵاتانی ئاسیا)، چونکە ئەمە هەرزانتر دەکەوێت لەسەر ئێمە و هەر کاتێکیش پێویستمان بوو، ئەوا ئەوان بۆمان بەرهەم دەهێنن. واتە بەرهەمێکی هەرزانترمان بۆ دەستەبەر دەکەن، چونکە هێزێکی کاری هەرزانتریان هەیە. کەواتە ئەگەر پوختی بکەینەوە، ئەوا دەڵێین: هەموو ئەمانە خەیاڵپڵاو بوون، چونکە بینیمان کە لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا چۆن زنجیرەی دەستەبەرکردنی جیهانی هاتە ڕاوەستان، هەروەها بینیمان کە چۆن دۆناڵد ترەمپ (سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) ڕایگەیاند کە ڕۆژگاری ناتۆ بەسەر چووە، بە هەمان شێوە ئەوەمان بەدی کرد، کە چۆن ڕووسیا وزە وەك ئامراز و وەك چەکێك بەکار دەهێنێت، لەبەر ئەوە لە دەرئەنجامدا دەکرێت ئەوە بگوترێت، کە ناتوانرێت پشت بە هیچ یەکێك لەم گریمانە خەیاڵئامێزانە ببەسترێت، ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕۆڵی ئەڵمانیاوە، ئەوا ئەگەر حکومەتێك لە ڕێی هەڵبژاردنەوە هاتبێتە دەسەڵات و بەڵێنی جێبەجێکردنی کارنامەیەکی ئاڵوگۆڕئامێزی دابێت، ئەوا دەبێت زۆر شت بگۆڕێت، بۆ ئەوەی وڵاتەکە بەرەو ئایندەیەکی پرشنگدار ببات. مەبەستم ئەوەیە ڕەنگە ئەو پارتەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ دەدات، بتوانێت سۆز و مەیلی خەڵك بۆ لای خۆی کێش بکات، بەڵام دواتر ئەنجامدان و جێبەجێکردنی ئەم گۆڕانکارییانە پێویستیان بە دەستەبەرکردنی دارایی هەیە، کاتێکیش کار بکرێت بۆ ئەوەی ئەم داراییانەیان بۆ دابین بکرێت، ئەوا خەڵکی تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبن. واتە ئەم گۆڕانکارییانە نادڵنیایی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، چونکە کاریگەرییان دەبێت لەسەر ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەیان، ئەو کاتە خەڵکی وەڕس و بێزار دەبن و خواستی ئەوەیان لا دروست دەبێت کە ژیان بگەڕێتەوە بۆ باری پێشوو و بۆ ئەو کاتەی کە گوزەران ئاسانتر بوو، کەواتە ئەگەر ئەمە دەرئەنجامی بێداربوونەوە و ئاڵوگۆڕ بێت، ئەوا من ناتوانم بە دیاریکراوی ئەوە دەستنیشان بکەم کە ئێمە بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا هەنگاو دەنێین.

*** بەڵام ئەو بەربەستانە، یان با بڵێین ئەو دژواری و ئاڵنگارییانە چین کە دێنە ڕێی حکومەتی ئەڵمانیا بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵێکی چالاکتر بگێڕێت و بتوانێت ببێتە سەرمەشقی وڵاتانی ئەوروپا و سەرکردایەتییەکی پێشەنگ بگرێتە ئەستۆ؟**

- ئێمە دەزانین کە حکومەتی ئەڵمانیا لەم ڕووەوە کەوتووەتە بەر هێرش و ڕەخنەی هەموو لایەك، بەتایبەتی پارتە موعارەزەکان و تەنانەت لە نێو هاوپەیمانێتی حوکمڕانیشدا، بە چەشنێك کە دەبێت ئێمە پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا ئەم حکومەتە تەمەنە یاساییەکەی خۆی تەواو دەکات، یان بارودۆخەکە بە چەشنێك دەبێت کە ناچار بین پەنا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە ببەین؟ چونکە هیچ حکومەتێك هێندەی حکومەتی ئێستای ئەڵمانیا ئاستی پشتیوانیی جەماوەری کز نەبووە، ئەویش نەك لەبەر ئەوەی تێکڕای سیاسەت و هەڵوێستەکانی هەڵەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە ژێر گوشارێکی زۆری ناوخۆییدایە، بە هەمان شێوە ڕووبەڕووی گوشارێکی زۆر بووەتەوە لەلایەن یەکێتیی ئەوروپاوە. هەروەها لەبەر ئەوە ئێستا جیهان لە بارێکدایە کە نادڵنیایی و نائارامییەکی زۆر باڵی بەسەردا کێشاوە، بە چەشنێك کە ئەگەر هەڵبژاردنی نوێش بکرێت و حکومەتێکی نوێش پێك بهێنرێت، ئەوا باوەڕم وانییە بتوانێت گۆڕانکارییەکی زۆر لە دۆخەکەدا دروست بکات، ئەویش نەك لەبەر ئەوە سیاسییەکانی نێو دەسەڵات توانایەکی هزریی باشیان نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی دۆخی ناوخۆیی و دەرەکی بە شێوەیەکە کە ئەم سیاسییانە ناتوانن ئامرازی پێویست دەستەبەر بکەن بۆ ئەوەی لە ڕێیانەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخێکی فرە قەیران و

فره تەنگژەدا بکەن. چونکە ئێمە دەزانین کە تەنیا قەیرانێك لە ئارادا نییە، بەڵکو لە یەك کاتدا چەند قەیران و تەنگژەیەك ڕووبەڕوومان بووەتەوە. کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هەموو قەیرانانە و بەراوردکردنی بە ڕۆژگاری ئەنجێلا مێرکل (کە ڕاستە ڕووبەڕووی قەیران بووەوە، بەڵام لە سەردەمی ئەودا قەیرانەکان هاوکات نەبوون، بەڵکو ئەو خۆشبەخت بوو، کە قەیرانەکان یەك لە دوای یەك دەهاتن) ئەوا زۆر ڕێی تێ ناچێت، کە لە نێو ئەڵمانیاوە سەرکردایەتییەك و پێشەنگییەك بۆ یەکێتیی ئەورووپا بێتە ئاراوە.

*** کەواتە لە ڕوانگەی ئەوەی ئاماژەتان پێکرد و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی قەیرانەکان جیهانی بکرێتەوە، چونکە چیتر ئەو سیستەمەی ئێستا ڕەنگدانەوەی واقیعە جیهانییەکە نییە، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەی کە ئەم سیستمە جیهانییەی ئێستا کاراترین و شەرعیترین سیستم نییە، بە هەمان شێوە ڕەنگدانەوەی هاوکێشەی هێز و دەسەڵات نییە لەسەر ئەم هەسارەیە، بەڵکو پتر ڕەنگدانەوەیەی دابەشبوونی دەسەڵاتی دۆخی دوای جەنگی دووەمی جیهانییە، بەڵام ئێستا ئێمە لە سەدەی بیست و یەکدا لە ڕۆژگار و سەردەمێکی جیاوازدا دەژین، هەم لە ڕووی دانیشتووان و سەنگی ئابووری و هەم لە ڕووی توانای سەربازی، بەڵام هەموو ئەمانە پاساو نین

**هەمووان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە شارستانیترین شێواز ئەوە نییە کە ئەو وڵاتانەی بەهێزن بە ئارەزوی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن و هەر کارێک کە بیانەوێت ئەنجامی بدەن، ئەگەر ڕێگە بەمە بدرێت، ئەوا پشێوی باڵ بەسەر جیهاندا دەکێشێت**



**هاوکات هاتوونەتە پێشەوە، دەبێت وڵاتانی ئەورووپا چی بکەن بۆ ئەوەی بتوانن ئەم دۆخە تێپەڕێنن؟**

- ئەوەی لە ئێستادا و لە نێو ئەورووپادا گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، ئەوەیە کە چۆن بتوانین کاردانەوەمان هەبێت لە بەرانبەر ئەم بارودۆخە و، پێویستە چ هەنگاو و هەڵوێستێك بگرینەبەر، بەڵام دەبێت چاوەڕی بکەین و ببینین، ئایا ئێمە تەنیا گفتوگۆیان لەبارەوە دەکەین، یان هەنگاوی کردارییشیان بۆ دەنێین.

*** دەگوترێت لە ئەنجامی ئەو پێشهات و قەیران و تەنگژانەی هاتوونەتە ئاراوە، ئەوا پێویستە دوبارە بیر لە داڕشتنەوەی سیستمی**

بۆ ئەوەی یاسای نێودەوڵەتی پێشێل بکرێت و وڵاتێکی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پەنا بۆ داگیرکردنی دەوڵەتی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە ببات و سەروەریی پێشێل بکات و، ئاماژە بە بەکارهێنان و پەنابردنەبەر بەکارهێنانی چەکی ناوکی بکات، یان با بڵێین نابێت ئەمانە ڕەهەند و پایەکانی سیستمێکی نوێی جیهانی بن، چونکە هەمووان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە شارستانیترین شێواز ئەوە نییە کە ئەو وڵاتانەی بەهێزن بە ئارەزوی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن و هەر کارێك کە بیانەوێت ئەنجامی بدەن، ئەگەر ڕێگە بەمە بدرێت، ئەوا پشێوی باڵ بەسەر جیهاندا دەکێشێت.



پرۆفیسۆر ڕۆزێنتاڵ ئەلڤێس بۆ گوڵان:

# لە ئێستادا ڕەوتێکی جیهانی دژ بە دیموکراسی هەیە

# دیمانەی تایبەت

**ڕۆزێنتاڵ ئەلڤێس، پڕۆفیسۆرە لە سکوولی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن لە زانکۆی تێکساس لە ئۆستن، ژیانی ئەکادیمیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٦ دەست پێکردووە، ئەویش دوای کارکردنی بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ وەك ڕۆژنامەنووسێکی پیشەگەر، لە نێویاندا حەوت ساڵ وانەبێژی ڕۆژنامەگەری بوو لە بەرازیل، لە زانکۆی تێکساس لە سێ بواری سەرەکیدا وانەبێژ و توێژەرە (هەواڵنێری نێودەوڵەتی، ڕۆژنامەگەری لە ئەمریکای لاتین و، ڕۆژنامەگەریی ئەنتەرنێت). گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بەو گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕانەی لە پانتایی کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن دروست بوون، بەتایبەتی هاتنەئارای سۆشیال میدیا و پرسی کارلێکی نێوان سۆشیال میدیا و ڕاگەیاندنی تەقلیدی، هەروەها پێشهاتی پەیوەست بە هەوڵەکانی لەکەدارکردنی کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا و بە دیاریکراوی لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە جیهان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و ئەم گۆڕانکارییەش سەرجەم ڕەهەند و ڕایەڵەکانی ژیانی گرتووەتەوە و، کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنیش بەدەر نییە لەم ئاڵوگۆڕانە، خوێندنەوە و تێڕوانینی ئێوە بۆ کاری ڕاگەیاندن لەم سەردەم و ڕۆژگارەدا چییە؟**

- من پێم وایە ئەو هەلومەرجەی لە ئێستادا ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن کاری تێدا دەکات، گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و پانتاییەکە ئاڵوگۆڕی بە خۆیەوە بینیوە، واتە چیتر ژینگەی کارکردنی پێشوو لە ئارادا نەماوە. هەر بۆ نموونە و بۆ زیاتر پشتڕاستکردنەوەی ئەم پرسە، دەکرێت لەم ڕووەوە نموونەیەك بخەینە ڕوو. ئێمە لە ماوەی ڕابردوودا کۆنفرانسێکی تایبەت بە ڕۆژنامەگەریمان ئەنجام دا و تێیدا کەسێك لە فەرەنساوە بەشدار بوو، کە کەناڵێکی یوتیوب-ی داناوە و ئامرازەکانی دیکەی سۆشیال میدیا بەکار دەهێنێت، کە ژمارەی فۆڵۆوەرەکانی گەیشتووەتە ١٤ ملیۆن کەس، کە ئەمەش زیاترە لەوەی گرنگترین ڕۆژنامەی فەرەنسی (لی مۆند) هەیەتی، بە چەشنێك کارەکەی بەرفراوان کردووە کە ٢٠ ڕۆژنامەنووس کاری بۆ دەکەن، واتە ئەمە پێت دەڵێت، کە چۆن بوار و پانتایی کارکردنی ڕۆژنامەگەری وەچەرخانی بەسەردا هاتووە. ڕاستە ناتوانین بڵێین هەموو ئەو پێشهاتانەی لەم ڕووەوە هاتونە تەئاراوە باشن، بەڵام دەکرێت بگوترێت کە پێشهاتی باش دروست بوون و نەوەیەکی نوێش لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا بەڕێوەیە.

*** ئایا دەکرێت بڵێین کە ناوەڕۆکی کاری**

**دەکرێت بگوترێت کە پێشهاتی باش دروست بوون و نەوەیەکی نوێش لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا بەڕێوەیە**

**چەندین ناوەندی هەواڵ هەوڵی ئەوە دەدەن، کەمتر پشت بە سۆشیال میدیا ببەستن و هەوڵ دەدەن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵگەکانیاندا دروست بکەن**

**ئێمە لە ژینگەیەکی ڕۆژنامەگەریدا دەژین کە بە ڕەوتێکی خێرا دەگۆڕێت و ڕۆژنامەنووسانیش ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششی خۆیان دەکەن بۆ ئەوەی خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن**

**هێشتا دۆناڵد ترەمپ هەوڵی بە شەیتانکردن و لەکەدارکردنی ڕۆژنامەنووسانی دەدات، و بە دوژمنی خەڵکی لە قەڵەمیان دەدات**

**ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری هەمان سرووشتی پێشووی هەیە، واتە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و ڕاستییەکان بە خەڵك، بەڵام ئەوەی کە گۆڕدراوە تەنیا شێوازی گەیاندن و کارلێکە لەگەڵ ئەو کەسانەی زانیاری و هەواڵەکانیان پێ دەگات؟**

- ئێمە دەزانین کە لە نێو کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا چیرۆك گێڕەوە هەبووە، واتە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەر هۆز و خێڵێك و هەر گرووپێکی مرۆیی کەسێك هەبووە کە تێیدا چیرۆکەکانی گێڕاوەتەوە. هەروەها لە وڵاتە دیموکراتییەکانیشدا کەسانێك هەبوون کە تیشکیان خستووەتە سەر چەوتییەکان و وەك چاودێر کاریان کردووە و، داوای ئەوەیان کردووە کە کاروبارەکان بە شێوەیەکی شەفافتر بەڕێوە ببردرێت و ڕایی بکرێت، ئەو کەسانەشی جڵەوی دەسەڵات و بەرپرسیارێتییان لە دەستە، لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەرکەکان و لەسەر ئەدایان لە ڕاپەڕاندنی کارەکاندا، ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکرێنەوە.

*** ئاماژەتان بەوە کرد کە کەسانێك دروست بوون و هاتوونەتە ئاراوە کە ناوت نان «نەوەیەکی نوێ» کە بە ئامراز و شێوازی دیکە کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری دەکەن، ئایا پێت وایە ئەم ئامرازانە توانیویانە ڕۆڵێکی پاڵپشت بۆ ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی ببینن، یان دید و بۆچوونێکی دیکەتان هەیە؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە لە نزیکەی ٢٠ ساڵی ڕابردووەوە، سۆشیال میدیا بە ڕادەیەکی گەورە تەشەنەی کردووە، ئەمەش دژواری و سەختی و ئاڵنگاریی بۆ ڕۆژنامەگەری خوڵقاندووە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرفەتیشی دروست کردووە، چونکە ڕۆژنامەگەری هەوڵی دا کە سوود لە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا وەربگرێت بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی و گەیاندنی پەیامەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە ئێمە لەم ڕووەوە پێمان ناوەتە نێو گۆڕانکارییەکی گەورەوە، چونکە لە ئێستادا و لە زۆرێك لە وڵاتاندا هەوڵی ڕێکخستنی سۆشیال میدیا دەدرێت، تەنانەت لە نێو هەندێ لە ویلایەتەکانی نێو ئەمریکاش هەوڵ دەدرێت، ڕێك بخرێت، کە ئێستا ئەمە لە نێو ویلایەتی کالیفۆرنیا بەدی دەکرێت، هەروەها کێشە هەیە لەگەڵ تۆڕی ئێکس (تویتەری پێشوو) هاوکات چەندین ناوەندی هەواڵ هەوڵی ئەوە دەدەن، کەمتر پشت بە سۆشیال میدیا ببەستن و هەوڵ دەدەن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵگەکانیاندا دروست بکەن. ئەمە بەو واتایە نییە کە دەست هەڵگرتنێکی تەواو هەبێت لە سۆشیال میدیا، بەڵام ئەگەر سەردانی سایتی واشنتۆن پۆست بکەیت، ئەوا دەبینیت کە ڕۆژنامەنووسی تێدایە و هەواڵەکانت پێ دەدەن، کەواتە ئەگەر پوختی بکەمەوە، ئەوا ئێمە لە ژینگەیەکی ڕۆژنامەگەریدا دەژین کە بە ڕەوتێکی خێرا دەگۆڕێت و ڕۆژنامەنووسانیش ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششی خۆیان دەکەن بۆ ئەوەی خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن.

*** پرسێکی دیکە هەیە کە پەیوەندیدارە بە پەیوەندیی نێوان ڕۆژنامەنووس و ڕژێمە سیاسییەکانەوە، کە ئێمە بینیمان لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، سەرۆکی پێشووی ئەو وڵاتە (دۆناڵد ترەمپ) هێرشی دەکردە سەر ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان و بە ساختە و چەواشەکار لە قەڵەمی دەدان، کە ئەمە لە وڵاتێکی دیموکراتی و ئازادیشدا ڕووی دا، ئێوە چۆن لەم پێشهات و پرسە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکە لەو کێشە مەترسیدار و جددییانە کە لە ئێستادا جیهان ڕووبەڕووی بووەتەوە، کە پێم وایە لە ئێستادا ڕەوت و تەوژمێك هەیە لە جیهاندا دژ بە دیموکراسی، ئەمەش بووەتە کێشەیەکی ڕاستەقینە لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکایەتی لەم وڵاتەوە، چونکە هێشتا دۆناڵد ترەمپ هەوڵی بە شەیتانکردن و لەکەدارکردنی ڕۆژنامەنووسانی دەدات، و بە دوژمنی خەڵکی لە قەڵەمیان دەدات، کە خۆی هەوڵی بەدەستهێنانەوەی سەرۆکایەتیی ئەمریکا دەدات، ئەمەش گوتارێکی مەترسیدارە، چونکە گوتاری لەم چەشنە هانی دروستبوونی دوژمنایەتی بەرانبەر ڕۆژنامەنوسان دەدات. کەواتە ئەگەر وڵاتێکی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە بەهێزترین وڵاتی دیموکراسییە لە جیهاندا، سەرۆکێکی هەبێت کە چوار ساڵ هەوڵی




ناشیرینکردنی ڕۆژنامەی ئازادی داوە، ئێستاش دووبارە هەوڵی بەدەستهێنانەوەی دەسەڵات و بوون بە سەرۆك دەدات، بە چەشنێك کە ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە ململانێ و ڕکابەری لە نێوان ئەو کەسانەی خوازیاری چەسپاندنی دیموکراسین و کەسانێکیش کە بایەخ و گرنگی بە دیموکراسی نادەن، چونکە یەکێك لە کاندیدەکان لەلایەن گرووپێکەوە پشتیوانی دەکرێت کە دیموکراتی نین، ئەمەش دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەکی خراپی لێ کەوتووەتەوە، چونکە زۆر وڵاتی دیکەش هەوڵیان داوە، کە هەمان شت دووبارە بکەنەوە و هەوڵیان دا ڕۆژنامەنووسان لەکەدار بکەن و ناوبانگیان بشێوێنن.

*** ئایا دەکرێت بڵێین کە ئەو هەوڵانەی نێو هەندێ لە دەوڵەتە دیموکراسییەکان دژ بە ڕۆژنامەگەری، کارکردنە بە ئاراستەی لاوازکردنی پایەکانی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا، بە چەشنێك کە هەوڵەکان بە ڕۆژنامەنووسان دەست پێدەکەن، بەڵام بەوان کۆتاییان نایەت؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی ئەم هەوڵانە بەشێکن لە کارکردن بۆ لاوازکردن و لە کۆتاییدا لە ناوبردنی دیموکراسی، چونکە ئەوە ڕوونە کە ئەگەر ڕۆژنامەگەریی ئازاد نەبێت، ئەوا ناتوانین بڵێین دیموکراسی لە ئارادایە، کەواتە بەڵێ هەنگاوی یەکەم ناشیرینکردنی وێنەی ڕۆژنامەنووسانە، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بتوانن پایەکانی دیموکراسی لە ناو ببەن و ڕژێمێکی سەرکوتکار دروست بکەن، کە دەبێت زۆر وریا بین لەبارەی ئەم مەترسییەوە، چونکە تەنانەت لە نێو خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پێشهاتێك هاتووەتە ئاراوە کە پێشتر چاوەڕوان نەکراو و پێشبینی نەکراو بوون.

**هەنگاوی یەکەم ناشیرینکردنی وێنەی ڕۆژنامەنووسانە، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بتوانن پایەکانی دیموکراسی لە ناو ببەن و ڕژێمێکی سەرکوتکار دروست بکەن**



# بیرخستنەوەیەک لە ڕۆژی جیهانیی ژینگەدا

لە پێنجی حوزەیرانی هەموو ساڵێکدا گەلانی جیهان یادی ڕۆژی جیهانیی ژینگە دەکەنەوە، کە لە هەمان ڕێکەوتیشدا لە ساڵی ١٩٧٢ یەکەم کۆنگرەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی ژینگەوە لە ستۆکهۆڵمی پایتەخی سوێد بەسترا، کە یەکەم کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بوو، کە تەوەری سەرەکیی باسەکانی بریتی بێت لە ژینگە، دامەزراندنی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ ژینگە (یونیپ) یەکێك بوو لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم کۆنگرەیە، هەر ئەم بەرنامەیەش لەوساوە تا ئەمڕۆ بووەتە هەوێنی کاری ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکان و جیهان.

ڕۆژی جیهانیی ژینگە لە ساڵی (١٩٧٣)وە ساڵانە بە میوانداریی وڵاتێك یادی دەکرێتەوە، بۆ ئەمساڵیش (٢٠٢٤) شانشینی سعودیە دیاری کراوە بۆ میوانداریکردنی چالاکییەکانی ئەم ڕۆژە، کە تیایدا باسەکان زیاتر لەسەر خاك و بەبیابانبوون و بنیادنانی تواناکان بۆ ڕێگری لە وشکبوون تەرخان دەکرێن.

ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە تا چ ڕاددەیەك دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگە و تاك توانیویانە دروشمەکان بەرجەستە بکەن، لە یاسا و ڕێنمایی و سیاسەت و بەڕێوەبردن و ڕەفتاردا، بە مەبەستی بەسەربردنی ژیانێکی تەبا لەگەڵ سرووشت بە شێوەیەکی ژینگەدۆستانە.

لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەرك بەو ڕاستییە دەکات کە هەتا ئەم ساتەش جگە لەم هەسارەیە، شوێنێکی دیکەمان نییە بۆ ژیان، کەچی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی جیهان ڕووبەڕووی ئەو کێشە گەورانە بووەتەوە کە بەشی زۆریان هەر زادەی دەستی مرۆڤەکان خۆیانن، چ گۆڕانی ئاووهەوا بێت، یان لەدەستدانی فرەجۆریی زیندەوەران، یانیش بە هۆی هەموو جۆرەکانی پیسبوونەوە بێت.

زۆر جار ئاماژەمان بە چەند خاڵێك کردووە لە بارەی ئەوەی کە ڕۆژی جیهانیی ژینگە هەر وەکو سەکۆیەکی جیهانییە، لە هەمان کاتیشدا جێگەی هاندانی هەموانە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی ئەرێنی و باش لەلایەن زۆرێك لە چین و توێژە جیاجیاکانەوە، بەڵام گرنگە ئێستاش لەم بۆنەیەدا ئاماژە بە ئەرکی بەشێك لەو چین و توێژانە بکەین، لەوانە:

کۆمەڵگە: بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەخۆداچوونەوە بکات لەو بەکاربردنە بێ پلانەی کە لە دەرامەتە سنووردارەکانی زەویدا دەیکات.

کۆمپانیاکان: بۆ ئەوەی شێوازی بەرهەمهێنانی گونجاوتر لەگەڵ ژینگەدا پیادە بکەن بەرەو ئابوورییەکی سەوزی بەردەوام.

کشتیاران و جووتیاران: بۆ ئەوەی هەنگاو بنێن بەرەو کشتوکاڵکردنی زیرەکانە بە بەکارهێنانی میکانیزمی نوێی سەردەمییانە.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

پەروەردەکاران و چالاکانی ژینگەیی: بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوەی بەخشینی هزر و هۆشیاریی ژینگەپارێزی.

لاوان و گەنجان: بۆ بنیادنانی ئایندەیەکی دۆستانەتر لەگەڵ ژینگە.

ناوداران و کەسانی ناسراوی هەر بوارێك: بۆ بەکارهێنانی ناو و ناوبانگیان لە کار و چالاکیی ژینگەدۆستانەدا.

حکومەت و دەوڵەتان: بۆ وەبەرهێنانی ژینگەیی و چاکسازیی زیاتر لە بواری ژینگەدا و، بەرزڕاگرتنی ئەم یادە بە ئەنجامدانی چالاکیی گونجاو بۆ خستنەڕووی کێشە سەرەکییەکانی ژینگە لە هەر وڵات و شوێنێکدا.

گرنگە لەم ڕۆژەدا بەڵێن دووپات بکەینەوە، کە بەردەوام بین لە جێبەجێکردنی ئەرکە هەنووکەیی و درێژخایەنەکانماندا و، لە خستنەڕووی ئەو ئەرکانەش کە ڕوو لە هەرلایەکمان دەکەن، بۆ خێرا جێبەجێکردنیان، چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم بۆنە جیهانییە گەیاندنی پەیامێکی گرنگە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە تەنیا بە بوونی ئیرادەیەکی پتەو و ئارەزوویەکی ڕاستەقینە و هەوڵ و تێکۆشانێکی تەواوکارانەوە، دەتوانرێت ئامانجە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەدی بهێنرێن. ڕاستە ناتوانین کات بەرەو دوا بگەڕێنینەوە، بەڵام دەتوانین دارستانەکانمان، سەرچاوەکانی ئاومان، خاك و زەویوزارمان بپارێزین و گەشەیان پێ بدەین، ئەگەر بڕیار بدەین، ئێمە ئەو نەوەیە بین کە دەیەوێت بە ئاشتی لەگەڵ ژینگەدا بژی.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بە بەشێك لە وتەکانی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین، کە لەمساڵدا لەبارەی بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژینگەدا دەڵێت:

«مرۆڤایەتیی پشت بە خێر و بەرەکەتی زەوی دەبەستێت، لەگەڵ ئەمەشدا تێکەڵەیەك لە پیسبوون و ئاژاوەی کەشوهەوا و دارووخانی فرەچەشنیی زیندەوەرەکان، زەوییە بەپیتەکان دەکەن بە بیابان و ئیکۆسیستمە پڕ گیانەکەی دەمرێنن، ئەمەش واتا ڕاپبوونی کواڵێتیی بەروبوومەکان و کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاو و لاوازکردنی ئابووری و هەڕەشەکردن لە کۆمەڵگە نێوخۆییەکان. بۆ ڕێگری لەم مەترسییانەش پێویستە وڵاتان پابەند بن بە بەڵێن و پەیمانەکانیان و، پێویستیشە لە پلانە نوێیە نیشتمانییەکانیان لە بواری کەشوهەوادا هەوڵ بدەن، بۆ پاراستنی دارستانەکان و سیستمی ئیکۆلۆژیی هەتا پێنج ساڵی داهاتوو، چونکە تەنیا هەنگاوی بەپەلە و خێرای کارا چارەسەرە، لەبەر ئەوەی ئێمە نەوەی چارەسەرین، بۆیە با پێکەوە کار بکەین بۆ بنیادنانی ئایندەیەکی بەردەوام بۆ زەوی و مرۆڤایەتی».

## لە پێشوازیی جەژنی پیرۆزی قورباندا

# زیاتر لە ٤ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار بەسەر ئازیزان(منداڵانی بێباوک)دا دابەش دەکرێت



لە جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکدا، کە هاوکاتە لەگەڵ پێشوازیی لە جەژنی قوربانی پیرۆز، دەزگای خێرخوازیی بارزانی(BCF) بە هاوبەشیی مانگی سووری ئیماراتی و خێرومەندانی ناوخۆی کوردستان، بڕی(٤،٥٧٥،١٤٥) دۆلار بە سەر منداڵانی ئازیز (بێباوك) لە هەرێمی کوردستان و عێراق دابەش دەکات.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی






بە ئامادەبوونی موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و ئەحمەد ئەلزاهیری کونسوڵی گشتیی ئیمارات لە هەرێمی کوردستان، رۆژی **٢**ی**٦**ی**٢٠٢٤** لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەیی پرۆژەی دابەشکردنی مووچەی ئازیزان راگەیەندرا.

سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، وێڕای بەخێرهاتنی ئامادەبووان، لە لێدوانێکیدا بۆ میدیاکان، سەرەتا باسی ئەوەی کرد، کە پرۆژەیەکی وا گەورە و ئاوڕدانەوە لە منداڵانی ئازیز(بێباوك) جێی شانازیی هەموو خەڵکی کوردستانە و بەتایبەتی مایەی شانازییە بۆ دەزگای خێرخوازیی بارزانی کە توانیویەتی ئیدارەی ئەو پرۆژە گەورەیە بکات. گوتیشی: «جەنابی سەرۆك بارزانی لە دامەزراندنی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، ئێمەی راسپاردووە، کە پردێك بین لە نێوان خەڵکی خێرومەند و وڵاتانی هاریکاریبەخش و خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت، ئێمەش هەموو توانای خۆمان بەکار هێناوە، کە ئەو پردە متمانە پێکراوە بین و بە خۆشحاڵییەوە ساڵ بە ساڵ، پرۆژەکانی هاوبەشمان لەگەڵ وڵاتانی هاریکاریبەخش و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمپانیا و سەرمایەدارانی کوردستان زیاتر دەبێت».

سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، ئەوەشی راگەیاند کە ساڵانە هەوڵیان داوە، جەژن و بۆنە تایبەتییەکان تێکەڵ بە پرۆژە و کارە خزمەتگوزارییەکانیان بکەن. هەر لەو بارەیەوە گوتی: «بە بۆنەی نزیکبوونەوە لە جەژنی قوربانی پیرۆز، دەزگای خێرخوازیی بارزانی درێژە بەو پرۆژە گەورە و فراوانە دەدات، کە پرۆژەی ئازیزانی کوردستانە و لە ساڵی **٢٠١٢**ـەوە ئەو پرۆژەیە بە سەرپەرشتیی جەنابی کاك مەسرور بارزانی سەرۆکی بۆردی دامەزرێنەرانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەستی پێکردووە. سەرەتا لەگەڵ مانگی سووری ئیماراتی ئەو پرۆژەیەمان راگەیاند، کە بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە توانرا، لەگەڵ کۆمپانیاکانی کوردستانیش ئەم پرۆژەیە درێژەی پێبدەین، کە ئێستا جگە لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، پەلوپۆی هاویشتووە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان و پارێزگاکانی عێراقیش، هەروەها جەنابی کاك مەسرور بارزانی خوازیاری ئەوە بوو، کە هەموو منداڵێکی ئازیز لەو پرۆژەیە سوودمەند بێت».

لەلای خۆیەوە ئەحمەد ئەلزاهیری کونسوڵی گشتیی ئیمارات لە هەرێمی کوردستان، لە سەرەتای لێدوانەکەیدا، پاش بەخێرهاتنی ئامادەبووان، ئاماژەی بەوە کرد، کە «وڵاتی ئیماراتی عەرەبی لەم پرۆژە مرۆییە گەورەیە کە

دەزگای خێرخوازیی بارزانی ناوی ناوە(ئازیزان)، بەردەوام دەبێت». گوتیشی: «ئەمڕۆ ئامادەبوونمان لێرە، نیشانەی بەردەوامیمانە لە پاڵ برایانمان لە ئاوارە و پەنابەران و هەروەها چینەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان وەکوو ئازیزان و هەوڵیش دەدەین، لە ساڵانی داهاتوو ئەو بڕە پارەیە زیاد بکەین، بۆ ئەوەی زۆرترین منداڵی بێباوك و ئازیز لەخۆ بگرێت. هیواداریـن دوای دەرچوونیان لە خوێندن و دامەزراندنیان، بەرەوپێشچوونیان لە هەموو لایەنێکەوە بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی ببن بە کەسانێك کە داهاتوویەکی باشیان لە هەرێمی کوردستان هەبێت».

کونسوڵی گشتیی ئیمارات لە هەرێمی کوردستان، ئەوەشی ڕاگەیاند کە لە ماوەی ساڵانی داهاتووشدا پرۆژەی هاوبەشیان لەگەڵ دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەبێت، چ لە ڕووی گەشەپێدان، یان مرۆیی، گوتیشی: «ئێمە هاوبەشێکی ستراتیژین لەگەڵ دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ هاریکاریی مرۆیی. هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەکەم، بۆ هەوڵ و کۆششی لە ئیدارەکردنی کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەر، ئەمانەش هەوڵێکن لەوانەیە کەسانێك پێی نەزانن، بەڵام ئێمە بە هۆی کارکردنی مانگی سووری ئیماراتی و دەزگای خێرخوازیی بارزانی، کاریگەریی ئەو هاوکارییانە دەبینین لەسەر خزمەتکردنی چینێك کە پێویستی بە چاودێری و پاڵپشتی هەیە».

هەر لەو کۆنگرە ڕۆژنامەییەدا، سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، پڕۆژەکەی بە پڕۆژەیەکی «گشتگیر، جۆری، پەروەردەیی و زۆر کاریگەر» لە قەڵەم دا، جەختی لەوەش کردەوە، کە چەندین ناوەندی جیهانی توێژینەوەیان لەسەر ئەو پڕۆژەیەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی کردووە. بەتایبەتی کە ژمارەی منداڵانی ئازیز زۆرن و بایەخی تەواویش بە خوێندنیان دراوە. یەکێك لە مەرجەکانی سوودمەندیش ئەوەیە بخوێنێت و لە خوێندن بەردەوام بێت. دواتر تیشکی خستە سەر وردەکاریی پڕۆژەکە کە لە چەند ڕۆژی داهاتوو دەست بە دابەشکردنی مووچەی ئازیزان دەکرێت و شوێن و بڕی پارە و ژمارەی ئازیزانی سوودمەندبووی بەمجۆرە خستەڕوو:

**مووچەی ئازیزانی مانگی سووری ئیماراتی**

| | ئۆفیس | پارە بە دۆلار | ژمارەی ئازیزان |
|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ١،٠٧٧،٣٠٩ | ٣،٥٦٨ |
| ٢ | دهۆك | ٨٥٩،٧٩٩ | ٢،٧٣٣ |
| ٣ | سلێمانی | ٥٢٩،٦٨١ | ١،٨٨٢ |
| ٤ | کەرکووك | ٣٠١،٥٦٠ | ١،٠٥٤ |
| ٥ | گەرمیان | ٥٤٩،٣٢٤ | ١،٧٣٩ |
| ٦ | هەڵەبجە | ٤١،٧٧٠ | ١٦٠ |
| ٧ | نەینەوا - مووسڵ | ٦٤،٧٥٢ | ٢٣١ |
| ٨ | ئەنبار- بەغدا - تکریت | ١٢٧،٢٣٠ | ٤٠٨ |
| | کۆی گشتی | ٣،٥٥١،٤٢٥ | ١١،٧٧٥ |

**مووچەی ئازیزانی مانگی سووری ئیماراتی**

| | ئۆفیس | پارە بە دۆلار | ژمارەی ئازیزان |
|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٢٤٠،٠٠٠ | ٨٠٠ |
| ٢ | دهۆك | ١٧٨،٢٠٠ | ٥٩٤ |
| ٣ | سلێمانی | ١٦٥،٩٠٠ | ٥٥٣ |
| ٤ | گەرمیان | ١٣٦،٢٠٠ | ٤٥٤ |
| ٥ | کەرکووك | ١٩٣،٥٠٠ | ٦٤٥ |
| ٦ | شنگال | ٧٨،٣٠٠ | ٢٦١ |
| ٧ | هەڵەبجە | ١٦،٥٠٠ | ٥٥ |
| ٨ | عەفرین | ١٥،١٢٠ | ١٠٨ |
| | کۆی گشتی | ١،٠٢٣،٧٢٠ | ٣،٤٧٠ |

| جۆری کەفالەتکراو | ژ.ئازیز | بڕی پارە |
|---|---|---|
| مانگی سووری ئیماراتی | ١١،٧٧٥ | ٣،٥٥١،٤٢٥ |
| کوردستان | ٣،٤٧٠ | ١،٠٢٣،٧٢٠ |
| کۆی گشتی | ١٥،٢٤٥ | ٤،٥٧٥،١٤٥ |

### ڕاوێژکاری یاسایی حاجی عیزەدین:

# یاسا بە تەنیا ناتوانێت کۆتایی بە توندوتیژی بهێنێت، بەڵکو گرنگە وشیاریی کۆمەڵگە بوونی هەبێت

**حاجی عیزەدین، ڕاوێژکاری یاساییە و لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە پرسە یاساییەکانی تایبەت بە پاراستنی مافی ئافرەت دەکات و ئاماژە بەوە دەکات، کە باوترین جۆری توندوتیژی لە دوای توندوتیژیی دەروونی، بریتییە لە توندوتیژیی ئەلیکترۆنی، جەختیش لەوە دەکاتەوە، هەر کردەیەکی توندوتیژی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی و شیرازەی خێزان تێک دەدات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



*** بەپێی تێڕوانینەکانت، لەئێستادا دۆخی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەچ ئاستێکدایە و باوترین جۆری توندوتیژی لە ئەمڕۆدا چییە؟**

- توندوتیژیی خێزانی و دژی ئافرەتان، لە هەموو کۆمەڵگەکان بەردەوامی هەیە، لە کوردستانیش بەپێی سکاڵاکان و ئەو کێشانەی ڕۆژانە دەخرێنەڕوو لەلایەن هاووڵاتیان بۆ نووسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، یان بنکەکانی پۆلیس، هەروایە، بەداخەوە ئەگەر تەنیا یەك حاڵەتیش بێت، هەر زۆرە، چونکە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی و تێکدانی شیرازەی خێزان.

باوترین توندوتیژی لە دوای دەروونی، بریتییە لە توندوتیژی ئەلیکترۆنی بە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ)، ئەمەش بەداخەوە لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ناشارەزایی کەسانێك لەم بوارە، هەروەها نەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی.

*** ئایا یاسای توندوتیژیی خێزانی توانیویەتی سنوورێك بۆ نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژییەکان دابنێت؟**

- یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی وەك یەکێك لە ئامرازەکان بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە بووەتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی دامەزراوە فەرمییەکان بە

هۆیەوە بتوانن کارڕایی یاسایی پێویست لە دژی ئەو کەسانە بگرنەبەر، کە تۆمەتبارن بە توندوتیژی،بەڵام بە تەنیا یاسا ناتوانێت کۆتایی بە دیاردەیەکی بڵاوی وەك توندوتیژی بهێنێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە وشیاریی کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی تاکە، تاکو ڕێز لە مافی یەکتر بگرن و دوور بن لە بیری توندڕەوی و پیاوسالاری بەتایبەتی.

*** ئایا هاوسەرگیریی پێشوەخت دەچێتە قاڵبی توندوتیژی؟ چۆن دەکرێت ڕووبەڕووی ببینەوە؟**

- هاوسەرگیریی پێشوەخت یەکێکە لە هۆکارەکانی کێشە کۆمەڵایەتی وخێزانییەکان، چونکە لە قۆناغێکی تەمەن ئەنجام دەدرێت، کە هەرگیز ئامادەباشی تەواو لە ڕووی جەستەیی، دەروونی، عەقڵی نییە بۆ گرتنەخۆی ئەم بەرپرسیاریەتییە، کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زیاتر وەك بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی تەماشا دەکرێت، کچ لەو تەمەنە دەخرێتە ژێر باری ئەو ئەرکەی کە ناتوانێت ئەنجامی بدات، بۆیە زۆربەی حاڵەتەکانی تەڵاق و جیابوونەوە و توندوتیژییەکان، لە نێوان ئەو هاوسەرانەیە کە لە تەمەنی منداڵی (پێشوەخت) هاوسەرگیرییان کردووە. بۆیە دەتوانین بلێین ئەوە توندوتیژییە، بەڵام لە بەشێکی ئەو حاڵەتانە لەسەر داواکاری و سووربوونی کچان ئەنجام دەدرێت، نەك کەسوکاری.

*** ئاشکرایە لەم ساڵانەی دواییدا لە هەرێمی کوردستان خوێندنەوەی جیاواز بۆ هاوسەرگیریی مسیار دەکرێت، ئایا لە یاسادا ددانی پێدانراوە کە ئەو هاوسەرگیرییە دروستە؟**

- هاوسەرگیریی مسیار، وەك خۆی واتە بەم ناوە لە یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ هەموارکراو کە لە هەرێمی کوردستانیش بەرکارە نەهاتووە، بەڵام لە وڵاتانی دیکە هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، ئەم شێوازە لە هاوسەرگیری هەموو مەرجەکانی هاوسەرگیریی دروستی تێدایە (ئەگەر وەك خۆی ئەنجام بدرێت)، جگە لەوەی ژن دەست هەڵدەگرێت لە دوو مافی خۆی ئەوانیش، (بژێوی و مانەوەی بەردەوامی مێرد لە لای)، بەڵام وەك لە بۆچوونی یەکێتیی زانایانی کوردستان هاتووە، هاوسەرگیریی مسیار بۆ کۆمەڵگەی کوردستانی نەگونجاوە.

هاوسەرگیریی دروست،یان ئەوەی باوە و بە شێوەی گشتی لە کۆمەڵگە ئەنجام دەدرێت لە نێوان ژن و پیاو، ئەوەیە کە ژیانی هاوبەشی ژن و مێرد و سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی تێدایە لە، نەك تەنیا بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزوو بێت. هەروەها شێوازی نهێنی لە پەیوەندیی هاوسەریەتی لە نێوان ژن و مێرد لە ڕووی شەرعی دروست نییە، چونکە دەبێتە جێگەی گومان و دواتریش ناوزڕاندن و لە کۆتاییشدا کێشەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە. بۆیە هاوسەرگیریی مسیار بۆ کۆمەڵگەی کوردستانی دروست نییە، بەڵام لە ڕووی یاسایی و شەرعی (وەك بنەڕەت) ئەگەر ئەو مەرج و کۆڵەگانەی تێدا بێت کە پێویستن بۆ هاوسەرگیری،دروستە هەرچەندە ژن دەست لەو دوو مافەی خۆی هەڵدەگرێت.

*** بەپێی ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، ڕێژەی جیابوونەوە و تەڵاق لە هەڵکشاندایە، لە بەرانبەریشدا ڕێژەی هاوسەرگیری کەم بووەتەوە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هاوسەرگیری، گرێبەستێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی پیرۆز و دروستکردنی خێزان و ژیانێکی ئارام کە لە سایەیدا، ژن و مێرد بە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی ژیانی هاوبەشی نێوانیان بەردەوامی پێ بدەن و بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکیش کە لە نێوانیاندا ڕوو دەدات، بە درێژایی ژیانی هاوسەریەتی، پێویستە لەسەرخۆ و ژیرانە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا بکەن، بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندییە پیرۆزە بە ئارامی و دوور لە توندوتیژی بەردەوامی هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم ژیانە هاوبەشە ئەستەم بوو، بەردەوامی پێ بدرێت، یان کێشەکەی نێوانیان وەك دوابژاردە هیچ چارەسەرێکی نەبوو، دەتوانن لە یەکتر جیا ببنەوە، هەرچەندە تەڵاق بە ناحەزترین حەڵاڵ دادەنرێت لەلای خودای گەورە، بە هەمان شێوە لە کۆمەڵگە ڕەت کراوەیەوە، بەڵام دوایین چارەسەریشە بۆ کێشەکانی نێوان ژن و مێرد.

بەپێی ئامارە فەرمییە ڕاگەیەندراوەکان دەرکەوتووە، ڕێژەی گەورەی حاڵەتەکانی تەڵاق کە ڕووی داوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، لە دەرەوەی دادگا بووە، واتە لە ڕێگەی مامۆستایانی ئایینی، یان ئارەزوومەندانە و بە ئاگاداریی پارێزەر، یان کەسوکار بووە، لەمەشدا ژن زەرەرمەندی یەکەم بووە، بە هۆی دەستهەڵگرتنی لە هەموو مافەکانی خۆی، یان بەشێکی زۆری لە بەرانبەر تەڵاقدانی لەلایەن مێرد، هەروەها بەپێی ئامارەکانی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق و ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٢ لە عێراق (٥٩٩٤٤) و لە هەرێمی کوردستان (١٣٩٦٧) حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە تۆمار کراون. لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ لە هەرێمی کوردستان (٧٠٥٥) حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە ڕووی داوە کە بە فەرمی لە دادگاکان بڕیاری یەکلابوونەوەیان دراوە.

ڕێژەی تەڵاقی دەرەوەی دادگا (دەرەکی) بەپێی ئامارەکان ساڵانە بەردەوام لە زیادبوون بووە و، یەکێك لە هۆکارەکانی درێژخایەنی ماوەی یەکلاکردنەوەی دادخوازیەکانە لە دادگا و لەلایەکی دی، چارەسەرنەکردنی کێشەکانە کە بووەتە هۆی ئەوەی هەردوو لایەن (ژن و مێرد) بڕیاری کۆتایی بدەن بۆ تەڵاق، یان جیابوونەوە.

**زۆربەی حاڵەتەکانی تەڵاق و جیابوونەوە و توندوتیژییەکان، لە نێوان ئەو هاوسەرانەیە کە لە تەمەنی منداڵی (پێشوەخت) هاوسەرگیرییان کردووە**

**وەک لە بۆچوونی یەکێتیی زانایانی کوردستان هاتووە، هاوسەرگیریی مسیار بۆ کۆمەڵگەی کوردستانی نەگونجاوە**

**هاوسەرگیریی دروست ئەوەیە کە ژیانی هاوبەشی ژن و مێرد و سۆز و بەزەیی و خۆشەویستی تێدایە لە، نەک تەنیا بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزوو بێت**

**بەپێی ئامارە فەرمییە ڕاگەیەندراوەکان دەرکەوتووە، ڕێژەی گەورەی حاڵەتەکانی تەڵاق کە ڕووی داوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، لە دەرەوەی دادگا بووە**

دەرهێنەری مەغریبی فاتیما ئەلجبیع بۆ گوڵان:

# هیوادارم بتوانم فیلمێکی دیکیۆمێنتاری لەسەر کولتووری کوردی بەرهەم بهێنم



*** لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو تا ئێستا لە نێو هونەری دەرهێنان و نواندن دەژیت لەو کاتەوە تا ئێستا بە ڕای تۆ، بەتایبەت لە بواری سینەمادا چی گۆڕاوە؟**

- سینەما لە گەشەسەندنێکی دیار و بەرچاودایە هەم لە ڕووی چەندایەتی و هەم لە ڕووی کوالیتییەوە، بەجۆرێک گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکان و شیکردنەوەیان و پێشکەشکردنی بۆ وەرگر بە ئازادی و تێگەیشتنێکی زۆرەوە ئاسان بووە، هەروەها ئاستی تەکنیکەکانی بەکارهێنراو لە پێشکەش کردنی ئەوەی بەرجەستەیە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینوە و گەیشتۆتە بەرزترین ئاستدا ولە کارە هونەرییەکانی مەغریبدا ڕوون دەردەکەوێت.

*** تێبینی دەکەین کە ئێوە مەیلتان بۆ فیلمی دیکۆمێنتاری هەیە، بۆچی فیلمی دیکۆمێنتاری؟**

- نەخێر، من هیچ مەیلێکم بۆ فیلمی دیکۆمێنتاری نییە تەنها لەم ساڵانەی دواییدا خۆم بینیوە کە بەردەوام کار لەسەر ئەم ژانرە دەکەم، ئەگەر بە ڕاشکاوی بڵێین، قورسترین ژانرە کە داهێنەرێک دەتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ژانرێکی ترسناک و چێژبەخشە، چونکە ناچارت دەکات وریا بیت هەموو شتێک کە تۆ دەتەوێ دیکیۆمێنتی بکەی دەبێت لە بەدیهێنانی مانای ڕاستەقینەی تێبگەیت، ئەمەش ئەوەیە کە من لەم جۆرەدا سەرم لێ شێواوە. دەبێت سەرەتا وەک خوڵقێنەرێک چێژ بۆ خۆت بەدەست بهێنیت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی چێژوەرگرتنەکەتەوە زانیاریەکان

**دەرهێنەرێکی مەغریبی کە لە ساڵی ١٩٨٦ وەك ئەکتەر دەستی بە کاری هونەری کرد، ئەو کات تەمەنی تەنیا پانزە ساڵ بوو، دواتر فاتیما ئەلجبیع بە بەشداریکردنی لە چەند شانۆگەرییەکدا، ڕووی لە شانۆ کرد، ئێستاش زیاتر کاری فیلمی دیکیۆمێنتاری ئەنجام دەدات. ئم خانمە هونەرمەندە لە ساڵی ١٩٩١ وەك یاریدەدەری دەرهێنەر لە زنجیرەی (الكواليس) هاتە ناو جیهانی دەرهێنانەوە، هەروەها بەردەوام بوو لە بەرهەمە دراماتیکییەکانی دیکەدا. سەبارەت بە چەند پرسێکی تایبەت بە کارە هونەرییەکانی گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامدا.**

بگەیەنیت بە وەرگر بە جوانییەکی زۆر بینراوەوە بۆ ئەوەی چێژ لە ڕۆڵەکەی وەربگرێت و تۆش بە سۆزێکی زۆرەوە زانیاریەکان بۆی بگوازیتەوە کە وردبین بێت لە وەرگرتنیدا.

*** وەک دەرهێنەرێک پەیامت چییە؟**

- من دەرهێنەر نیم، مرۆڤێکم کە ڕەنگە شتەکان بە شێوەیەکی جیاواز ببینم، ئەگەر شاعیر بوومایە شیعرم دەنووسی بۆ ئەوەی باس لە هەموو ئەو شتانە بکەم کە ڕووبەڕووی دەبمەوە کە بە بێمانایی لە دژی مرۆڤایەتی دەیبینم. ئەگەر نیگارکێش بوومایە، تابلۆیەکم دەکێشا کە ڕەنگدانەوەی جیهانێک بێت کە جیهانی مرۆڤایەتییە، ئەمڕۆ من دەرهێنەرێکم کە وێنەی خێرا دروست دەکەم کە چیرۆکی ژیان و چیرۆکەکان دەگێڕمەوە کە مرۆڤەکان لە سەردەمێکدا تێیدا دەژین کە پێویستمان بە بنیاتنانی مرۆڤەکانە، لە ڕێگەی کارەکانمەوە هەوڵ دەدەم لەگەڵ مرۆڤایەتیدا خەون بە سبەینێیەکی جوانترەوە ببینم کە بەو شتانەی دەستمان لێدەدەین دژی مرۆڤایەتیمان بگۆڕێت.

*** ئایا سینەمای مەغریبی توانیویەتی ئازارەکانی ئافرەتی مەغریبی بە شێوازی خوازراو بگەیەنێت؟**

-باسی ئازارەکانی ئافرەتانی مەغریب ناکەم چونکە هەست بەم ئازارە ناکەم، سوپاس بۆ خودا، ئافرەتی مەغریبی شانبەشانی پیاوی مەغریبی، کە قەدری خەباتەکەی دەزانێت، توانیویەتی لە زۆر بواردا بەبێ تەحەددا لە زۆر بواردا خودی خۆی بەدەستبهێنێت. زۆر کەم کەس تووشی ئەم ئازارە دەبن، کە تا ئێستاش بەهۆی پەروەردەیەکەوە زیندانی کراون کە ڕەنگە نەیتوانیبێت لە کۆت و بەندەکانی ڕزگاری بێت. سینەما لە سەردەمی ئێستادا، کاتێک ئافرەت لە بەرهەمێکدا دەخاتە ڕوو دەیخاتە بەردەم تەحەددای زاڵبوون بەسەر مەحاڵ و سەرکەوتن و گەیشتن بە پێگەی مرۆڤبوون، جیا لەوەی مێینەیی خۆی دەخاتە بەردەمیان.

*** کێشەیەکی دیاریکراو هەیە لە بواری مافەکانی ئافرەتانی مەغریبدا کە لە کارەکانتدا گرنگی دەدەیت؟**

-من کارەکانم سنووردار ناکەم بۆ بواری مافەکانی ئافرەتان، ئەوەندەی باس لەوە دەکەم کە چی ڕێگری لە مرۆڤ دەکات لە بوونی مرۆڤدا، جگە لەوەی کە نێرە یان مێیە، چونکە لای من کاتێک ئەو گرێیانە هەڵدەوەشێنینەوە کە ئیستیفزازی مرۆڤایەتیمان دەکەن، ئێمە هەموو ئەو کەمئەندامی و سەرکوتکردنانە دەکوژین کە ململانێ لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست دەکەن باس لە هیوای ژیانێکی جوانتر دەکەم، باسی چاکە و خراپە دەکەم، باس لە سەربەخۆیی دەکەم و ئافرەتان تەنها بەشێکن لە هەموو ئەمانە ئەگەر ڕاستگۆ بم لەگەڵتان، من ئافرەتە دەرهێنەرێکم ئافرەت ناخەمە قەفەسی ئازارەوە، چونکە وەک کەسێکی بەهێز و هەڵگری چەندین تەحەددا دەبینم و دەبێت درک بە هێزی خۆیان بکەن و هەست بە

هێزی خۆیان بکەن لە هەموو شتێکدا کە دەوریان داوە.

*** چ شتێک سەرنجی ئێوەی بۆ لای ئافرەتانی ئەمازیغ ڕاکێشا بۆ ئەوەی بتوانن ببنە چەقی ئارەزووی ئێوە بۆ بەرهەمە هونەرییەکانتان؟**

- بەهەموو ڕاستگۆییەوە، بیرۆکەی ئەوەم نەبوو کار لەسەر فیلمێکی دیکۆمێنتاریی پەیوەندیدار بە ئەمازیغییەکانەوە هەبێت ئەنجام بدەم، بەڵام کاتێک بەرهەمهێنەرەکە کە بیرۆکەکەیشی هەبوو، پێشنیاری بۆ کردم، بیرۆکەکە سەرنجی ڕاکێشام و وتم بۆ نا، بەتایبەتی کە کارم دەکرد بۆ دیکیۆمێنت کردنی ئەو ئافرەتانەی کە ڕێگایەکی جیاوازتریان هەبووە لەوانی تر، بۆیە هەوڵمدا بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە بیرۆکەکە پەرەپێبدەم لە کێشانی چیرۆکی ژیاندا ئافرەتان لە بارودۆخی سەخت و ماندووکردن سەرەتا شانازییان بە خۆیانەوە بەدەستهێنا، بۆیە کارم لەسەر نووسین کرد تاکو چیرۆکەکانیان بگێڕنەوە بۆ ئەوەی نموونەیەک بن بۆ هەموو ئافرەتێک کە لەوان دەچێت. لە نێویاندا ئەو کەسانە هەن کە شکستیان کردە سەرکەوتن، خەمۆکییان کردە هیوا و ئازارەکانیان کردە قارەمانێتی و لە ڕێگەی ئەوانەوە منیش سەرکەوتن و زەردەخەنەیەک و هیوایەکی زۆرم بەدەستهێنا.



*** سینەما و نواندن بە گشتی تەنانەت لە ئاستی جیهانیشدا بەدەست کێشەی سیناریۆیەوە دەناڵێنن کە تەخواستی بینەر و ڕەخنەگرانی تێدا بێت بەڕای ئێوە چ کێشەیەکی سیناریۆ هەیە؟**

- من بەو شێوەیە نابینم کە کێشە لە سیناریۆدا هەبێت ئەوەندەی من دەبینم کە بابەتگەلێک هەن هەندێک جار مەرجی وەرگرەکە ناگرێتەوە، کە ئاواتەخوازە بابەتگەلێک کە هاوشێوەی ئەو بن و باس لە نیگەرانییەکانی دەکات، یەکێک کە هەڵگری شیکارییەکی وردە کە لە ڕۆحی وەرگرەوە نزیکە، وا دەکات هەست بکات بە کولتوور و ئایین و نیگەرانییەکانیەوە قسەی لەگەڵ دەکات و پەنجە دەخاتە سەر کەموکوڕییەکان.

*** کەسانێک سینەمای مەغریب تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە بە ئەنقەست ئافرەتان وەک جەستە پیشان دەدەن بەبێ ئەوەی گرنگی بە ناوەڕۆکی هونەری بدەن وەڵامتان چییە بۆ ئەو تۆمەتانە؟**

- پێموانییە ئەم بوختانکردنەی جەستە بەشێک بێت لە زمانی گێڕانەوە، تەنها دەبێت دروستکەر لە بابەتێکی گونجاودا مامەڵەی لەگەڵدا بکات ئەمە لەلایەک. لە لایەکی ترەوە چۆن دەتوانین تەنها باسی ئامرازێک بکەین بۆ سەرکەوتن لە جەستەدا ناشیرینی دەبینین، لە ناشیرینیشدا جوانی دەبینین من ئەو کەسەم کە جەستە بە ڕووتی قبوڵ ناکەم.

*** زانیاریت لەسەر هونەری کوردی یان سینەمای کوردی بە گشتی چییە؟**

-ڕاستگۆییانە پێت دەڵێم، من زۆر لەبارەی هونەری کوردییەوە نازانم، بەڵام دەزانم هونەری کوردی بە ڕۆحێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە دەجوڵێت و وابەستەیی بە شوێن و شتەکانەوە هەیە و ئەمەش ناتوانێت لە باری شیعریی خۆیدا مرۆڤێکی دیاریکراو نەبەخشێت. هیوادارم وەک دەرهێنەرێکی مەغریبی، هیوادارم ڕۆژێک لە ڕۆژان کارێکی دیکیۆمێنتاری لەسەر کولتووری کوردی بەرهەم بهێنم کە لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ ئێمە وەک مەغریبییەکان هەیە.







# توراب-ی وڵاتانی عەرەبی لە هەولێر نمایش کرا

یەکەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی (توراب) بە بەشداری کۆمەڵەی شێوەکاران عێراق و هەریەك لە وڵاتانی (میسر، قەتەر، تونس، عوممان، لوبنان، کوەیت، ئەردەن، عێراق) و هەرێمی کوردستان بە ٣٠ بەرهەمی سیرامیکی و چەند تابلۆیەکی دانسقەی لە گەلەریی دەزگای ڕۆشنبیریی زانکۆکانی جیهان، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر و ئامادەبوونی هەریەك لە ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر و ئاریان سەلاحەدین بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و فەرهەنگ غەفوور بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر و ئەندازیار بورهان سابیر ڕێکخەر و سەرپەرشتیاری پێشانگە عێراقییەکە تێیدا ئامادەبوون و بڕیاریشە ماوەی یەك مانگ پێشانگەکە بەردەوام بێت.

دەسپێکی کارە هونەرییەکانی ئەم پێشانگە شێوەکارییە هاوبەشە بە پێشکەشکردنی پارچە میوزیکێکی ڕۆژهەڵاتی بەڕێوە چوو، کە گوزارشت بوو لە هونەرێکی باڵا و ئاوێتە بە حەوت ڕەنگ لە سرووشت و جوانی.

ئەندازیار بورهان سابیر وەك سەرپەرشتیار و ڕێکخەری پێشانگەکە ڕاگەیاند: «چالاکییە هونەرییە هاوبەشەکەمان بۆ شێوەکارانی کورد و عەرەب، نیشاندانی ئەو بەرهەمە دانسقە و ناوازانەیە کە هونەرمەندان بە هزری جوانی خۆیان کێشاویانە و داهێنانیان لە هونەری شێوەکاری و سیرامیکدا کردووە، بۆیە ئەمڕۆ ئێمەش هەوڵمان داوە لە هۆڵی ڕۆشنبیریی جیهاندا ئەو بەرهەمە نایابانە نمایش بکەین و، پردێك لە نێوان هونەری عێراقی و وڵاتانی عەرەبیدا دروست بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لە ساڵانی داهاتوودا بە شێوەیەکی فراوانتر پڕۆژەی جیاوازتری هونەری بکەینەوە»، بورهان سابیر گوتیشی: «بەرنامەی دیکەی جۆراوجۆرمان دەبێت بۆ خزمەتکردنی بواری هونەری لە کوردستان و عێراقدا، هەمیشە دەرگامان کراوەیە بۆ چالاکییە هونەرییەکان.

لونا مەریوان

یاریزانی ئەسپسواریی یانەی شێرکۆ:

# کاتێ کە هاوکاری ناکرێم چۆن بتوانم تیپ دروست بکەم



*** بۆچی یاریی ئەسپسواریت هەڵبژارد؟**

- کە من دەستم پێکرد ئەسپسواری یارییەکی نوێ بوو لە نێو ئافرەتاندا لە کوردستان.

*** لە کوردستان یاریی ئاسپسواری لە چ ئاستێکدا دەبینیت؟**

- یاری ئەسپسواری لە ئێستادا لە پێشکەوتندایە و لە شارەکانی کوردستان قۆناغی باشی بڕیوە.

*** بۆچی لە کوردستان وەکو پێویست گرنگی بەم یارییە جیهانییە نادرێت؟**

-ئەمە چەند هۆکارێکی هەیە، لەوانەش شەرمی ئافرەتان، نەبوونی توانای دارایی، ڕێگریی خێزان.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم یارییە بچێتە قۆناغێکی تازەوە؟**

- هەبوونی شتاڵ (فێرگەی ئەسپ سواری)تایبەت بە ئەسپسواری و گونجاویی نرخەکەی و هاندانی کۆمەڵ و دەوڵەت.

*** هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردوە کە زۆرجار گرفت بۆ یاریزانی ئەم یارییە دورست دەبێت؟**

- بەڵێ، بەڵام پێویستە ئافرەتان شان بدەنە بەر هەموو بوارێك وە پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ سوار تا نەگلێ نابێتە سوار.

*** کێشەو گرفتتان چییە لەم یارییە؟**

- نەبوونی هاندان و پشتگیریی لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی بتوانین تەواو پێگەیشتوو بین.

*** وەرزشی ئەسپسواری چی پێ بەخشیوی؟**

-خۆشییەکی بێ پایان.

*** ئێوە هیچ کات تووشی گرفت بوون لە ئەنجامدانی ئەم یارییە؟**

**هەر چەندە ئەسپ سواری یارییەکی جیهانییە و ساڵانە چەندین پاڵەوانێتی لەسەر ئاستی جیهان بەڕێوە دەچێت، بەڵام لە کوردستان و بگرە لە عێراقیش وەکو پێویست ئاوڕ لەم یارییە نەدراوەتەوە، زیاتر هەوڵەکان تاکە کەسین بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە، یانەی سوارچاکیی شێرکۆ لە پارێزگانی هەولێر، ماوەیەکە گرنگی بە ئەسپسواری دەدات و چەندین یاریزان و ڕاهێنەری بە ئەزموون لەم یانەیەدا کار دەکەن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەم یانەیە بکەنە نموونەیەکی بەرزی یاریی ئەسپسواری لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر و کوردستان و عێراقیش، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان (لونا مەریوان)ە، کە یاریزانی یانەی جەیش و ڕاهێنەری ئەسپسواریی یانەی کۆڕازە، لونا لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٩ی شاری هەولێرە و خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە بەشی ژمێریاری.**



- بەڵێ، وەك هەزاران تیرو توانجی خەڵکی بێ ئاست و نزمەکان.

*** هیوا و ئاواتتان لە ئەنجامدانی ئەم یارییە؟**

- هیوادارم ببم بە یاریزانێکی پێشکەوتوو و بەشداری لە کێبڕکێ کوردستان و دەرەوەی وڵات بکەم.

*** بەرنامەی داهاتووتان چییە وەکو کچە یاریزانێکی ئەسپسوار؟**

- کۆڵنەدان لەم یارییە و بوونی ئەسپی چاك و ڕەسەن، چونکە خۆمان هەم سواری و هەم فێرکردنی ئەسپەکانمان هەیە.

*** بڕیارت نەداوە تیپێك بۆ شاری هەولێر دروست بکەی؟**

- کە خۆم هاوکاری ناکرێم چۆن بتوانم تیپ دروست بکەم.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە بۆ یاریکردن؟**

- تاکو ئێستا نەخێر گرێبەستم پێشکەش نەکردوە.

*** کێ بە پاڵپشتی خۆت دەزانی لەم یارییە؟**

- خێزانەکەم بە تایبەتی دایك و باوك و برام هەمووو کات بۆ من پاڵپشت بوون.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆرسوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، ئومێدەوارم دیدارەکانمان ببێتە مایەی پشتگیریمان لەلایەن وەزارەت و کاربەدەستان لە گەشەپێکردنمان.







# ژمارەیەک کەسایەتیی وەرزشی خەڵات کران







یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان لە باخچەی زانکۆی جیهان بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە بەرپرسانی حزبی و حكومی و ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشیی تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهانی خەڵات کرد، بە بۆنەی بەدەستهێنانی پلەی دووەمی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان وەکو نوێنەری پارێزگای هەولێر، لە دەستپێکی مەراسیمەکەدا دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداریەتی زانکۆکانی جیهان ڕایگەیاند: «وەرزش ڕۆڵێکی کارای هەیە لە ژیانی مرۆڤدا و هەوڵ دەدەین بیگەیەنینە ئاستی ستانداردی جیهانی، هەوڵیش دەدەین تیپەکەمان بکەینە تیپێکی بەهێز لە کوردستان و عێراق، سوپاسی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستانیش دەکەین کە ساڵانە خول و پاڵەوانێتی بۆ یانەکان دەکاتەوە». دواتریش تاریق عەبدولڕەحمان سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان لە وتەیەکدا گوتی: «یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان ساڵانە چەندین خولی جۆراوجۆر دەکاتەوە بۆ ئاستەکانی تەمەن بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر چالاکی ئەنجام بدەین، لە دەستەی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان لە ماوەی ئەو سێ ساڵە کە خولی جۆراوجۆرمان ئەنجام داوە و توانیومانە کاری باش بکەین، ئەم ساڵ بڕیار بوو جامی هەرێمەکان بەڕێوەببەین لە کوردستان ١٦ تیپ سەرکەوت بۆ پاڵەوانێتییەکە، بەڵام دواخرا بۆ ساڵی داهاتوو، زانکۆی جیهانیش یەکێکە لە شوێنە ڕۆشنبیرییەکان، داوکارین لەسەرۆکی یانەکە هاوکاریی باشتری یانەکەی بکات بۆ ئەوەی بتوانن هەنگاوی باشتر ببڕن لە داهاتوودا».

دواتر مەدالیای پلەی دووەم بەسەر یاریزانانی یانەی زانکۆی جیهاندا دابەش کرا لە بەرامبەر سەرکەوتنیان بۆ خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان، لە مەراسیمەکەشدا یانەی زانکۆی جیهان خەڵاتی ڕێزلێنانیان بەخشییە بیست کەسایەتی وەرزشی لەبەرامبەر ڕۆڵ گێڕانیان لە خزمەتکردنی سێکتەری وەرزشی لە پارێزگای هەولێر.







# یانەی قەڵادزێ دەستی بە جموجووڵ کرد

بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕیزی پێکهاتەی یانەکەی بۆ وەرزی تازەی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی قەڵادزێ دەستی بە ئامادەکارییەکانی کرد، بۆ ئەوەی بتوانێ پلانێکی تۆکمە دابنێ بۆ ئەوەی ئەم وەرزە بە بەهێزی بگەڕێتەوە ڕیزی یانە پلە یەکەکان، ئامانجی یانەکە گەیشتنە بە ڕیزی یانە پلە نایابەکان، وەرزی ڕابردوو یانەکە نەیتوانی بگاتە ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، بەڵام ئەم وەرزە کارگێڕیی یانەکە لە ئێستاوە دەستی بە ئامادەکاری کردووە بۆ ئەوەی تیپێکی بەهێز دروست بکات،کە بتوانێت کێبڕکێ سەرجەم یانە بەشداربووەکانی کوردستان بکەن، بۆ بەهێزکردنی تیپەکەش کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ کاپتن هێور مستەفای ڕاهێنەری پێشووی یانەی برایەتی مۆرکرد، بۆ سەرپەرشتی و مەشقی یانەکە لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی پلە یەکەکانی کوردستان، کە بڕیارە یارییەکانی لە دوای وەرزی نوێی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان بەڕێوە بچێت، قەڵادزێ دەیەوێ لەسەر دەستی ئەم ڕاهێنەرە خۆی بگەینێتە ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان کە چەند ساڵە یانەکە هیوای بۆ دەخوازێت، یانەکەش پلانی هەیە گرێبەست لەگەڵ ژمارەیەك یاریزانی بەهێز کردووە بۆ ئەوەی بتوانێ تیپێکی بەهێز دروست بکات .



# ئافرەتانی هەڵەبجە یەکەمی هێزی لەش بوون

لەژێر چاودێریی لیژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان و بە سەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی هێزی لەشی کوردستان، بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یارییەکانی هێزی لەشی ئافرەتان لە شارەکانی کوردستان و بەرەوپێشبردنی زیاتری یارییەکە لە هەرێمی کوردستان، پاڵەوانێتی هێزی لەشی یانەکانی کوردستان بە بەشداریی ژمارەیەك یاریزان لە هۆڵ و یانەکانی کوردستان، یاریی پێنج پرێس بەڕێوە چوو، یارییەکان لە شاری هەولێر بۆ ماوەی یەك ڕۆژ لە هۆڵی مامۆستا بورهان ئەنجام درا، لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و کێبڕکێی ئەنجامی شایستە بکەن، ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

١-هۆڵی ئافرەتانی هەڵەبجە ٥٠خاڵ
٢-ئافرەتانی گەرمیان٤٧خاڵ
٣-ئافرەتانی قەڵادزێ٤٤خاڵ
٤-ئافرەتانی هەولێر ٣٩خاڵ







# خۆپاراستن لە دڵەکزێ لەکاتی شەودا

دڵەکزێ Heartburn هۆکارێکی بەهێزە بۆ تێکدانی خەو، بەڵام دەتوانرێت کە ڕێگەی لێ بگیرێت. لەکاتی پاڵکەوتندا، ترشەڵۆکی گەدە ئاسانتر دەگەڕێتەوە ناو سووریێنچك و دەگاتە قوڕگ، کە هۆکارە بۆ ناڕەحەتیی زۆر، بەهەرحاڵ دەتوانرێت بەم هەنگاوانە ڕێگە لە دڵەکزێ لەکاتی شەودا بگیرێت: زووتر خواردنی ژەمێکی سووکی ئێوارە کە ٢-٣ کاتژمێر پێش کاتی نووستن بێت، بەکارهێنانی سەرینی بەرز و هەوڵدان بۆ نووستن لەسەر تەنیشتی چەپدا، دووركەوتنەوە لە خواردنەوەی قاوە پاش ژەمی ئێوارە لەگەڵ میوە مزرەکان و خۆراکی تیژ، دووركەوتنەوە لە مەشقی وەرزشیی توند پێش کاتی نووستن، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش چونکە کێشی زیاد زمانەی نێوان سووریێنچك و گەدە لاواز دەکات، دووركەوتنەوە لە جگەرە کە دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی زمانەی نێوان سووریێنچك و گەدە، لەبەرکردنی جلی فراوان لەکاتی شەودا تاکو فشار نەکەوێتە سەر گەدە، جووینی بنێشتی بێ نەعناع بۆ ماوەی ٣٠ خولەك پاش ژەمی ئێوارە، کە هاندەرە بۆ زیاد قووتدانی لیك و هاوسەنگکردنەوەی ترشەڵۆك کە گەیشتبێتە سووریێنچك، بەکارهێنانی دەرمانی دژەترشی Antacids بە شێوەی دەنکی جوین یان گیراوە دڵەکزێ بۆ ماوەیەکی کورت سووك دەکات و زیاد بەکارهێنانیان لەوانەیە زیانبەخش بێت، بەکارهێنانی دەرمانی کەمکردنەوەی دەردانی ترشەڵۆکی گەدە وەکو زانتاك یان گرووپی ئۆمیپرازۆل کە پێویستە تەنیا بە ڕێنمایی دکتۆر بێت.

# نیشانەکانی کەمی ئاسن لە لەشدا

ئاسن Iron کانزایەکی گرنگە بۆ گەشە و پەرەسەندنی لەش، هەروەها بۆ باشیی مەزاج و ئاستی وزەی لەش، ئاسن گرنگە بۆ دروستبوونی پرۆتینی هیمۆگلۆبینی ناو خڕۆکە سوورەکانی خوێن و گواستنەوەی گازی ئۆکسجین بۆ هەموو بەشەکانی لەش، لەگەڵ دروستبوونی ترشی DNA و میتابۆلیزمی ماسوولکەکان. کەمیی ئاسن دەبێتە هۆی گرفتی دەروونی و جەستەیی، بەتایبەتی کەمخوێنی. هۆکارەکانی کەمیی ئاسن لە لەشدا: هەوکردنی ڕیخۆڵە، کەمیی ئاسن لە خۆراکدا، ونکردنی خوێن لەکاتی خوێنبەربوون یان سووڕی مانگانەی ئافرەتدا. نیشانەکانی کەمیی ئاسن لە لەشدا: هەناسەتەنگی لەبەر کەم گەیشتنی ئۆکسجین بە ماسوولکە و شانەکانی لەش کە کۆئەندامی هەناسە وەکو قەرەبووکردنەوە خێرایی هەناسە زیاد دەکات، هەستکردن بە ماندووبوون و بێهێزیی گشتی، یان کەم وزەیی هەر لە ئەنجامی کەم گەیشتنی ئۆکسجین بە شانەکانی لەش، کەمبوونەوەی ئاستی تەرکیز، هەستکردن بە سووکبوونی سەر Light-headedness، سەرئێشە هەر لەبەر کەم گەیشتنی گازی ئۆکسجین بە خانەکانی مێشك کە دەبێتە هۆی ئاوسانی بۆڕییەکانی خوێنی مێشك و زیادبوونی فشار، وشکبوونی پێست و وشکبوونی قژ هاوکات لەگەڵ گرفت لە گەشەی قژدا، کە دەبێتە هۆی هەڵوەرین یان تەنکبوونی قژ، ئاوسانی دەم و زمان، قڵیشانی گۆشەکانی دەم، وشکبوون و کولبوونی ناوپۆشی دەم، هەستکردن بە ناڕەحەتی لە قاچەکاندا، دڵەکوتێ یان ناڕێکبوون و خێرابوونی لێدانەکانی دڵ، هەروەها کاڵبوون یان زەردبوونی ڕەنگی پێست.





# گێلاس هاندەرە بۆ خەوێکی باشتر

گێلاس Cherry دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵ، مادده دژەئۆکسانەکان لە جۆری پۆلیفینۆلەکان، ڤیتامینەکانی A، C، لەگەڵ کانزاکانی پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم، کالسیۆم. توێژینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە گێلاس بەتایبەتی گێلاسی ترش هاندەرێکی سرووشتیی باشە بۆ خەوێکی باشتر، بەوەی کە ڕێژەیەکی باش لە ماددەی تریپتۆفان Tryptophan و میلاتۆنینی Melatonin سرووشتی لەخۆدەگرێت، کە هاندەرن بۆ خەو، هەروەها ئەنزیمی تایبەتی تێدایە کە وا دەکەن ماددەی تریپتۆفان بۆ ماوەیەکی زۆرتر لە لەشدا بمێنێتەوە، کە پێویستە بۆ دروستبوونی ماددەی سیرۆتۆنین Sero-tonin و هۆرمۆنی میلاتۆنین کە بە هۆرمۆنی خەو ناسراوە، بۆنموونە خواردنەوەی پەرداخێك شیرەی گێلاسی ترش یەك کاتژمێر پێش کاتی نووستن هاندەرێکی باشە بۆ خەوێکی کوالێتیی باشتر. سوودە تەندروستییەکانی دیکەی گێلاس: سووککردنی ئازار و گرژبوونی ماسوولکەکان، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، هاندانی کرداری هەرسکردنی خۆراك بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ڕیشاڵ لە گێلاسدا، باشترکردنی فرمانەکانی مێشك، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، هاندانی کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، هەروەها خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان.



# شەکری سپی، شەکری قاوەیی!

ئایا جیاوازی لە نێوان شەکری سپی White sugar و شەکری قاوەییدا Brown sugar هەیە؟ لە ڕاستیدا جگە لە جیاوازیی ڕەنگ هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان شەکری سپی و شەکری قاوەییدا نییە، بۆنموونە لە ڕووی پێکهاتنەوە وەکو یەکن، بەڵام شەکری سپی مامەڵە یان پرۆسێسکردنی زیاتری لەگەڵدا کرواه بەراورد بە شەکری قاوەیی. ڕەنگی شەکری قاوەیی لەوەوە هاتووە کە تێکەڵە لەگەڵ دۆشاوی شەکر Mollasse یان شیرەی چڕی قاوەیی شەکر، کەچی ئەم دۆشاوە لە کریستاڵەکانی شەکری سپیدا جیا دەکرێتەوە کە لە ئەنجامی گەرمکردنی شیرەی قامیشی شەکر یان چەوەندەردا پەیدا دەبێت. کەواتە دەتوانرێت کە شەکری سپی بە تێکەڵکردنی لەگەڵ دۆشاوی شەکردا بگۆڕدرێت بۆ شەکری قاوەیی. ڕێژەی کانزاکانی وەکو کالسیۆم، ئاسن، پۆتاسیۆم لە شەکری قاوەییدا تا ڕادەیەکی کەم بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ شەکری سپیدا، لە لایەکی دیکە ڕێژەیەکی کەمی ماددە دژەئۆکسانەکان لەخۆدەگرێت کە بایەخی تەندروستییان هەیە، هەروەها یەك کەوچکی چای یان چوار گرام شەکری قاوەیی ١٥ کالۆریی وزە بە لەش دەدات، کەچی یەك کەوچکی چای لە شەکری سپی ١٦,٣ کالۆری وزە دەدات.

# کەمیی ڤیتامین و گرفتەکانی پێست

ڤیتامینەکان گرنگیی زۆریان بۆ تەندروستیی پێست هەیە، کەمبوونیان هۆکارە بۆ گەلێك حاڵەت و گرفتی پێست. ڤیتامین A هاندەرە بۆ دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجین و نوێبوونەوەی خێرای خانەکانی پێست، کەمیی ئەم ڤیتامینە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری ئەکزیمای پێست. ڤیتامین E دژەئۆکسانێکی بەهێزە، پێست لە زیانەکای کرداری ئۆکسان Free rad-icals دەپارێزێت، کە لە ئەنجامی بەرکەوتنی پێست بە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی و پیسبوونی هەوا ڕوو دەدات، هەروەها پیربوونی پێست یان لۆچبوون دوا دەخات، شێداریی پێست دەپارێزێت، کەمیی ڤیتامین E هۆکارە بۆ زبربوون و وشکبوونی پێست، سووتانەوە لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری هەوکردن. ڤیتامین C سیفەتی دژەئۆکسانی هەیە، پێست لە کاریگەرییەکانی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی دەپارێزێت، پێکهاتەکانی پێست دەپارێزێت و ڕۆڵی هەیە لە دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجیندا، کەمیی ڤیتامین C دەبێتە هۆی ناسکبوون و وشکبوونی پێست لەگەڵ لوولبوونی قژ. ڤیتامین D هاندەرە بۆ کەمکردنەوەی هەوکردنی پێستدا، هەروەها چاکبوونەوەی برینەکانی پێست و نوێبوونەوەی خانەکانی، کەمیی ڤیتامین D هۆکارە بۆ سەختبوونی هەوکردنەکانی پێست بەتایبەتی زیپکە، ئەکزیما، لەگەڵ نەخۆشیی سەدەف. ڤیتامینەکانی B گرنگن بۆ پاراستنی پێست لە وشکبوون، دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجین و نوێبوونەوەی خانەکان، کەمکردنەوەی ئەگەری هەوکردن و زیپکە، کەمیی ڤیتامینەکانی B هۆکارە بۆ زیپکە، قڵیشانی لێوەکان، وشکبوونی پێست، قانی سوور لەسەر پێستدا، هەروەها لۆچبوونی پێست.



# چۆن خۆت لە نەخۆشیی دڵ و خوێنبەرەکان دەپارێزیت؟



ئایا دەزانیت کە سەرەتای نیشتنی چینێکی چەوری لەسەر ناوپۆشی خوێنبەرێکی دڵ تا دەگاتە ڕەقبوون یان تەسبکوونەوەی خوێنبەرەکە ١٠-١٥ ساڵ درێژە دەکێشێت تا بگوترێت کەسێك تووشی نەخۆشیی خوێنبەری دڵ Coronary artery disease بووە. کۆمەڵەی ئەمریکیی تەندروستیی دڵ AHA و کۆلێژی ئەمەریکیی تەندروستیی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن ئاماژەیان بەمە کردووە کە دەتوانرێت بە گرتنەبەری چەند هەنگاوێك بەڵام بە درێژایی تەمەن خۆمان بە ڕێژەی ٨٠-٩٠٪ لە نەخۆشیی دڵ و بۆرییەکانی خوێن و جەڵتەی مێشك بپارێزین، کە بە کورتی بریتین لە: کۆنترڵکردن یان دابەزاندنی کێشی زیادی لەش، پەیڕەوکردنی خۆراکی هاوسەنگ و تەندروست، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان و خواردنەوە ئەلکهولییەکان، کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن لە کەسانی تووشبوو بە نەخۆشیی شەکرە، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن لە تووشبووانی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێندا، هەروەها بەکارهێنانی دەرمانی دابەزاندنی کۆلیستیرۆڵ بە چاودێریی دکتۆر لە حاڵەتەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، بەتایبەتی ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL.





# مژدەی زانایان بۆ داهاتوویەکی نزیک

زانایانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ لە زانکۆی "کولۆرادۆ بۆلدەر" ڕایانگەیاند، توانیویانە ڕێگایەکی زۆر نوێ لە بواری بارگاوی کردنی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان بدۆزنەوە. بەجۆرێك تەنیا لە یەك خولەکدا، لاپتۆپێك شەحن بکرێتەوەو هەروەها ئەو ئۆتۆمبیلانەی پێویستیان بە چەندین کاتژمێرە بۆ بارگاوی کردن تەنیا لە دە خولەکدا شەحن بکرێنەوە. ئەگەر زانایان لەو بوارەدا بگەنە ئەنجامێکی باش و سەرکەوتن بەدەست بێنن. بێگومان گۆڕانکاری لە هەموو سیستەمی جیهاندا دەکرێت، سووتەمەنی وەك بەرهەمەکانی نەوتی گرنگییەکی ئەوتۆیان نامێنێت. ڕەنگە وڵاتانی خاوەن نەوت لە بواری ئابووریدا تووشی شکستێکی گەورە ببن. بەڵام جیهان بەگشتی لە هەموو بوارێکدا پێشکەوتنی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت.

شێوازە نوێیەکەش چۆنییەتی هەڵگرتنی وزە لە باترییە لیتیۆم یۆنەکاندایە. ئەو باترییانە دەتوانن دە جار خێراتر لە باترییەکی ئاسایی بارگاویی ببنەوە و وزە لە خۆیاندا ڕابگرن.

# پرینتەری سەر خۆراک




جار هەیە دەچی بۆ ڕستۆرانێکی تایبەت داوای قاوەیەك دەکەی، دەبینی سەر قاوەکەی وێنەیەکی لەسەر کێشراوەتەوە، ئەویش بە قاوە!

ڕەنگە ئەو پرسیارەت لە مێشکدا لەلا گەڵاڵە بووبێ ئەو وێنەیە چۆن کێشراوەتەوە بەدەست یا بە ئامێر؟ لەراستیدا پرینتەری خۆراك هەیە، پرینتەری بچووك و گەورە. پرینتەری جۆری EVEbot food پرینتەرێکی سەر خۆراکە. هاوشێوەی ماجیکێکی ئەستوورە، لەبری حیبر، قاوە یا نسکافە یا هەر مادەیەکی دیکەی خۆراکی تێدەکەی. کێشی پرینتەرەکە تەنیا ٢٥٥ گرامە. پانایی چاپکردنەوەی ٢٦ ملمە. درێژایی ٥٠٠ ملمە. هەر کاتریجێك توانای ٧٠٠٠ وێنەی هەیە. بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و بە هۆی ئاپلکەیشنێکی تایبەت بەخۆیەوە وێنەکان لەسەر مادە خۆراکییەکان دەنەخشێنرێن.







# تەختەی سپییەکی ناوازە و جیاواز

تەختە سپی واتە (whiteboard) لە قوتابخانەکان یا فێرگە و شوێنە فێرکارییەکان شوێنی تەختەڕەشی گرتۆتەوە. لەم دواییانەدا تەختەی دیجیتالیش شوێنی تەختەی سپی گرتۆتەوە.

تەختە سپی جۆری (joto whiteboard)، بەقەد تابلۆیەکی هونەری دەبێت. بە دیوار هەڵدەواسرێت و کاعەزێکی A3ی لەژێر دادەنرێت و لەسەر کاغەزەکە شتێکی وەک لاکێشە هەیە لە ڕاستیدا باسکێکی ڕۆباتیکە و قەڵەمی تایبەتی بۆ دادەنرێت. تەختە سپییەکە لە ڕێگای وای-فایەوە بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێت. لە ڕێگای ئاپێکی مۆبایلەوە ئەوەی مەبەستت بوو لە نووسین بێت یا دەق لەسەر کاغەزەکە دەکێشیەوە. ئەوە جیاوازە لە پرێنت کردن و کۆپی کردن. بەڵکو باسکە ڕۆبۆتەکە وەک باسکی مرۆڤ، قەڵەم بەدەست دێت و دەچێت و ئەوەی مەبەستتە لەسەر کاغەزە دەکێشێتەوە. بۆ منداڵان وەک ئامێرێکی خۆخافڵاندن و یاری کردنیش باشە و دەتوانن وێنەکانی خۆیان لەسەر کاغەز بکێشنەوە.



# کامێرایەک بۆ کۆبوونەوە و کۆڕە ئۆنڵاینەکان

کاتێك لە کۆبوونەوەیەك یا گردبوونەوەیەکیدای و دەبێ بەهۆی کامێراوە فیلم هەڵبگریتەوە و لە سەر شاشە بە وردی ئەندامانی کۆڕەکە ببینرێن و گوێیان لێبگیردرێ. پێویستی بە کامێراوانی باشە کە بەردەوام فۆکس بخاتە سەر کەسەکان. کامێرای جۆری بەراستی کامێرایەکی ناوازەیە، ٣٦٠ پلەیە و کوالیتی 4Kیە. کامێراکە لە ناوەندی مێزگردەکە دادەنرێت، بەهۆی سوود وەرگرتن لە زیرەکی دەستکردەوە هەرکاتێك ئاخێوەرێك دەدوێ، ڕووی کامێراکە دەسووڕێتەوە بۆ لای ئەو. هەشت مایکی پێوەیە لە هەموو لایەکەوە دەنگ تۆمار دەکات. ئەگەر ئاخێوەرێك زۆریش دوور بێت، زووم دەخاتە سەر دەنگەکەی و نزیکی دەکاتەوە. ڕاستەوخۆ بە هۆی وای-فایەوە لە ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و تەنانەت پێویستی بە مۆبایل یا کۆمپیوتەریش نییە. کێشی کیلۆیەکی و هەندێکە. تایبەتمەندییەکی دیکەی کامێراکە ئەوەیە کاتێك یەکێك لە دەرەوەی کۆبوونەوەکە واتە لە دوورەوە دەدوێ، دەنگەکان ڕادەگرێ بۆ ئەوەی دەنگەکەی بە باشی بیسترێ.



## ماوسێک لە ژێریی دەس

ماوسی کۆمپیوتەر بۆ ئەوانەی شارەزاییەکی ئەوتۆشیان لە کۆمپیوتەر نەبێت دەزانن چ ئامێرێکە، ئامێری ئاسانکاری لە فەرمانەکانی کۆمپیوتەردایە و وەك کلیلی دەرگای کۆمپیوتەر وایە! لە سەردەمی ژیریی دەستکردا ماوسێك بەرهەم هاتووە جگە لەوەی وەك ماوسێك ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات، وەك ئامێرێکی پەیوەندیدار بە ChatGPT و ژیریی دەستکردیش سوودی لێوەردەگیرێ.

ماوسی جۆری CheerDots 2 لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشێك وەك کەیس و کەڤەری ماوسەکە دەچێت،




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**ئازیزێك دەپرسێت خەریکی نووسینی بابەتێك بووم بە پرۆگرامی word فایلەکەم خەزن نەکردبوو، لە پڕێکا کارەبا کوژایەوەو کۆمپیوتەرەکەشم کوژایەوە. ئایا ئەو فایلەی سەیڤم نەکردبوو دەتوانم بگەڕێنمەوە چۆن دەکرێت؟**

خوێنەری بەڕێز بەڵێ دەکرێت فایلە خەزن نەکراو و ناولێنەنراوەکانیش بگەڕێینەوە. تەنانەت ئەو فایلانەی ناویشیان هەیە و کارت لەسەرکردوون و کێشەی کوژانەوە هاتۆتە پێش دەگەڕێنەوە. سەرەتا بچۆ سەر بەشی file و دواتر بەشی info و دوای ئەوە لە بەشی لای چەپ Manage Document و دوای ئەوە Recover Unsaved Documents هەڵبژێرە و هەموو ئەو فایلانەی کە خەزن نەکراون یا ناویان نییە لەو بەشەدا دیار دەکەون کە بە پاشگری ASD خەزنکراون.

## پرۆگرامێک بۆ دەستکاری فایلی دەنگی

لە زنجیرەی بنەماڵەی adobe پرۆگرامێك هەیە، کەم کەس شارەزای ئەو پرۆگرامەیە. پرۆگرامێکی بێ هاوتا لە دەستکاری کردن و ڕێمیکس کردنی فایلی دەنگی. ئەویش پرۆگرامیAdobe Auditionە. کە گشت تواناکانی تایبەت بە دەستکاری کردنی فایلێکی دەنگی لەو پرۆگرامەدا هەیە. لە زۆربەی پرۆژەکانی سینەمایی و تەلەڤزیۆنیدا وەك یەکەم بژاردەی پرۆگرامی دەستکاری کردنی فایلی دەنگی سەیر دەکرێت. لە خولەکانی تایبەت بە فێرکاری لەسەر دەنگ و گۆڕانکاری لەسەر دەنگدا، ئەو پرۆگرامە وەك پرۆگرامێکی خوێندن و فێربوون سوودی لێوەردەگیرێت. پرۆگرامەکە لە گەڵ نوێترین تەکنەلۆژییەکانی سەردەم دەگونجێت و پشتیوانی لە گشت جۆرەکانی فایلی دەنگی دەکات. لەگەڵ پرۆگرامەکانی دیکەی زنجیرەی ئەدۆب بەباشی یەکتر دەخوێننەوە. دوایی بەرفراوان بوونی ژیریی دەستکرد، پرۆگرامی ناوبراو خۆی لەگەڵ ئەو سیستەمە نوێیە بەرۆژ کردۆتەوە.






## ڕۆبۆتە بچکۆلانەک

ئەم وێنەیەی دەبینن، بووکەڵەیەکی ئەلکترۆنی نییە و منداڵان یاری پێبکەن. ئەمە ڕۆبۆتێکی بچکۆلانەیە بەناوی robot Yumi mateە. کامێرایەکی بەهێزی هەیە بۆ وێنەگرتن، بە پێی فەرمانی بەکارهێنەرەکەی دەچێتە ئەو شوێنانەی بۆی دیاریکراوە و وێنە دەگرێ. لەگەڵ سیستەمی دەنگی ئەلکسای ئامازۆن لە پەیوەندی دایە و وەڵامی فەرمانە دەنگییەکان دەداتەوە. لە سیستەمی ئەندرۆید پشتیوانی دەکات و یەکەی لێکدانەوەی چوار ناوەکییە و خێراییەکەی



## ـــــــتکرد سوود وەردەگرێت

دوگمەکانی لای چەپ و ڕاست ماوسەکە لەو بەشەدایە. بەشی خوارەوە وەك ئامێرێکی پەیوەندیدار بە ChatGPT و هەروەها ئامێری دەنگ هەڵگرتنەوە سوودی لێوەردەگیرێت. بەکارهێنەر دەتوانێت لە کاتی گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسیدا، یا لەکاتی سیمینار و کۆنفرانسدا دەنگەکان هەڵبگرێتەوە و دەستبەجێ بۆ زمانی دیکە وەریان بگێڕێ یا دەنگەکە ڕاستەوخۆ بکات بە دەق. هەربۆیە ماوسەکە شوێنی کیبۆردیشی گرتۆتەوەو بەکارهێنەر دەتوانێت بە دەنگ بابەتەکانی خۆی تایپ بکات.



## ماڵپەڕێکی ژیری دەستکرد بۆ دروستکردنی ئەنیمەیشن

هیچ شتێك بەقەد ژیریی دەستکرد خزمەتی بە فیلمی سینەمایی و گرتەی ڤیدیۆیی نەکردووە. ئەوەی پێشووتر دەبا خەرج و تێچوویەکی زۆری لەسەرکرابا و سەرەڕای ئەوەی کاتێکی زۆری بۆ تەرخانکرابا ئێستا لە ژێر سایەی ژیریی دەستکرد بە ئاسانترین شێوە و بە کەمترین کات ئەو ئەرکە جێبەجێ دەبێ.

ماڵپەڕی pika.art ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد، تایبەتە بە دروستکردنی فیلم و ئەنیمەیشن، تەنانەت دەتوانێت لە وێنە و فیلمی تایبەت بە خۆت ئەنیمەیشن دروست بکەی. بەکارهێنانی وەك هەموو ماڵپەڕەکانی تایبەت بە ژیریی دەستکردە، تۆ دەبێت پرۆمپێت واتە ئەوەی مەبەستە لە بۆکسێکی تایبەتدا بنووسی و لە کەمترین لە چەند خولەکێکدا بۆت دروست دەکات.



## مایکرۆسۆفت تێرمۆستاتێکی زیرەک بەرهەم دێنێ

تێرمۆستات (thermostat) بەو ئامێرە دەگوترێ کە هاوسەنگی لە نێوان هەوای گەرم و سارد ڕادەگرێ، گرنگ نییە ئەو ئامێرە تایبەت بێ بە ماڵ و شوێنێکی دیاریکراو، تەنانەت لەناو ئۆتۆمبیلیشدا ئەو ئامێرە هەیە.

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ئامێرێکی تێرمۆستات بەناوی (GLAS) بەرهەم دێنێ، ئامێرەکە زیرەکە و لەگەڵ سیستەمی فەرمانە دەنگییەکانی کۆرتانای مایکرۆسۆفت پەیوەند دراوە. خۆی لە شاشەیەکی بچووکی کەمتر لە ٦ ئینجی پێکهاتووە. لە شاشەکەدا زانیارییەکانی وەك گەرمی و ساردی و ڕادەی شێ، ڕێژەی گەردیلە زیانبەخشەکانی دەوروبەر و شوێنی ئامێرەکە و پێشبینی داهاتووی کەش و هەوا و زۆر زانیاری دیکەی تێدایە.

لەگەڵ سیستەمی دەنگی Cortana پەیوەندی هەیە و بەکارهێنەر دەتوانێت لێی بپرسێ کەش و هەوا بۆ سبەی چۆن دەبێت؟ لەگەڵ سیستەمی گەرمی و ساردی پەیوەند دەدرێ و خۆکار بەپێی ویستی بەکارهێنەرەکەی ژوورەکان گەرم یا سارد ڕادەگرێ. بۆ ئەوانەی نەخۆشی ڕەبۆ و پشووتەنگیان هەیە، لەکاتی بڵاوبوونەوەی گەردیلەی زیانبەخشدا ئاگاداریان دەکاتەوە.



## ـــــــە و ئەرکەکانی

١,٣ گیگاهێرتزە. ڕامەکەی ١ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ٨ گیگابایتە. بە وای- فای یا بلوتوس بە ئامێرەکانی دیکە پەیوەند دەدرێ. ئەگەر داوای گۆرانی داخوازی خۆتی لێبکەی بۆت بڵاودەکاتەوە یا هەواڵەکانی ڕۆژت بۆ دەخوێنێتەوە و هەروەها کەش و هەوا باس دەکات. یادەوەری ڕۆژانە بیر بەکارهێنەرەکەی دەخاتەوە و بۆ ئەو نەخۆش و بە ساڵاچووانە گرنگە دەبێت لەکات و ساتی خۆیاندا دەرمانەکانیان بخۆن و یا ئەرکێکی پێویست ئەنجام بدەن.



# ماڵئاوایی لە وشکبوونەوەی پێستی دەستەکانت بکە لە وەرزی هاویندا

دەستەکان زۆرترین بەرکەوتنیان بە کەلوپەلەکان هەیە، بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا، هەر لە سووتانی بە تیشکی خۆر تا دەگاتە خۆڵ و تۆز، لێرەدا ئاشناتان دەکەین بە کرێمێك کە خۆت ئامادەی بکەیت.

پێکهاتەکانی: کەوچکێك زەیتی گوێزی هیندی، کەوچکێك هەنگوین، کەوچکێك ئاوی لیمۆ، چەند دڵۆپێك زەیتی بادەم، کەپسولێك لە ڤیتامین E.

سەرەتا زەیتی گوێزی هیندی لەسەر ئاگرێکی کەم گەرم بکە تا دەتوێتەوە، پاشان هەنگوین و ئاوی لیمۆ و زەیتی بادەمی تێبکە و بە باشی تێکەڵیان بکە، دواتر ناوەڕۆکی کەپسولی ڤیتامین E بۆ ناو تێکەڵەکە زیاد بکە، تێکەڵەکە بکەرە ناو قاپێکی بچووکی پاك و بەجێی بهێڵە تا سارد دەبێتەوە.

چۆنێتی بەکارهێنان: دەستەکانت بە باشی بە ئاو و سابون بشۆ، پاشان بە نەرمی وشکی بکەرەوە، بڕێکی پێویست کرێم بدە لە دەستەکانت و بە یەکسانی بەسەر هەموو پەنجەکانتدا دابەشی بکە، دەستەکانت بە جووڵەیەکی بازنەیی بۆ ماوەی پێنج خولەك مەساج بکە، تا کرێمەکە بە تەواوی هەڵدەمژرێت.

ئەم پرۆسەیە دوو بۆ سێ جار لە ڕۆژێکدا دووبارە بکەرەوە.



# دیکۆر و ڕەنگی تایبەت بە ژووری نووستن بۆ تازە لەدایکبووان



ڕاستە ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ پزیشکی منداڵان ئامۆژگاریی دایك و باوکان دەکات کە منداڵی تازە لەدایکبوو لەگەڵ خۆیان لە یەك ژووردا بهێڵنەوە، بەڵام پێویستە لەسەر شوێن و پێخەفی جیاواز بن.

ئەندازیاری دیکۆرکاری ناوماڵ (تالا زۆك) لە دیمانەیەکدا بۆ (Sayidaty.net) دەربارەی خواستی خانمانی دووگیان بۆ هەڵبژاردنی دیکۆری ژووری نووستنی منداڵەکانیان، و حەز و ئارەزووی بەدەستهێنانی مۆبیلیات و ئیکسسواراتە جوانەکان کە ڕەچاوی تەندروستیی منداڵان قسە دەکات. لەو ڕووەوە ئاماژەی بە هەندێك ڕەنگ لە دیکۆری ژووری نووستنی تازە لەدایکبووەکاندا دەکات، وەك: سپی، ڕنگی گوێزی، خۆڵەمێشی، خۆڵەمێشی کەمێك میلەو بێجی، و کۆمەڵێك ڕەنگی خاکیی سووك، یان سەوز، پرتەقاڵی و شین، هەروەها دەڵێت، سێ ڕەنگی کۆتایی دەوڵەمەند و سەرنجڕاکێشن، و تەواوکەری ڕەنگە سەرەکییەکانن.

# بەکارهێنانی سەرسوڕهێنەری قاوە لە کارەکانی ناوماڵدا

بەکارهێنانی پاشماوەی قاوە لە چێشتخانەدا: قاوەی گەرم یان بەستوو بۆ زۆر کەس خواردنەوەیەکی دڵخوازە، بەڵام پاشماوەکەشی ڕەنگە سوودی هەبێت بۆ پاککردنەوەی هەندێك کەرەستەی ناو ماڵ.

پاشماوەی قاوە یان خڵتەکەی فڕێ مەدە، چونکە شیکەرەوەیەکی باشە بۆ چەوری، کاتێ کە دەفر و مەنجەڵ و تەنانەت زۆپای غازیش پیس دەبێت، پاشماوەی قاوە لەسەر ئیسفەنجێکی شێدار دابەش بکە و کەلوپەلەکانی پێ بسڕە، پێش ئەوەی بە باشی بیانشۆریت.

- پاشماوەی قاوە توانای هەڵمژینی بۆنی هەیە، بۆیە لە ناو ساردکەرەوە و بەفرگر، یان تەنانەت سەتڵی خۆڵیشدا بەکاری بهێنە، بە واتایەکی دیکە دەفرێك قاوە لەو شوێنەدا دابنێ کە بۆنی ناخۆشی تێدایە، بۆ ماوەی شەوێك بیهێڵەرەوە تا بۆنەکە هەڵبمژێت.
- دەتوانیت قاوەی وردکراو بەکار بهێنیت بۆ لابردنی ئەو بۆنە ناخۆشەی کە دوای خۆراك لەسەر دەستەکانت دەمێنێتەوە، وەك بۆنی سیر یان ماسی، تەنیا دەستەکانت بە وردکەی قاوە بشۆ.
- بە تێپەڕبوونی کات چا دەتوانێت پەڵەی قاوەیی لە ناو پیاڵە و کۆپەکاندا بەجێ بهێڵێت، بۆیە بە بەکارهێنانی کەوچکێك یان زیاتر لە وردکراوی قاوە و کەمێك ئاو و کلێنس یان خاولی ئەو پەڵانە بسڕە، دەبینیت چ کاریگەرییەکی سەرنجڕاکێشی هەیە.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**




## ڕۆیشتن و ژیان لەسەر دار

ئەمانە گەلی (بانیا)ن لە دۆڵەکانی (ئامۆ) لە ئەسیوپیا دەژین، ئەمانە زۆربەی ژیانیان لەسەر پێچکەداری بەرز بەڕێ دەکەن، دەڵێن ئەمە بۆ خۆپاراستنە لە دڕەندەکان، زیرەکترینیان لەم کارە بە بەهێزترینی هۆزەکە هەژمار دەکرێت، منداڵەکان لە بچوکییەوە هەوڵی فێربوونی ئەم کارە دەدەن. ئەم دارە پێ دەگوترێت (دۆنجا) لە درەختێك دروست دەکرێت کە پێ دەڵێن (دۆنجا)، درێژییەکەی دەگاتە دوومەتر و نیو، لە ژێرەوە ئەستوورە و لە سەرەوە باریکتر دەبێتەوە. بەڕێوەچوون لەسەر ئەم دارە لای ئەم خەڵکە بە پیاوەتی و هێز هەژمار دەکرێت، تەنانەت بۆ هاوسەرگیریکردنیش پێویستە گەنجەکان ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەم دارانە بەڕێوە بچن تا دڵی کچەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.











## بزوێنەرەکانی فرۆکە

نرخی بزوێنەری فرۆکەکانی گەشتکردن، وێڕای ئەوەی نرخێکی گرانی هەیە، لە هەمان کاتدا بە تۆکمەترین شێوە دروست دەکرێت، بۆ ئەوەی کەمترین کێشەی هەبێت، نرخی بزوێنەری ڕۆڵز ڕۆیس (ترێنت ٩٠٠) نزیکەی ٢٥،٠٠٠،٠٠٠ دۆلارە بۆ هەر بزوێنەرێك، کە ئەم ژمارەیەت خوێندەوە ڕەنگە ئێستا سەرت سوڕمابێت، چونکە هەر فڕۆکەیەکی ئایرباس A٣٨٠ چوار لەو بزوێنەرانەی بۆ دانراوە، واتا بە چوار بزۆێنەری ڕۆڵز ڕۆیس (ترێنت ٩٠٠) کار دەکات.



# فلای ڕانج گەیزەر

فلای گەیزەر کە ناسراوە بە (فلای ڕانج گەیزەر) کانیاوێکی گەرمی بچووکە و دەکەوێتە سەر زەوییەکی تایبەت لە ویلایەتی (واشۆ) لە ویلایەتی نیڤادا، نزیکەی ٢٠ میل (٣٢ کم) لە باکووری (گێرلاچ)ـەوە دوورە. ئەم کانیاوە بەرزییەکەی نیزکەی ١,٥ مەتر دەبێت و پانییەکەی پێنج مەتر دەبێت، تەقینەوەی گڕکانەکانی کراکاتاو لە ساڵی ١٨٨٣ یەکێک بوو لە کوشندەترین تەقینەوەکانی گڕکانەکانی شەشی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٦ Buy Burning Man Project لە مێژووی مۆدێرندا، دوای تەقینەوەی تامبۆرا لە ساڵی ١٨١٥ کە ٦٠ هەزار کەسی کوشت. کاریگەرییەکانی لە سەرانسەری جیهاندا هەستیان پێ دەکرا، تەنانەت وا دەرکەوت کە دەگاتە ستراتۆسفێر، ئەمەش وای کردووە مانگ لە شەودا بە ڕەنگی شین دەربکەوێت.



# جۆغەن و جۆینە بۆ کوتینی دەغڵودان

ئێستا سەرووبەندی دروێنەی دەغڵودانە، کە زیاتر بە ئامێرەکانی دەڕاسە و لە هەندێ شوێن کە دەڕاسەکان ناتوانن پێی بگەن وەك ناوچە شاخاوییە و دۆڵە و بوونی زەویەکی هەوراز و نشێو، بە دەست و داس دەغڵەکان دروێنە دەکرێت، دواتر دەبێ ئەو دەغڵودانە چێ بکرێت، ئەویش هەر بە ئامێرەکان بۆ سوودوەرگرتن لە دانەوێلەکان بۆ خواردن و بەکارهێنانەکانی دیکە، جاران کەرەستە پێشکەوتووەکان نەبوون، بەڵکو جووتیاران پەنایان بۆ ڕێگەی تایبەت بردووە، لەوانە ئەو شێوە هەڵکۆڵینەی کە پێی دەگوترێ، (جۆغەن، یان جۆینە) یەك لە هۆکارەکانی، بۆ ئیشی ڕۆژانە، وەکو کوتینی دەغڵودان و دانەوێڵە، گرتنی ڕۆنی ڕوك و گژوگیای دەرمانی، بەگشتی جۆینە، نزیکەی بیست بۆ بیست و دوو جوری هەیە، کە هەرکامیان بۆ ئاماژەیەکی دیاری کراو بەکار هاتووە، ئەم جۆرە جۆینەی لەم وێنەیەدا هەیە، ئاماژەیە بۆ بوونی گۆڕستان و هاوکات خۆشی نەخشەی گۆڕستانەکەیە، جگە لەوەش تەمەنی کەسەکان دیاری کراوە، پێدەچێ گۆڕستانێکی خێزانی بوو بێت کە بە چەند شێوەیەك نێژراون، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان و لە هەندێك بەشی کوردستان لۆلۆییەکانیش ئەم ئاماژەیان بەکار هێناوە.



## قوڵترین چاڵی سرووشتی



ئەمە بریتییە لە وێنەی قوڵترین چاڵی سرووشتیی سەرسوڕهێن Xiaozhai) Tiankang) ناوەکەیەتی و دەکەوێتە وڵاتی چین و کەوتووەتە سەر ئەشکەوتێک و ڕووبارێکی ٨,٥ کیلومتر لە ژێریەوە دەڕوات و بە شێوەی تاڤگە دەردەکەوێتەوە، ١٣٠٠ جۆری دارودرەخت و گیانەوەر لە ناویدا دەژین.

## یاسا




**نەدانی پارەی کرێی تەکسی و خواردن**

ڕاکردن یان خۆدزینەوە لە پێدانی کرێی تەکسی و پاس، یان خواردنگەیەک، هەرکەسێک بچێتە خواردنگەیەک و نان بخوات و پارە نەدات و ڕابکات، یان ئۆتۆمبیلێک بە کرێ بگرێت و پارەی نەدات و ڕابکات، بەپێی مادە ٤٤٩ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩ سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک لە سێ مانگ زیاتر نەبێت یان غەرامەیەک بە بڕێک لە ٤٥ هەزار زیاتر نەبێت.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لەوانە دەکات کە لاسایی کەسانی دیکە دەکەنەوە و هەوڵ دەدەن هەمان دەستکەوت بەدەست بهێنن، بەڵام ڕێگەی هەڵەیان هەڵبژاردووە.



## دیمەنە سەیرەکان

**جوانترین ئاسکەکانی دونیا**

یەکێک لە جوانترین ئاژەڵەکانی ئەفریقا ئاسکی (الکودو)وە کە لەسەرە، بەهۆی ڕاوکردنیان بەشێوەیەکی نایاسایی.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەوڵ بدە زۆر دادپەروەرانە لەگەڵ کێشەکاندا ڕەفتار بکە کاتێك ڕووبەڕووی هەندێك بەربەست دەبیتەوە لە کارەکەت، مانەوە و گرنگیدان بە خۆشەویستەکەت دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەیی بکەیت، بایەخدان بە تەندروستیت گرنگە لە ڕووی دەروونییەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

سەرکەوتنی پیشەیی هەنگاوی یەکەمە لەپێناو سەرکەوتن و داهاتووی ژیانی خۆت، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت باشتر دەبێت، مامەڵەت بە شێوەیەکی نەرم و کراوە لەگەڵ ئەوانی دیکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریی ئەرێنیی دەبێت، تەندروستیت باشە و پێویستە گرنگی بە خواردنی تەندروست و یەکسان بدەیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە ئێستادا کەشێکی باش بۆ دروست بووە لەگەڵ هاوپیشەکانتدا و هەوڵ بدە پەیوەندییەکی باشتر دروست بکە، مامەڵە و ڕەفتارکردن بە شێوەیەکی باش لەگەڵ کەسانی چواردەورت بە نەرمونیانی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریی ئەرێنی دەبێت لەسەر ژیانت، هەوڵ بدە ئارامیی خۆت بپارێزە، چونکە هیچ شتێك بە تووڕەی چارەسەری نابێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەست بە جیاوازییەکی زۆر دەکەیت لە کارەکەتدا، ئەمەش هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی بەربەستەکان تێپەڕێنیت و هەنگاوی نوێ بنێیت، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت باش دەبێت، بەهۆی لێکتێگەیشتن و متمانەی نێوانتان، ئاگاداربە پەستانی زۆر لەسەر دەروونت بەهۆی کارەکەتەوە کاریگەریی سلبی لەسەر تەندروستیت دەبێت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئاستی زانیاریت بەرز بووەتەوە و ئێستا باشتر لە جاران دەتوانیت بەهۆی تاقیکردنەوەکانی خۆتەوە کارەکانت تێپەڕێنیت، متمانەی زۆر بە خۆشەویستەکەت دەبێتە هۆکارێك بۆ باشبوونی پەیوەندیی سۆزداریتان، هەرگیز ڕێگەمەدە خەمێك وزە و تواناکانت لەدەست بدات، بەپێچەوانەوە هەمیشە هەوڵ بدە.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پێویست بە ڕاستکردنەوەی هەندێك کار هەیە لە ڕووی پیشەییەوە، بۆ ئەوەی گومانی ناو دڵ بڕەوێتەوە، پەیوەندی سۆزداری نوێ دێتەژیانتەوە و سەرکەتوو دەبیت، ئەگەر کەسێك لە ژیانت بوونی نەبێت، ژیان قورسە و پەستانی لەسەر دەروونت دروست کردووە، بەڵام تۆ لەوە بەهێزتری.



## پەند و وتە

مارگریت هاگینز سانگەر کە بە (مارگریت سلی) ناسراوە، نووسەری بواری فیمینیم و چالاکی ئافرەتانە، لە ساڵی ١٨٧٩ لە نیۆیۆرك لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٦٦ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی سەربەخۆیی ئافرەت دەڵێ: «هیچ ئافرەتێك سەربەخۆ نابێت لە ژیانیدا، تا ئەوکاتەی ئازادانە کۆنترۆڵی جەستەی خۆی دەکات، بەبێ دەستکاریی کەسانی دیکە».




## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەند کووپێك هەن، لەگەڵ سەرچاوەیەکی ئاو کە دەڕژێتە ناو کووپەکان، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بزانیت کام کووپ زووتر پڕ ئاو دەبێت.

بۆ زانیاریت

# ٣٠ ملیمەتر باران لە ناوچەیەکدا مانای چییە ؟




بارانپێو پێوەرێکی پلەبەندیی هەیە بە ملیمەتر، هەر ملیمەترێك لە پێوەرێکی بارانبارینـدا یەکسانە بە دابەزینی یەك لیتر بۆ هەر مەترێکی چوارگۆشە، ١ ملم = ١ ل/م٢ = ١٠ م٣/١هێکتار = ١٠ تۆن/ هێکتار کەواتە ٣٠ ملیمەتر واتە ٣٠ لیتر بۆ هەر مەتر چوارگۆشەیەك، ئەگەر ئەمە شارێك بێت لەسەر ڕووبەری ١٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە، ٣٠٠ هەزار مەتر سێجا باران بەسەریدا دەبارێت.

فیلم

## Furiosa - فیوریسا




فیلمێکی ئەکشن و سەرکێشییە، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و (٢٨) خولەکە، ئەمە بە بەشی دووەمی فیلمی Mad Max: Fury Roadیە، یەکێك بوو لە فیلمە بەناوبانگەکانی ساڵانی ٢٠١٠ کە بە شێوەیەکی بەرفراوان خۆشەویست بوو، چیرۆکی فیلمەکە باسی نەبوونی سووتەمەنی بوو لە جیهاندا، فیلمەکە یەکێکە لە شاکارە جوانەکانی دەرهێنەر جۆرج میلەر، بە نواندنی پێکهاتەی جووڵەیی یەك ڕێڕەوی درێژی ڕاوکردن و لە ڕۆڵبینینی چارلیز تێرۆن، وەك فوریۆسای ئایکۆنی لە بەشی یەکەمیدا جۆرج میلەر بیرۆکەی مادماکسی لە ساڵی ٢٠٢٤ بۆ گەڕاوەتەوە، ئەم جارەیان بەناوی چیرۆکی فوریۆسا، لەگەڵ ئانیا تایلۆر کچە ئەکتەر کە لەم بەشەدا هەنگاوی ناوە بۆ ڕۆڵەکە، بۆ داستانێکی دیکەی چڕی پەمپکردنی دڵ و دەنگدانەوەیەکی سۆزداریی چاوەڕواننەکراو لە فیلمەکەدا بەدی دەکرێت، لە نواندنی: کریس هیمسۆرت، کاودین بایلیس، ئانیا تایلۆە، تۆم بۆرك، نیکلۆلاس هاولت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

یارمەتی پێشکەشی هاوپیشەکانت بکە بۆ ئەوەی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی کارەکەتان بووەتەوە چارەسەری بکەن، باشترە پلانێك دابنێیت بۆ داهاتوو، لە ڕووی سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە ڕابردوو لەبیربکە و واز لە گفتوگۆی توند بهێنە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەمڕۆ توانا و هێزی تۆ دەردەکەوێت بەرامبەر بە کارەکەت و سەرکەتوو دەبیت، باشترە بە شێوەیەکی ئیجابی بیر بکەیتەوە بۆ چارەسەری کێشەکانت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، کەمێك پشوو بدە بۆ ئەوەی تەندروستیت تێك نەچێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەمڕۆ چارەسەری زۆرێك لە کێشەکان دەکەیت، کە ماوەیەکی زۆرە ڕووبەڕووی پیشەکەت بووەتەوە، ئاگاداربە ڕەنگە کەسانێك هەوڵی تێکدانی پەیوەندیی سۆزداریت بدەن، بڕوا بە هەموو شتێك مەکە و خۆت بەدوور بگرە لە هەر شتێك کە تووشی دڵەڕاوکێت دەکات، تەندروستیت فەرامۆش مەکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


دروستکردن پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هاوپیشەکانت کاریگەریی ئیجابی دەبێت و دەرگای نوێت بۆ دەکرێتەوە، لە ئێستادا پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت زۆر باشە و هەست بە ئاسوودەی و ئارامی دەکەیت، سیستمی خۆراکیت دەبێت یەکسان بێت لەپێناو پاراستنی تەندروستیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ئەمڕۆ ئەرك و بەرپرسیاریەتی نوێ دەکەوێتە سەرشانت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هەنگاوی نوێ بنێیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە خۆت بە خەیاڵ و وەهمەوە سەرقاڵ مەکە، هەوڵ بدە ڕاستیەکان ببینە، ڕاهێنانی وەرزشی باشترین یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی پەستانی کارەکەت کەم ببێتەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢


لە ماوەیەکی نزیکدا لە کارەکەت گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوو دەدات لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە، لە ڕووی سۆزدارییەوە ڕەنگە کەسێکی نوێ بناسیت و لەگەڵیدا پەیوەندی دروست بکەیت، بەڵام گوێ بۆ میوزیکی هێمن بگرە و خۆت لە تووڕەی ڕزگار بکە لە پێناو پاراستنی کەسایەتیت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆرمی (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆرمی (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆرمی (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ریێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی ـ٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Weekly Gulan June 10, 2024 Issue,No.1417

